# رۆمان
# مردن بەپێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك

نەجات نوری

2009

- ناوی کتێب:
مردن بەپێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك
- بابەت: رۆمان
- نووسینی: نەجات نوری
- مۆنتاژ:
- تیراژ: (500) دانە
- سەرپەرشتی چاپ:
- ژمارەی سپاردن: ( 1212) ی ساڵی 209ی وەزارەتی رۆشنبیریی دراوەتێ.

.. قسەی خۆت کوا؟ ئەو زانستو قسەو حەدیسانەی تۆ قسەی خەڵکن،من گوێیەکانم توند دەگرم، نامەوێ ببیستم، هی تۆ کوا؟
شەمسی تەورێزی

زمانت لە مەدحو ستایش بپارێزە ..وەك لەزەم دەیپارێزیت .. معروف كرخی

ئادەم، خودای خۆی بەپارووی‌ەك فرۆشت...
بەهەشتی تۆ بووکەشووشەی منداڵانە
بایەزیدی بستامی

بەشێك لە كتێبێكی
رەسوڵی بچوك

- دەتوانم تا زەمەنێكی تر مەرگی خۆم دوابخەم..
- دەتوانم بژییم تا مەرگی دوا زیندەوەری سەر زەوی ببینم...
- دەتوانم گاڵتە بە مردن بكەمو نەوێرێت بێت بە لای رۆحمدا...
(رەسوڵی بچوك) بەم جۆرە بۆ یەكێك لە خوێنەری رۆمانەكانی دوابوو... لە بردنە سەری خەونەكەی خۆی تا ئەم كاتانە پەشیمان نەببووەوەو كەسیش نەی دەتوانی لەم خواستەی خۆی بەو تەمەنە پیرەیەوە جارێكی تر

رێگای پەشیمانبوونەوە بخاتە بەردەمی، تاواز لەو کارەبهێنێت کە لە بیریدابوو.
رەنگە (رەسوڵی بچوك) جارێکی تر سەردەمی موعجیزات بگەڕێنیتەوە ناوشارەکانی ئەم سەردەمەو هەموو ئەو خورافیاتو نووسراوانەی تریش کە دەربارەی خورافیات نووسراونو بۆ دەیان ساڵ دەچێت خەڵکی لێی دەدوێنو لێرە بوونیان هەیە بخاتەوە ژێر پرسیارو جارێکی تر زیندوویان بکاتەوە، رەنگە جەنگێکی خوێناوی بە پرسیارەکانی خۆی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکیدا بەرپابکات، چونکە ئەو جارێك لە بەردەم دەیان موریدو سۆفییدا لە گۆڕەپانێکی گەورەدا لە دوای نوێژی هەینیوتبوی: (ئێوە بەشوێن چیدا دەگەڕێن؟ نەزانیینە دەبێ پێتان بڵێم بەهەشتی خودا بووکەشووشەی منداڵانە، دەبێ ئێوە ئەوە بزانن ئەوەندەی من بەشوێن خراپەو کوفردا دەگەڕێم، ناتوانم بەشوێن شتی تردا بگەڕێم، من لەگەڕانەکانمدا بە شوێن گوناهدا بەختەوەردەبم. وتبوی من لە شارێکدام، پڕە لە کەسانی کوفرکەرو درۆزنو گوناهکار، من لە ناو ئەم خەڵکە سەیرانەدا دەژیم کە شاریان کردۆتە شوێنی بەرپاکردنی خوێنڕشتنو یەکتر کوشتن. ئەم شارە شارێکە پڕبووە لە کەسانی گوناهکار، کەسێك لەناو ئەمانەدا بژی دەبێت هەر گوناهکار بێت)

خەڵکی دەیانوت رەسوڵی بچوك بەشوێن نان‌وئاوو ژیانێکی خۆشگوزەراندا نەدەگەڕا، دەیانوت ئەو بە کوفرەکانی خۆی، بە گوناهەکانی خۆی دەژی، ئاوایان پێ دەوتم. ئەم دێڕانەی لەناو کتێبەکەی خۆیدا بۆ رزگارکردنی رۆحی خۆی نووسیبووە، بەدەستووخەتی خۆی لەسەر پەڕەیەك بۆ پیاوێکی مەزنی ئیمانداری نووسی بوو: (لە کوێ کۆڕی کوفرو خراپە هەبوو من روودەکەمە ئەوێ، ئەو شوێنانە شوێنی منن، ئەو شوێنانە باشترین شوێنی ئەمڕۆی ئەم شارانەن. من دەزانم لەوێ شتێکم لە راستی دەست دەکەوێت نەك لە کۆڕی پیاوە بێگوناهەکانی لای تۆدا، دەبێ بزانیت ئەگەر جەستە گوناهی تێدا نەبوو، بۆ گەنین باشە نەك بۆ ژیان) هەمووشەکانی ناو ئەم کتێبە، بەووێنە رەش‌و سپیانەیشەوە کە بۆ منداڵی‌و بۆ عەشق‌و بۆ زیندووبوونی دایکی کێشابوونی هەر هی قەڵەمەکەی خۆی بوون، بەرهەمی بەر لە مردن‌و سەفەری هەتا هەتای خۆی بوون، رەسوڵی بچوك، ئەو پیاوەی کە هاوڕێکانی بە زۆر نووسینەکانیان دەبرد بۆ خوێندنەوە ، ئەو کەسانەی کتێبەکانیان دەبردە دەرەوەی ماڵەکەی، لە نێوانی خۆیاندا بە ترسەوە دەیانخوێندنەوەو زۆریشیان بە خوێندنەوەی ئەو نووسراوە چاپنەکراوانە توشی شێتی‌و بێئاگایی دەبوون، ئەوانە کەسانێك بوون ئیتر لەدوای خوێندنەوەی

نووسینەکانی رەسوڵی بچوك بڕیاری خوێندنەوەی هیچ نووسراوو رۆمانێکی تریان نەدەدا لە ترساندا.
تەنیا دووکەس نەبێت کە تاکو ئێستا بە شوێن رەسوڵی بچوکدا دەگەڕێن تا رۆمانێکی نوێی لێوەربگرن‌و بیخوێننەوە. ئەو دوانە دەیانوت رەسوڵی بچوك ئیماندارێکی ڕێ‌ونکەرە، یان دەیانوت رۆماننووسێکی گەورەیە، دەیانوت رەسوڵی بچوك ئاواوەکو رۆماننووسێکی پیر دەیویست جارێ نەمرێ، تا مەرگی هەموو زیندەوەرانی سەر زەمین دەبینێت. ئەو دووکەسە کە یەکێکیان ناوی خۆی نابوو (مەولودی شاری) هەموو نووسینەکانی رەسوڵی بچوکی دەنووسییەوەو لای خۆی دەیهێلایەوە، زۆرکات لە شوێنی نهێنیدا دەیشاردنەوە، ئەو دەستووخەتانە لەبەرهەتاو لەبەر باران و لەهەموو وەرزەکاندا وەکوخۆیان دەمانەوە، مەولودی شاری بەدەستووخەتی خۆی لە پێشەکیی رۆمانێکی رەسوڵی بچوکدا کە ناوی نابوو رۆمانی (پیربوون) ئەو رۆمانەی کەس نەیبینی بوو، تەنیا مەولود خۆی نەبێت، ئەو لە پێشەکیی ئەو رۆمانەدا نووسیبووی: رەسوڵی بچوك لەم رۆمانەیدا کە بۆ خۆی وەکو ژیاننامە، یان‌وەکو رۆمانێکی نوێ، یان‌وەکو نووسراوێکی ئاسایی دەستیکردبوو بە نووسینەوەی لاپەڕەکانی یەکەم تا بیستەم لاپەڕەی، لە دوای دوو رۆژ نووسینەوە، پاڵەوانی ناو رۆمانەکەی لابردوو ناوی خۆی خستە شوێنی ئەو پاڵەوانە لاوازو

ڕەنگزەردەی کە هیچی پێ نەدەکرا بۆ جەنگی نێوان ژیانو مردن، بۆ رۆژی نۆیەم جارێکی تر لەمەش پەشیمان بووەوەو ناوی خۆی لابردو کەسی یەکەمی لابراوی خستەوە شوێنی خۆی لەناو رۆمانەکەیدا.

ئەو دووکەسەی بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی هەموو نووسراوەکانی رەسوڵی بچوك، دەیانوت: لەم رۆمانەیدا کاری لەسەر چوار پاڵەوان کردووە، دەیانوت ئەو چوار کەسەی رۆژانێك وەکو شێت هەریەکەیان لەم شارەدا دەبیندرانو دەگریانو نانی دەستی کەسیان نەدەخوارد، ماڵی میریان بە گۆڕستان دەزانیو نەفرەتیان لە رەفتارەکانی رۆژانەی دەکرد (فاتمەی خۆرو عابیدی پیرو جەمالەدینو مەولانا شەمسەددین) ئەوانە ئەوکەسانە بوون کە رەسوڵی بچوك خستبوونییە ناومەرگەساتێکی کوشندەوە، وەکو میرێکی جەلاد کاری قورسو گرانی پێ دەسپاردن لە پێناو رزگاربوونی رۆحی خۆیدا، رەسوڵی بچوك بە درێژایی حەفتاو نۆ ساڵ گەرچی ژنو منداڵی نەبوو، یان دەیانوت لە کەلاوەو شوێنە چۆڵەکاندا زۆربەی ژیانی دەبردە سەر، دوور لە خزمو کەسەکانی دەژیا، دەیانوت ئەوکاتانەی دەگەڕایەوە ناو ماڵەکەی بە درێژایی ئەو ساڵە ناخۆشانە کەچی هەمیشە ناو ماڵەکەی پڕدەبوو لە ئینسانی سەیر سەیر، ئەو ئینسانانە ئەوانەبوون کە هەر جارێك ئەو رۆمانێکی بنووسیبایە پاڵەوانەکانی دەبوونە راستەقینەو لە حەرفەکانی ئەوەوە

دروست دەبوونو تا کاتێکی زۆر لەگەڵیدا لەو ماڵە کۆنو رووخاوەدا دەمانەوە، ئەوانە میوانی رۆژە خۆشو ناخۆشەکانی ئەو بوون، سەیر زۆرکات جەلادێکی پیروو پیاوێکی ئیماندار، یان مرۆڤەکانو شەیتانی بە یەکەوە لە ماڵێکدا کۆدەکردەوە. ئەو کەسانە ئەوانەبوون کە بۆ خۆی بە خەیاڵ دەیکردنە پاڵەوانی رۆمانەکانی، کەچی ئەوانە لە دێرەکانەوە، لە حەرفە بچوکەکانەوە، وەکو ئەووەسفەی لە رۆمانەکانیدا دەیکردن، ئەوان دەبوونە کەسانی راستەقینەو دەهاتنە ناو ماڵەکەیەوە، دەبوایە لەو ماڵەدا جەلادێك گوێی لەوتەکانی ئیماندارێك یان کوژراوەکەی ژێردەستی بگرتایە، یان شەیتانێك گوێی لە قوربانییەکانی دەستی خۆی بگرتایە، ئەوە یاساکانی ناو ماڵەکەی رەسوڵی بچوك بوو، ئەو ئینسانانەی کە لە کۆتایی تەوابوونی هەر رۆمانێکیدا لە بەرەبەیانیدا یان لە کاتێکی درەنگتردا بەو جلوبەرگانەی کە بۆ خۆی لە ناو رۆمانەکانیدا بۆی هەڵبژاردبوون، دەردەکەوتنو دەهاتنە ناو ماڵەکەیەوە.

بەڵام بۆ ئێستای رەسوڵی بچوك ئەم چوار پاڵەوانە لەوانی تر ناچن، مەرگی رەسوڵی بچوك بەدەست ئەمانە نەك (ئیزرائیل)ی فریشتەی مەرگ، کە کەس نازانێت لە کوێوەدێت بۆ رۆحکێشانی ئینسانەکانی سەر زەوی، ئەمە ئەو سەردەمەیە کە رەسوڵی بچوك جارێکی تر دونیای

ئەم شارەو شارەکانی تریشی خستە سەرگومانو بیرچوونەوەی مەرگی خۆیان.

***

(فاتمەی خۆر) بەر لەوەی بە جلوبەرگە تۆزاویو ناشیرینەکانیەوە کە رۆژگاری ناخۆش یان هەڵەکانی رەسوڵ خۆی نەیهێشت بگاتە بەردەمی رەسوڵی بچوك، بەم جۆرە ئاوا دوابوو لەم چەند دێڕەدا: بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێم منو مێردەکەم لەم شارەدا بوونمانوەکو هەموو کەسەکانی تر هەبووە، گێرۆدەی ناکۆکییەکانی ناوخێزانە گەورەو ترسناکەکەی خۆمان بووین، ئێمەشوەکو هەمووکەسێك لەدایكو باوكێك لەدایك بووین، من دووجار ژیاومو گەڕاومەتەوە سەر زەویی خوێناوی، من جارێك لە شەهوەتی دایكو باوكێك دروستبوومو جارێکیش لە حەرفی نووسینەکانی رەسوڵی بچوك. ماڵی ئێمە لە باپیرە گەورەمەوە تووشی کێشەو ناکۆکیو سەرگەردانی هاتبوون، هەمیشە بۆ گوناهەکانی خۆیان دەگریان، ئەمە ئەو دێڕانەیە کە باپیرە گەورەم بۆخۆی نووسیبوونیو رەسوڵی بچوك لەویوەرگرتوونو هەمووشەکانی ناوخێزانە گەورەکەی ئێمەی بە منیشەوە خستۆتە ناو ئەم رۆمانەیەوەو جارێکی تر منی گەیاندۆتەوە سەر زەوییەکانی خوێنو مەرگو ناخۆشی. باپیرە گەورەم دەیوت دەمەو نیوەڕۆی رۆژی 1784/5/20 کەسانێك

بەدەم گریانەوە بۆ ناونیشانو پاشماوەی شارێك دەگەڕان کە لێیان‌ونببوو، ئەو کەسانەوەکو لە سەرمادا بلەرزن ئاوا دەگەڕانو دەیانوت لە هەقیقەتدا شارەکان ئەوکاتانە وندەبن کە کەسە زاناو ئیماندارەکان بە غەموگریانەوە لە تاو ئازارو زۆرداری کەسانی تر شار جێدەهێڵنو هەڵدێن، ئیتر شار بە سەفەری ئەوانە بۆ هەتا هەتایە وندەبێ، کەسانێك هەن هیچ لەم راستییە ناگەن، کە گەورە پیاوێك سەفەردەکات لە تاو غەدرو غەم، ئیتر رووی راستیی شاریش لەگەڵیدا سەفەر دەکات، ئەوەیە ون بوونی شارەکان لای ئێمەو، ونبوونیان لە بەرچاوی کەسە ئیماندارەکاندا، ئەوانەی رۆحیان نییە نازانن ونبوونی رووە جوانەکانی شار چۆن چۆنی‌وندەبن. بۆونبوونی ئەو شارە، ئەو کەسە لەرز لێهاتووانە، ئەو کەسە خوێنخۆرو شەرمنانە دەیانوویست لە شوێنی ئەو شارە ونبووە شارێکی تر دروستبکەنەوە، ئەمڕۆش بۆ من ئاواهایە، ئەمڕۆ ئیتر من بۆ شارێك دەگەڕێم کە مامۆستاکەم بەرەبەیانی ئەمڕۆ رووی راستیی شاری لەگەڵ خۆیدا بردو ئێمەی بەجێهێشت، ئەو بۆ هەمیشە بە دونیایەك غەمو ئازارەوە سەفەری کرد، ئیتر ئەم شارەش بۆ هەمیشە ون دەبێت لای منو خێزانەکەمو ناتوانین بگەڕێینەوە ناوی، چەند کەسێك لە ناو ژووری مامۆستاکەمدا لە ماڵە تۆزگرتووەکەیدا ئەو نامانەیان دۆزیبووەوە کە بۆ ئێمەی بەجێهێشت بوو، ئەو نامانەی

پڕبوون لە حەرفی ئازاروگریاناوی، هەر نامەیەك تەنیا چوار دێڕی لێ نووسی بوو (بەهەق شادیە کە ئەمڕۆ لەدەست نەزانان دەڕۆم) ئەوە سەرەتای ئەو چوار دێڕەبوو کە لەو نامەیەدا بۆ خەڵکی شاری بەجێهێشتبوو. باپیرەی من ئاوا ئیتر وەکو شێت لە دوای ڕۆیشتنی مامۆستاکەی بە شوێن شارە ونبووەکەیدا دەگەڕا، لەویشەوە ئەو خووەی بۆ بنەماڵەکەمان بەجێهێشت، ناوی ئێمە لەو ڕۆژەوە ونبوو کەس ئێمەی نەدەناسی، خێزانی باپیرەمو خانوو باغەکانی کەس نەیدەزانی چۆن چۆنی پووکانەوەو دارمان، بۆچی ئێمە بەم دەردەچووینو شارەکەمان بۆ هەتا هەتایە لێ ونبوو؟ یانوێران بوو؟ تا ڕەسوڵی بچوك هاتو ئێمەی لە ڕۆمانەکانیدا بە خەڵکی ناساندەوە، ئەو خەڵکەی کە بە زیندوویێتی بۆ ئێمە نەدەگریان، بۆ ئازارو غەمگینییەکانمان هیچیان نەدەوت، کەچی ئەو گەمژانە بەخوێندنەوەی ژیانو بەسەرهاتی ئێمە لەو ڕۆمانانەدا بۆمان دەگریانو داوای لێبووردنیان لە تاوانەکانیان دەکرد لە بەرامبەر خێزانی ئێمەدا، ئێوە دەبێ ئیتر لەم ڕۆمانەی ڕەسوڵی بچوکدا بە شوێن ژیانو بوونی مندا بگەڕێن، تا مەرگـو ژیانی ئەو کەسانەیشی کە لەگەڵمدا ناویان دێت، ئێمە ئێستا جیا لە کاتەکانی تر دەردەکەوینەوەو سەفەری شارە ون بووەکان دەکەین، ئەمە ئەو کاتانەیە کە دەبێ ئێمە لەخۆمان بپرسین؟ ئێمە

بەشوێن رۆحی رەسوڵی بچوکدا دەگەڕێین یان بەشوێن ئارەزووەونبووەکانی خۆماندا؟
رەسوڵی بچوك لەکتێبێکدا ئاوا نووسیبووی: دەبێ تەمەنی من جیاوازبێت لە کەسانی تر، من دەبێ وەکو کەسانی تر نەمرمودەبێ بۆ چەند رۆژێکیش بووبێ شتێك بکەم، ئەو شتەی کە باپیرەم لە منداڵیدا جارێك لەبن دار بەڕوویەکی پەلوپۆ شکاودا لەناو چەمی گوندەکەماندا پێی وتم: تۆ دەزانی ئینسان دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێ کاتی مردنی خۆی دوابخات؟ ئەو پێی نەوتم چۆن چۆنی ئەوکارە دەکرێت، چۆن چۆنی لە کاتی سەرەی مردندا دەکرێ مردن بۆ ماوەیەك لە خۆت دووربخەیتەوە؟ من تا گەورەبوونیشم هەر بەشوێن ئەو وەڵامەدا دەگەڕام کە چۆن چۆنی مردن دوا دەخرێت؟ ئێستا دەزانم من دەمرم، بەزوویی بیر لەو خەونە دەکەمەوە کە باپیرەم لە دوای مردنی هاتە خەونمو پێی وتم: رەسوڵی بچوك کەی زانیت سەرەی مردنت هاتووە، ئەوا داوای شتێك لە فریشتەی مەرگ بکە. ئێستا ئەو رۆژە هاتووە کە من دەبێ ئەو پرسیارە لە فریشتەی مەرگ بکەم، دەبێ سەردەمی موعجیزات سەرهەڵبداتەوە، دەبێ من تا دواڕۆژەکانی سەر زەوی نەمرم، ئەمە گەیشتنە بە جەنگێکی کوشندە بۆ من، من دەبێ بمێنم تا دوا رۆژەکانی ژیانی سەر زەوی، پێویستیم بەو رۆژە هەیە، گران نییە بۆ کەسێ کە بیەوێت تا دواڕۆژەکانی ژیان لێرە بمێنێتەوە، من

دەمزانی کە دەتوانم ئەو داوایە لە (ئیزرائیل) بکەم تا رۆحی من لە دواڕۆژەکانی سەر زەوی دا بکێشێت، بەڵام نەمدەزانی چۆن چۆنی بەو خواستەی خۆم دەگەم، من لە نووسینی یەکەم رۆمانمەوە (مار) زانیم جۆرێك لە بەرەنگاریو قسەکردنم هەیە لەگەڵ پاڵەوانی ناو رۆمانەکانمدا، ئاخر زۆرکات دەگریامو پرسەم بۆ مەرگی ئەو کەسانە دادەنا کە لەناو دێڕەکاندا دەمکوشتنو هەر لەوێشدا لە گۆڕم دەنان، شەوێك کە بیرم لە خواردنی گۆشتی ئەو قازو قولْنگانە دەکردەوە کە بە بەرزایی ئاسماندا دوور دوور دەفڕینودەنگیان دەهات، بیرم لەوە دەکردەوە بە زەڵاتەو رۆنی زەیتوونەوە گۆشتەکەیان بخۆم و بە مەرگ پێبکەنم، ئەوە شەوێك بوو کە من یەکەم رۆمانم تەواوکردبوو، برسیم بوو، لەوە خۆشترنییە لەکاتی برسێتیدا دابنیشیت بیر لە خواردنی گرانبەهاو خۆشو بەتام بکەیتەوە، ئەو شەوە من بیرم لەوە دەکردەوە کە گۆشتی مراوی بخۆمو چەند کەوچکێك سرکەی سێویشی بکەم بەسەرداو بەدیاریەوە بیر لە مردنی خۆم بکەمەوە، چونکە لە دوای تەواوکردنی یەکەم رۆمانم سەیر هەستم بە هیچیو پووچیی دونیاکرد، هەر لەو کاتانەدا بوو هەستم کرد دەبێ بژیم تا هەموو هیچو پووچییەکانی ژیان ببینم، هێشتاکە گەدەم لە برساندا ئازاری هەبوو لە دەرگای جامخانەی هەیوانە گەورەکەم درا (شەیتان) ئەو کەسەی کە من لەناو رۆمانی (مار)دا

به جلوبەرگێکی جوان‌و پاکو تەمیزەوە، بەجوتێك پێڵاوی چەرمی بۆرەوە، کردبوومە پاڵەوانێکی شپرزەووێنەیم لەو رۆمانەدا دروستکردبوو، ئەو کە هاتبووە ناو ماڵەکەمەوە بە دوای ئەویشدا کەسەکانی تری ناو رۆمانەکەم هاتن، وامدەزانی خەون دەبینم، کەچی تا نۆ رۆژ ئەوانە لەلام مانەوە (شەیتان) لەگەڵمدا کەوتە گفتوگۆو پێی دەوتم: (تۆ رۆحی یەکێکی نورانیت هەڵگرتووە بۆیە ئەو کەسانەی تۆ بەحەرف ناویان دێنیت، دەبنە کەسانی راستەقینەو دێنەوە لات، تۆ کەسێکیت دەتوانی مەرگ‌وەکو خۆی بگێڕیتەوە، ئەو شتانەی دەینووسیت هەموویان حەرفی پیرۆزو جوانن، نووسراوەکانی تۆ بەشێکن لە گێڕانەوە پیرۆزەکان، مەرگ شتێکە هەمووکەس ناتوانێت وەکو خۆی بیگێڕێتەوە، بەڵام تۆ دەتوانی لە جێگەی خۆی بۆ زەمەنێك رایبگریت). لەو شەوەوە زانیم کە دەتوانم شتێك بکەم بۆ مەرگی خۆم، ئێستا من کە تەمەنم حەفتاو نۆ ساڵە دەبێ ئیتر بمرم، ئەوکاتانە بیری ئەوەم کەوتەوە کە دەبێ لە فریشتەی مەرگ بپرسم: ئایا دەتوانم تادوا رۆژەکانی سەر زەوی بژیم؟ دەبێ ئیتر ئینسانەکان فێری ئەوەبکەم کە لە کاتی نزیکبوونەوەی مردنیاندا فێرببن لە فریشتەی مەرگ بپرسن کە بۆچی ئێمە کە هێشتا بە هەموو خەون‌و خۆشییەکانی خۆمان نەگەیشتووین، دەبێ بمرین؟ من ئەم شتانە فێری ئینسانەکانی ئێرە دەکەم، خۆم دەبمە یەکەم

کەس کە دەوێرم رووبەڕوو بە فریشتەی مەرگ بڵێم: کەمێك بووەستەو گوێم لێبگرە ئەی پیاوی خودا. ئەو رۆژەی مردنم نزیك بووەوە بەدەرکەوتنی فریشتەی مەرگ، هەوایەکی سارد سارد هەڵیکرد، زانیم کاتی مردنمە، هەموو باڵندەکان لە خوێندن کەوتن، هەموو رۆژانی منداڵیی خۆمم دەهاتەوە بەرچاو، ریزێك لە خزمو کەسوکاری خۆمم دەبینی کە دەیان ساڵ بوو مردبوون، ئێستا دەمبینین دوور دوور لە من راوەستاون‌و چاوەڕوانی مەرگی من دەکەن، لەناویاندا هەموو پاڵەوانی ناو رۆمانەکانی خۆمم دەبینی، ئەوانەی رۆژگارێك بوونە هۆی ئازاردانم، ئەوانیش وەکو ترسنۆك راوەستابوون، ئەوانیش غەمگین چاوەڕوانی مەرگی منیان دەکرد، سەیر سەدان کەسم دەبینی بە ریزوەستابوون تا مەرگی من ببینن، لەناویاندا ئەو ژنە سۆزانییەی کە هەمیشە جلوبەرگ‌و خواردن‌و ماستی ترشی بۆ دەهێنام، ئەویشم دەبینی، ئەو ژنەی کە بۆ یەك جاریش نەمتوانی بیخەمە ناو حەرفی رۆمانەکانمەوە، ژنێك بوو کە من بە بینینی هەستم دەکرد پیردەبم، ئەو بە تەنیا لەگەڵ مندا دەیویست بنویَ، ئەو ژنە هەمیشە پیری دەکردم نەك گەنجم بکاتەوە، ئەو هەمیشە لەمن ئازاتربوو، شەوان دەیویست بۆ پێنج جار لەگەڵیدا رەحەتببم، من پێم دەوت: تۆ چۆن ژنێکیت کە ئاوا بەزەیت بە پیاواندا نایەتەوەو دەتەوێت بەم گوناهانەوە بە زوویی بیانکوژیت، زۆرکات بەیەکەوە

دەچوونە سەفەری ئەو شارانەی کە پڕبوو لە تیشکی هەتاوی بەهاران، بۆ یەك جاریش نەمتوانی لەگەڵ ئەو ژنەدا لە سەفەرو لەناو ماڵەکەیشمدا بنوومو گیانە گۆشتنو جوانەکەی بەڕووتی ببینم، ئەو ژنە لە ناو راوەستاوەکاندا دەبینمو غەمگین دیارە، ئەو بەر لە من بە نۆ ساڵ مردبوو، دەیبینم سەرەڕای غەمگینییەکەی زەردەخەنە دەیگرێتو هەست دەکەم دەیەوێت بگاتە لامو گلەیی رۆژانی زووم لێبکات، هەموو سروشتم بە رەشی دەبینی، درەختەکانم بە بێ گەڵاو لە ناو تۆزو خۆڵدا دەبینی، دونیایەك هەڵۆی سپی سپیم دەبینی، سەدان ئەسپم دەبینی کە بە دەشتێکی سوتاودا فڕکان فڕکانیانە، دەیانبینم حیلەیان دەگاتە ئەوپەڕی سەر زەوییە دوورەکان، پیاوێکی پیر بەدوایاندا سەری خۆی هەڵگرتووەو دەگری. کاتژمێر چواری عەسربوو کە فریشەی مەرگ گەیشتە لام، دەستی بۆ پشتی سەرم درێژکرد، بەر لەوەی دەستی بگاتە پشتی سەرم پێم وت: کەمێك بوەستەو گوێم لێبگرە ئەی خراپترین کەس لای ئێمە، ژیان ئەوە دێنێت بەرلەمەرگم کە بتوانم قسەیەکی لەبارەوەبکەم، مردن ئەوندە لای تۆ خۆشە وا ئاوا ئەم هەموو سەر زەویانەی بۆ دەگەڕێیت؟ ئەمە چ ئارەزوویەکی سەیرە کە بەردەوام بە شوێن رۆحی ئینسانەکانداوێڵیت؟ من یەکەم قسەم ئاوا لەگەڵ فریشتەی مەرگدا کرد، (ئیزرایل) ئەو رۆژە لە بەرگی پیاوێکی برسیو نەبوودا، لەبەرگی پیاوێکی

بەرگ دڕاو وسەرو قژ تێکچوودا هاتبوو بۆ بردنی ڕۆحی من، کە زانیی من یەکەم ئینسانم دەیدوێنمو پرسیاری لێدەکەم، فریشتەی مەرگ پێی وتم:

- دەتەوێت چی بڵێیت؟
- دەمەوێت دواکەسبم کە لەم سەر زەویەدا بمرم، تا مەرگی هەموو زیندەوەرەکانی سەرزەوی ببینم!
- ئێمە دەمانزانی تۆ دەتوانی لەگەڵ هەموو ئینسانەکاندا چ ئینسانی ناوحیکایەتو نووسراوەکان بێت یان ئینسانە ڕاستەقینەکان قسەبکەیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بەدوا خواستی خۆت بگەیت، من تەنیا دەتوانم ئەوەت لەگەڵدابکەم کە (ڕۆحت بە زیندوویی) دەبەمە شارێکی شاراوەوەو جەستەیشت لەمماڵەدا دەبێ، پەیوەندیت بە هەموو کەسێکەوە لەم شارەدا دەپچڕێتو کەس هەست بەم خواستەی تۆ ناکات لەلای ئێمە، تۆ لای ئێمە بەزیندوویی دەمێنیتەوە نەك لای خەڵکی شار، مۆڵەتت پێدەدەین بۆ ئەوەی بتوانیت ئەو ڕۆحە بەزیندوویی بگەڕێنیتەوە ناو جەستەی خۆت، ئەگەر ڕۆحی خۆت لەو شارە شاراوانەدا دۆزییەو توانیت بە جەستەی خۆت شادی بکەیتەوە ئەوا دەتوانی تا دواڕۆژەکانی ژیان لەم سەر زەویانەدا بژیت، ئەگەرنا دوای ئەو مۆڵەتە تۆ وەکو هەموو ئینسانەکانی تر دەمریتو گرەوەکە بە ئێمە دەدۆڕێنیت، لە ڕۆژێکەوە تا چل ڕۆژ مۆڵەتت هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕۆحی شاراوەت لای ئێمە..

من زۆر زوو بەومەرجەی (ئیزرایل) رازی بووم‌و ئیتر ئەویش وەکو هەڵمێکی سپی لەبەرچاومداونبوو، بە خۆم‌وت رەسوڵی بچوك ژیانیش ئەم جۆرە معجیزاتانەی جار جار تێدەکەوێت، تەنیا یەك شەوم بەسبوو بۆ بیرکردنەوە تابیر لەوەبکەمەوە بە چ رێگایەك دەتوانم رۆحی خۆم لەو شارە ونبووانەدا بگەڕێنمەوە بۆ ناو جەستەی پیربووم، رۆحم رۆیشت، نەیشم زانی ئەو مۆڵەتە بەشی ئەوەندە دەکات تا رۆحم بدۆزمەوە کە بە منیان داوە یان نا بۆ رزگارکردنی رۆحم‌و بردنەوەی گرەوەکە، ئەو گرەوەی کە من لەسەر رۆحی خۆم کردبووم. لە شەوی دووەمدا بەمجۆرە بڕیارم دا کە دەستبکەم بە تەواوکردنی رۆمانی (مردن بە پێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك) ئەو رۆمانەی کە بڕیارم دابوو تەواوی نەکەم‌و لە پاش مەرگی خۆم بە ناتەواوی بە جێی بهێڵم یان بیستووتێنم، بەڵام کاتێك بیرمکردەوە دەبێ هەر چوار پاڵەوانی ناو ئەو رۆمانە بۆ رزگارکردنی رۆحم بەکاربهێنم، ئەوە تاکە رێگابوو کە بیگرمە بەر بۆ رزگاربوونی خۆم لە مردن، لەو چوار کەسەم باشتر دەست نەدەکەوت، ئەوانە بۆجاری دووەم لە حەرفەکانی خۆم دروست ببوون‌و پەروەردەی ناو دێڕی ئەم کتێبە تەواونەکراوەم بوون، دەمزانی کە نیوەی ئەو رۆمانە ماوە تا تەواوی بکەم، ئەوە لای من قورس بوو کە نەمدەتوانی بە تەواونەکردنی ئەم کتێبە پاڵەوانەکان بهێنمە

لای خۆمو ڕێگای ڕزگاربوونی خۆمیان پێ بڵێم، تاکە حەرفێکی ئەم ڕۆمانە بە ناتەواوی بمایایەتەوە هەموو خواستی خۆم بە مەرگ دەدۆڕاند، تەواوکردنی ئەو کتێبەو قسەکردنم لەگەڵ ئەو چوارکەسەی کە تەوای ڕۆمانەکەیان دەگەیاند بە دوا بەشی، ئەوە تاکە ڕێگابوو بۆ زیندووبوونی خۆم تا دوا ڕۆژەکانی سەر زەوی، بەمجۆرە لە شەوی سێیەمەوە کە دەیکردە شەوێکی فێنكو دەیشیکردە ڕۆژی لەدایکبوونم، لەناو ماڵەکەمدا کەوتمە گەڕان بە شوێن ئەو ڕۆمانە ناتەواوەداو دواجار لە ناو سەدان کتێبو نووسراوی تردا دۆزیمەوە، ئەو ماڵەی لەم ساڵانەی دواییدا خەریکبوو دەبوو بە کەلاوە، بەمجۆرە من دوا ڕۆژەکانی خۆمم بەم کەسانە سپارد، زۆر بەخێرایی دەستم کرد بەنووسینەوەی بەشە تەواونەکراوەکانی ڕۆمانەکەم، دەبوایە بە تەواوبوونیشی بە هەر چوار کەسەکەم بوتایە کە من چیم لە ئێوە دەوێت.

لەگەڵ هەڵکردنی بایەکی فێنکدا کە دەیکردە رۆژی یەکشەممە، ئەم شوێنەی ئێمە بۆنی قۆخو گوڵە کێویلەکان داگیری کردبوو، رومان لە هەچ لایەك بکردایە بۆنی خۆش مەستی دەکردین، تا ئەوکاتانە من بەڵێنم نەدابوو هیچ بۆ مەرگی ئەو پیاوە بکەم کە ئێمەی بۆ دۆزینەوەی شارێکیونبوو خستبووە گەڕ، دەبوایە بەمجۆرە خۆم بناساندایە چونکە بەبێ خۆناساندن نەماندەتوانی بچینە هیچ شارێکەوە، من کە دواتر بە (عابیدی پیر) خەڵکی ناوم دێننو بە تەواوکەری نووسینەوەی چەند کتێبێك ناودەردەکەمو مامۆستاکەمان (مەولانا شەمسەددین)و (جەمالەدین)ی هاوڕێم کە ئەویش هەر قوتابی بوو لەلامان، قوتابییەکی چڵێسو نەوسن و سەرکز بوو، هەمیشە عاشقی بەرزاییەکان بوو، لەگەڵیشماندا (فاتمەی خۆر) کە من بە قەدەر هەموو دونیا لەم دوانە بەگومانبووم، پێم خۆشبوو هەردووکیان لەناو ریزی قوتابییەکاندا بەناشیرنترین شێوە دەربکەمە دەرەوە، چیبکەم نەم دەتوانیوەکو مامۆستاکەمان رەفتاربکەم؟ دوای چەند رۆژێك رۆیشتن بە حەزو ئارەزوویەکی سەیرەوە خۆمان بۆ گەیشتن بەم شارە ئامادە دەکرد، دەبێت ئەوە بە هەموو کە سێك بڵێم: بۆ ئەوەی بەهەڵەدا

نەچن خەونی خۆش بە هیچ شارێکەوە مەبینن تا دەگەیتە ناوی‌و خەڵکەکانی دەناسیت..
مامۆستاکەمان لەناو ئەو چل قوتابییەی کە لای ئەم وانەیان دەخوێند، شەوێك من‌و جەمالەدین‌و فاتمەی خۆری بانگکردە ژێر دارهەرمێکان‌و پێی وتین دوو رۆژی تر بەر لەوەی خۆربکەوێت دەکەوینە رێ بۆ شاری کتێبفرۆشان، دەچین تا نرخی کتێب‌و دەستنووسەکان بزانین، دەچین تا زۆر لەعاشقان‌و موریدانی هاورێمان بەسەربکەینەوە، دەچین ئێمەش بۆ چەند رۆژێك لەناو بۆنی کتێبی کۆن‌و دوکانەکانی ئەو شارەدا دەگەرێین. دەیوت من دەمەوێت بەشوێن کتێبێکی دزراودا بگەرێم کە ساڵانێك بەر لە ئێستا فەرمانبەرێکمان لەناو هەموو کتێبەکانی ناو کتێبخانەکەمدا ئەو کتێبەی دزی‌و هەڵهات. دەیوت لەناو هەموو دوکانی کتێبفرۆشەکاندا من ئەو کتێبە دەناسمەوە، ئەگەر هەزاران جار بەرگەکەیان گۆڕیبێت هەر دەیناسمەوە، دەیان جار ناوەکەیان گۆڕیبێت دەیناسمەوە، ناوی ئەو کتێبە (الجواهر الخمسە)یە، رەنگە خودا تا دۆزینەوەی ئەو کتێبە من لەم سەر زەوییەدا بهێڵێتەوە..
ئەو شەوە من‌و جەمالەدین‌و فاتمەی خۆر لە خۆشیدا خەریك بوو بگرین، من‌و جەمالەدین تا بەیانی نەنووستین‌و لەخۆشیی بینینی ئەو شارە لەکتێب‌و زانست‌و عیرفان دواین. مامۆستاکەمان پێی وتین

سەفەرێك دەكەین تا لە خەڵكی ئەو شارەوە شتێك فێرببین‌و ئەوانیش لە ئێمەوە یەك دووەشە فێرببن، نان لەگەڵ خۆتاندا بهێنن، ئەوەندە شت مەهێنن كە لەڕێگا ماندووتان بكات. هێشتا ژووری مامۆستاكەمان جێ نەهێشت بوو جەمالەدین دەستی منی گرت‌و پێی وتم: لەم چوارەمان دووانمان لەو شارەدا ناگەڕێینەوە، من نازانم بۆچی ئەم قسەیەی كرد، ئەوەم بە یەكەم فێڵی ئەم قوتابییە زانی، چونكە لە ناكۆكی‌و دوودڵی‌و نانەوەی ئاژاوە لە نێوان قوتابییەكاندا كەس وەكو ئەم زیرەك نەبوو. من ناوی ئەو شارەم لە منداڵییەوە بیستبوو، باوكم كە بۆ چەندین جار هاتبووە ناو بازاڕەكانی ئەو شارەوە، شەوان بۆ میوانەكان باسی لە قەرەباڵخی‌و خانووە خۆشەكانی ئەوشارەی دەكرد. دەڵێن باوكم بۆ ماوەی ساڵێك لەم شارەدا ماوەتەوە، تا كچێكی كتێبفرۆش مارەبكات. دەڵێن ئەو كچە لەماوەی ئەو ساڵەدا هەوڵی زۆری داوە تا باوكم بەمانەوەی لەم شارەدا رازیبكات. ئەو كچە نەیدەویست شاری كتێب فرۆشان بەجێبهێڵێت. دەڵێن كچانی ئەو شارە بەومەرجە شویان دەكرد كە لە شارەكەی خۆیان دوورنەكەونە. دەڵێن ئیتر هەردووكیان شەوێك ماڵاوایی لە یەكتر دەكەن‌و ئەو كچەش كتێبێكی شیعرەكانی باباتاهیر دەدات بەباوكم. من ئەو كتێبەم دەبینی تاكو زەمەنێكی زۆر لەناو پەڕۆیەكی سەوزی ئەستوردا لە ژووری نووستنەكەی باوكمدا هەڵگیرابوو. حەزم دەكرد

هەر ئەوشەوە بەڕێبکەوین، ئەو ڕۆژەی بۆ گەیشتن بەم شارە لەگەڵ مامۆستاکەماندا بەڕێکەوتین ئەو ڕێگایانەمان هەڵدەبژارد کە نزیك تری دەکردینەوە بۆ گەیشتن بەم شارە. مامۆستاکەمان (مەولانا شەمسەددین) لە ڕێگا پێی وتین (کەسی ئازا ئەو کەسانەن کە سەدان میل بە تاریکی دەبڕن بۆ گەیشتن بە رووناکیی مۆمێك) من لەم سەفەرەماندا هیچم بە مامۆستاکەمان نەبینی، نە نانی پێبوو، نە پارچە قوماشێك بۆ نوێژکردن. ئەو هەڵگری نهێنییەك بوو بەکەسمانی نەوتبوو.. من دواجار ئەو شتانەم زانی کە ئەو بۆچی شاران دەگەڕێت، گەرچی ئەو لە ئێمە گەورەتربوو من تاکو ئێستا نازانم تەمەنی چەندە، لە ئێمە خێراترو باشتر ڕێگاکانی دەبڕی.. ئەوەی پێی بوو بۆ خواردن چەند هەرمێیەك بوو، ئێواران لە دوای پشوو یەکێکانی دەخوارد. ئێمە نانمان دەدایە، کەچی ئەو تەنیا هەرمێکانی خۆی دەخوارد. شەوێك پێی وتین (من بە نورێك دەژیم، بۆ گەیشتن بەو نوورە زۆرکات بیری هیچ خواردنێکم لانامێنێت) زۆرکات ئەو قسانەی بۆ فاتمەی خۆر دەکردو شەوانیش هەر چەند هەنگاوێك دوور لە خۆی دەیخەواند. فاتمەی خۆر بەدرێژایی ئەو ڕێگایانە وەکو نەخۆشێك دەجوڵایەوە. من سەرم لەم ژنە دەرنەدەرکرد. مامۆستاکەمان بەدەم ڕێگاوە پێی دەوتین (ئێوە دەزانن دڵی من هەمیشە بە شوێن ئەو رووناکییەدا دەگەڕێت کە ئارەزوومە پێی بگەم؟ جەستەش کە دڵی

تێدانەبوو برسیی نابێت) شەش ڕۆژ وەکو ئەوەی مامۆستاکەمان پێی وتین لە کاتی خۆیدا گەیشتینە بەرزاییەکانی نزیك شاری کتێبفرۆشان (مەولانا شەمسەددین) دانیشتو هەناسەیەکی قوڵی ئارامی هەڵکێشا، وتی( لەوە خۆشتر نییە لەگەڵ خۆشیی هاوڕێکانتدا بگەیتە ئەو شوێنەی کە روناکی دڵتی تێدابێت) من زۆر نزیك لەلایەوە دانیشتم، چاوی بەهەموو لایەکی شارەکەدا دەگێڕاو دەیوت (گرانە بتوانین ڕۆحت بدۆزینەوە ئەی کڵۆڵ) من ویستم لەو قسانەی تێمبگەیەنێت، کەچی هیچی وەڵام نەدامەوە. ئەوکاتانە تازە خەریکبوو خۆر دەکەوت، پارچەیەك نانی ڕەقم بۆ دەرهێناو بۆم ڕاگرت تا بیخوات، لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژەدا ئەوە یەکەم جاربوو ئەو پارچە نانە ڕەقە بخوات، ئەو تەماشای ناوەڕاستی شاری دەرکرد، ویستم پێی بڵێم هیچ کەس دەناسی لە ناوەڕاستی ماڵەکانی ئەم شارەدا، ئاوا تەماشای دەکەیت؟ کە پێموت دەستی بۆ بەشێکی ناوماڵەکان ڕاکێشاوتی (سالانێکە لە یەك لەو مالانەدا تاریکایی دەروونی چوار کەسی لەخێزانێك داگیرکردووە، ئەو خێزانە هەمیشە بە ئومێدی ئەوەوە بوون من لە دەرگایان بدەمو رزگاریان بکەم لەو ڕۆژە تاریکانە، سەفەر ئەوەی جوانە کە بتوانیت لەگەڵ خۆتدا رووناکی بۆ دەرونی ئەو کەسانە بگەڕێنیتەوە کە تاریکایی دایپۆشیون، یان ڕۆحی ئەو کەسانە بگەڕێنێتەوە

که له جەستەیان یاخی بوون) نازانم بۆچی دوای ئەوە پرسیاری ئەوەم لێکرد کە مامۆستاکەمان خەڵکی چ شارێکە؟ نەمتوانی تاکو ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە وەربگرمەوە. شارەکە لە بەردەممماندا لە شارێکی کۆنو خۆڵاویی دەکرد. کۆڵانەکانی، شەقامەکانی باریك و نارێك، شەقامێك راست ئەمسەری شارەکەی بۆ ئەوسەری شار دەکرد بە دوو کەرتەوەو لە زۆرلاوە دوکانی کتێبفرۆشەکان ئەم شەقامەیان جوانتردەکرد، ئەمبەرو ئەوبەری ئەو شەقامە بە درەختی جۆراو جۆر داپۆشرابوو، شارێك بوو مرۆڤ بەزەحمەت دەیتوانی مێژووی دروستبوونی بزانێت. چەند مێژوویەکیان بۆ دروستبوونی شاری کتێبفرۆشان دەوت. بە مامۆستاکەموت (تۆ چەند بڕوا بەم مێژووانە دەکەیت کە بۆ دروستبوونی ئەم شارە نووسراون یان دەوترێن؟) پێی وتم (بۆ ئەو مێژووە مەگەڕێ کە خەڵکانێك خۆیان خەڵکی ئەم شارەنو نایزانن، تۆ لەوە بپرسە شارێك هەموویان کتێبفرۆشن، کەچی تاکو ئێستا بەزانست نەگەیشتوونو مێژووی شارەکەیان نازانن)

ئەو بەیانییە هەر چوارمان لەم شارە دواین، مامۆستاکەمان بەمجۆرە تا ئەوکاتانەی خۆر بەباشی هەڵهات دەربارەی ئەم شارە بۆمان دوا (جارێك بڕوا بەوە بهێنن کە مێژووی هەموو شارەکانی دونیا بۆ دروستکردنیان درۆن. بۆ ئەم شارە، شاری کتێبفرۆشان

لە سەر زەوییەك دروستكراوە كە رۆژگارێك شوێنی ئەو ڕاوچییانە بوو كە بۆ ڕاو دەیان رۆژ بەیەكەوە دەمانەوە، ڕاوی ئەو ئاسكانەیان دەكرد كە گۆشتەكەیان تەنانەت ئێسكەكانیشیان بەكاڵی دەخورا، ڕاوی ئەو بەرانە كێویو گیاندارانەیان دەكرد كە بە بەرچاوی بەچكەكانیانەوە خوێن لە شوێن تیرو برینەكانیانەوە دەهات.. ئەم شارە سەرەتای دروستبوونی بەخوێنی ئەو گیاندارانە نەخشێندرا، شارێكە وەكو زۆر شاری تر سەرەتا خوێن بناغەكەی داناوە، یەكێك لەو ڕاوچییانە بەناوی (ئیبراهیم خان) بەیانییەك زوو لەناو سەوزایی گیاو گوڵەكاندا لە نزیك گۆمە ئاوێكی روون كچێك دەبینێت، هەموو گیانی تەڕ تەڕ وەكو گوڵێكی سپی سپی بەر ئاو، راوەستاوە. ئەم چەند لێی نزیك دەبێتەوە ئەو كچە هیچ جوڵە ناكات، كچێك وەكو لەتنۆكە ئاوی ئەو كانییە دروستكرابێتو دواتر خودا بەرگێكی لە پەڕەی گوڵە سپییەكان بە تەڕی پێ دەبەخشێ. تاكو ئێستاش خەڵكی ئەم شارە زۆریان بنەماڵەو ڕەچەڵەكیان دەبەنەوە سەر ئەم كچە. ئێمە دەتوانن سەردانی گۆڕەكەی بكەن كە ئێستا گومەزێكی گەورەی سپییان بۆ دروستكردووە، خەڵكی دەڵێن ئەم ژنە لەدوای ئەوەی شازدە منداڵ دەخاتەوە، رۆژێك تیرێك دێتو بەر سەرسنگی دەكەوێتو دەیكوژێت.. سەرەتا ئەم راوچییە لەگیانە تەڕو سپییەكەی دەترسێت، نەیدەزانی ئەم كچە بە تەنیا چی دەكات لەناو ئەم ئاو،وسەوزاییەدا،

چی گەیاندوویەتیە ئەم دەشتە چۆڵە. کە دەگاتە لای دەست لە گیانە تەڕەکەی دەدات لە سەمادا دەلەرزیو دەبینێت چاوی پڕ لەفرمێسکە، کە ئیبراهیم خان ئەم کچە دەباتەوە لای هاوڕێکانی، هەموویان دەترسن.. ترسێك کە وادەزانن ئیبراهیم پیاوێکی نورانییەو خودا ئەم کچەی لەم چۆلەوانییەدا بەدیاری بۆ ناردووە. ئەو ڕاوچییانە هەشت کەس دەبن، بۆ حەوت رۆژ ئاوا دەمێننەوە، لە رۆژی هەشتەمدا لەسەر ئەم کچە دەبێت بە شەڕیان تا ئێوارە ئیبراهیم هەر حەوت راوچییەکەی هاوڕێی دەکوژێت، ئازاییەکی بێوێنە بۆ کوشتنی هاوڕێکانی دەگرێتەبەر. دواتر تەرمەکانیان لە چاڵوچۆڵی ئەو دەشتەدا دەشارێتەوە، ئیتر ئەو کچە لە خۆی مارەدەکاتو یەکەم خانوو بۆ خۆی لە نزیك کانییەکە دروستدەکاتو بە خەڵکیو خزمی کوژراوەکان دەڵێت تا راوچییەکانی هاوڕێم نەدۆزمەوە ناگەڕێمەوە ناوتان. ئەم شارە سەرەتا ئاوا بە خوێن بناغەکەی دانرا. ئەو شارانەی کە ئێستا جێگای خۆشیو رابواردنی کەسانی ترن، رۆژگارێك کەسانێکی تر بە ناهەق تێیدا دەکوژران، کەس بیر لەو کوژراوانە ناکاتەوە کە ئێستا لە ژێرپێی ئەم خەڵکەدا پێویستیان بە دروودێك هەیە. ئەمەیە کە شار هەمیشە ناهەقیی تێدا کۆتایی نایەت، ئەم شارە شاری کتێبفرۆشان، حیکایەتی دروستبوونو کتێبفرۆشتن تێیدا ئەوەندە کۆنە، رۆژگارێکی زۆری دەوێت بۆ گێڕانەوەی مێژووەکەی)

ئەوكاتانەی ئێمە گەیشتینە ناو شارەكە، تازە دوكاندارەكانی شار دوكانەكانیان دەكردەوە، بە كردنەوەی ئەم هەموو دوكانە پڕ لە كتێبانە، بۆنێكی سەیر هەموو شاری دادەگرت، بۆنی كتێبی كۆنو نوێ، بۆنی ئەو پارچە پێستانەی كە نووسراوەكانیان لەسەر نووسرابوو گەرچیوشك بوون، بەڵام هێشتا بۆنیان لێوە دەهات. ئەو شارەی بۆ زەمەنێكی زۆر دەچوو تەنیا ماڵی كتێبفرۆشانی تێدابوو، ماڵێك نەبوو لەم شارەدا بەهەزاران كتێبو دەستنووسو بەردی هەڵكۆڵدراوو پارچە گڵ و پێستەی لەسەر نووسراوی تێدانەبێت. ریزە دوكانێكت دەبینی بە تەنیشت یەكەوە، كە رەنگە لە دووسەد دوكان زیاتر بوونایە، ئەم دوكانانە خەریكی چاككردنی كێبە كۆنەكانو بەرگتێگرتنی كتێب بوون، بەدەم تێگرتنی كتێبەكانەوە گۆرانییان بۆ عەشقو شارەكەیان دەوت، لەناو كۆڵانو بازاڕە زۆرەكانیدا دەیان دوكانی ترت دەبینی خەریكی نووسینەوەی كتێب بوون بە خەتی جۆراو جۆر. رێبوارەكان یان میرو سوڵتانەكان زۆركات بۆ بینینو جوانیی ئەم شارەو كڕینی كتێب لە زۆر لاوە دەهاتنە بازاڕەكانییەوە، شارێك خەڵكەكەی تەنیا فرۆشتنی كتێبیان دەزانی، ئەوانەی لە مێژووی ئەم شارە دەدوێن دەڵێن كەسێك لەم شارەدا نەبوو كتێبی لەماڵدا نەبووبێت. شارێك كە دەگەیتە نزیكی بەر لەوەی پێ بخەیتە سەر یەكەم شەقامەكانی هەست بە ئارامییەكی سەیردەكەیت،

هەستدەکەیت هەموو شار بەخەڵکەکەیشیەوە لە حەرف دروستکراون‌و رۆحیان کراوە بەبەردا. لە هەموولایەکییەوە سەرت بەرلقی دارەکانی دەکەوێت، گوێت لە دەنگی ئەو باخەوانە پیرو لاوانە دەبێت کە لەناو باخەکاندا هەمیشە گۆرانی بۆ عەشق‌و سنگی کچان‌و ماچێکی روومەتیان دەڵێن، ئەوانە سەدان غەزەلیان کردۆتە گۆرانی، لە چاوی زۆر کەسەوە ئەم شارە شارێکی سیحرییەو سیحربازەکان دروستیان کردووە. دەڵێن هەر ساحیرەکانیش دەتوانن ئەم شارە لەناوبەرن. زۆرکەسیش دەڵێن ئەم شارە شاری خۆحەشاردانی رۆحە پیرۆزەکانە، دەیان کەسمان دەبینی ئەو بەیانییە بەبار کتێبیان دەگەیاندە ناو بازاڕەکانی شار، پیرە مێردێك جارێك بە مەولانای وتبوو: ئەم کتێبانەی لەم شارەدان رۆحی ئەو کەسانەن کە دەمرن.. ئێمە برسی‌و تینووبووین بە گەیشتنمان لامان دایە لای گەنجێك کە دوکانی (نۆکی کوڵاوی) هەبوو. ئێمە یەکەم کەس بووین ئەم بەیانییە گەیشتینە ناو دوکانەکەی، بۆنی پیازی پاککراو و بۆنی بیبەری توون‌و بەهرات‌و بۆنی نۆکاوەکە تێکەڵ بەیەك دەبوون. ئێمەی برسی خێرا خێرا دەنکە نۆکە گەرمەکانمان قوت دەدا، کە لەناو قاپە فافۆنە قوڵەکاندا بۆی دانابووین. مامۆستاکەمان وەستابوو تانۆکاوەکەی ساردببێتەوە، تا ئەوکاتانە خەریکی خوێندنەوەی ئەو پەندو نووسراوانە بوو کە گەنجەکە بە

دیواری دوکانەکەیەوە هەڵیواسی بوو. مامۆستاکەمان بە جەمالەدینیوت: ئەو دێڕە بخوێنەرەوە (زمانت لە مەدحو ستایش بپارێزە.. وەك لەزەم دەیپارێزیت.. معروف کرخی) من بزانم جەمالەدین لەبرساندا ئەو نووسراوەی نەخوێندەوە. مامۆستاکەمان دواتر تەماشای ئێمەی کرد کە خێرا خێرا نۆکاوەکەمان دەخوارد.

کە ئێمە هەستاین ویستمان پارەی قاپە نۆکاوەکان بدەین، کوڕە گەنجەکە، بەتەنیا پارەی لە منوجەمالەدینو فاتمەی خۆر وەرگرت، ئەگەر ئەو کوڕە چاو ڕەشە باڵا کورتە داوای پارەی زیادەیشی لێ بکردینایە دەماندایە. من جگە لەوەی حەزم بەدوا دەنکی نۆکاوەکەی دەکرد، حەزم دەکرد ئەو دووچاوە رەشەی هی من بوونایە. ئەو گەنجە پارەی لە مامۆستاکەمان وەرنەگرت، بەئێمەیوت (کەم کەس بۆ فێربوون دێنە ئەم شارەی ئێمەوە، ئەم بەیانییەش لە ئێوەی رێبوار لە هەرچوارتان بە تەنیا یەکێتان بۆ فێربوون هاتوونەتە شاری کتێبفرۆشانەوە، ئەو کەسەیشتان دەبێتە میوانی من، ئەو کەسانەی شوێن دۆزینەوەی رووناکیو چاکەکاریو فێربوون کەوتوون میوانداریی ئێمە رەت ناکەنەوە) مامۆستاکەمان ئەو تەنیا هەرمێیەی کە پێی مابوو خستییە دەستی کوڕە گەنجەکەوەو پێی وت (من نانی کەسانێك ناخۆم کە بیکەن بە شانازی بۆ ژیانیان، بەڵام دەبینم تۆ ئەمە ناکەیت بە شانازی بۆ خۆت، کە ڕێبوارێك تێردەکەیت، بۆیە

میواندارییەکەت قبوڵدەکەم) گەنجەکە بە مامۆستاکەمانی‌وت (ئەوانی بۆ فێربوون دێنە ئەم شارەوە ئێمە، دەبێت بچوکییان بکەین، ئەوە بڕیاری گەورەی کتێبفرۆشانی ئەم شارەیە) گەنجەکە تا چەند مەترێك لە دووریی دوکانەکەیەوە لەگەڵ ئێمە هات بۆ بەڕێکردنمان، تا ئەو کاتانە بینیم خەریکی خواردنی هەرمێکە بوو.

ئێمە شوێن مامۆستاکەمان کەوتبووین‌و ئەو سەری لەسەر خاك بەرز نەدەکردەوە، دەمزانی بیر لە شتێك دەکاتەوە، تا ئێمەی گەیاندە ناو دوکانێکی گەورەی کتێبفرۆشتن، دوکانێك دەتوت هەموو حەرفەکانی دونیای تێڕژاوە، خاوەنی ئەو دوکانە بەرگێکی سپیی جوانی لەبەرکردبوو، لە رووناکیی چرایەکی تازە داگیرساوی دەکرد. پیاوێکی قۆزو پاکوتەمیزبوو،وێنەی پیاوێکی ریش سپی‌و چاوبچوکی بە بەرزایی دوکانەکەیەوە هەڵواسی بوو، لە هەموو شتەکانی دوکانەکە پاکترو باشتر دەبیندرا. لە ناوەڕاستی دوکانەکەدا مێزێکی ڕەنگ قاوەیی درێژ دانرابوو، کە لە دارمازوو دروستکرابوو، لەوە دەچوو دەمێکبێت لەم دوکانەدا دانرابێت‌و جێگۆڕکییەی پێنەکرابێت. مامۆستاکەمان (مەولانا شەمسەددین) کۆتە تۆزاوییەکەی دانایە سەر ئەو مێزەو پشتی کردە خاوەن دوکانەکە. من خاوەن دوکانەکەم دەبینیی تەنیا تەماشای مامۆستاکەمانی دەکردو ئارەق بە هەموو دەموچاویدا دەهاتە خوارەوە، شەرمی دەکرد، دەیویست بچێتە

بەردەمی مامۆستاکەمان، ئێمەش نەمان دەتوانی ڕێگریی لێبکەین، چونکە لە ڕێگا مامۆستاکەمان پێی وتین (لەم شارەدا چەند جنێویان پێدام، چەند خەڵاتیان کردم، چەند ئازاریان دام، ئێوە هەقتان بەسەرەوە نەبێتو تەنیا تەماشامبکەن) خاوەنی ئەو دوکانە نەیدەتوانی رووی مامۆستاکەمان ببینێت، لە هەر چوونە پێشەوەیەکدا مامۆستاکەمان پشتی تێدەکرد، ئەو پیاوە سەیر لە دوکانەکەیدا دەگریاو دەپاڕایەوە تا بۆ یەك ساتی کەم رووی مامۆستاکەمان ببینێت، بە هەردوو دەستی دەیکێشا بەسەری خۆیداو لەخۆی دەدا، رووی ببووە پارچە مسێکی داخکراو، شینی دەکردو دەپاڕایەوە تا مامۆستاکەمان رووی خۆی پێنیشان بدات. ساڵانێك دواتر من لە جەمالەدینم بیست ئەو کتێبفرۆشە بۆ چوار ساڵ قوتابیی (مەولانا شەمسەدین) بووە، شەوێك لەدوای فێربوونو تەواوکردنی قوتابخانەکەی لەو کاتانەی دەیویست بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی، چرای بەر هەیوانەکەی مامۆستا دەدزێت، بۆ رووناکیی ڕێگا بەکاری دەهێنێت، چونکە ئەم قوتابییە زۆر لەتاریکی دەترسا. من بۆ یەکەمجاربوو ببینم کەسێکی گەورەو دوکاندارێك ئاوا بگرىو بپاڕێتەوە. بینیم مامۆستاکەمان بەدەنگی نزم بەوپیاوە دوکاندارەی دەوت (ئەووێنەی من داگرە خوارەوە، چۆن لە رووت دێ دزی لەماڵێك بکەیتووێنەی خاوەن ماڵیش بەدوکانەکەتەوە

هەڵبواسیت؟ ئیتر چۆن دەگریی بگری؟) من بینیم ئەو دوکاندارە بەناو ئەو هەموو کتێبەدا خێرا گەیشتە وێنەکەو دایگرتە خوارەوەو ماچی دەکرد. مامۆستاکەمان بە ئێمەیوت (ئەمە کەسانی ئەم رۆژگارەن، دزیت لێدەکەنو وێنەکەت هەڵدەواسن. ئەوانەی کە نایانەوێت رووناکی بناسن هەردەبێت ئاوا درۆزن دەربچن. ئەمەیەوادەکات خەڵکی بەردەوام فریوی دەستی ئەم جۆرە کەسانە بخۆن) تا لەم دوکانە دوور کەوتینەوە، من گوێم لە گریانو پاڕانەوەی ئەو پیاوە بوو. بەرلەوەی بڕۆین چەند جارێك جەمالەدین نرخی کتێبەکانی لێ پرسی. ئەو پیاوە لەبەر گریان وەڵامی بۆ نەدەدرایەوە. من تێگەیشتم مامۆستاکەمان لەم شارەدا قوتابیو موریدو ناسیاوی زۆرە، دەموچاوی زۆرکەسی دەناسییەوە، لەو کەسانەشی کە ساڵانێك بوو نەیبینی بوون، لەشەقامێکدا کە دەمانوویست بچینە نوێژی عەسر، مامۆستا کۆتەکەی داکەندو لە پیرە پیاوێکی ماندوو نزیککەوتەوە، ئەو پیاوە لەوە دەچوو چەند رۆژێك بووبێت نانی نەخواردبێت. مامۆستاکەمان دەستی خستە سەر سەریو پاش کەمێك ئەو پیاوە پیرە فرمێسك بە چاویدا هاتە خوارەوە. دەنگی هەڵبڕیو مەستانە بەو پیریەتییەوە گۆرانییەکی دەروێشانەی بۆ هاتنی مامۆستاکەمانوت. ئێمە بۆ غەمگینیی ئەو دەنگەو بۆ پیربوونی ئەو پیاوە گریاین. ئەو پیاوە پیرە ناوی (دارای مەست) بوو، تا توانیی ئاوا

بۆ مامۆستاکەمان گۆرانیی دەوت (خودا تۆ نەتکوشتم تا لەناو لیتاوی ئەم عومرەدا من گەوهەرێکم دۆزییەوە، خودا تۆ منت ژیاند تا لە تاریکیی ئەم شارەدا، رۆحم بەدیار رووناکیی ئەم جوانەوە دەردەچێت.. بایەك دڵۆپێك ئاوی هێنا هەموو ئاگری ناخی منی کوژراندەوە) دارای مەست دەستی مامۆستای گرتو بەری نەدا تا گەیاندییە بەر ماڵێکی بچوكو خۆی بەبێ ئەوەی لە دەرگابدات پێشمان کەوت. لەوماڵەدا مامۆستاو ئەو پیاوە پیرە باوەشیان بە یەکدا کرد. ماڵێك کە بۆنی رێحانەیوشکبوو، بۆنی کاڵەکی گەیوی لێوەدەهات. ئێمە تا چووینە ناو ماڵەکەی ئەم پیاوە بەتەنیا هەر خۆی بوو، کەسی ترمان نەبینی، جارێکی تر ئەو پیاوە پیرە چەند دێڕە شیعرێکی جوانتری بۆ هاتنی مامۆستاکەمانوت. منو جەمالەدین گوێمان لە هەردووکیان گرتبوو ئەوان وەکو دوو پیری عاشق، وەکو دوو عارفی نورانی، زۆر نزیك لەیەکتر دانیشتبوون. سەرەتا مامۆستاکەمان ئاوا بە زەردەخەنەوە بە دارای مەستیوت:

- دەبینم هێشتا نەگەڕاویتەتەوە سەر ماڵو حالی خۆت. چ گەڕێدەیەکت لێ دەرچووە؟
- ئاخر چی بڵێم؟ ماڵێك کە دڵ نەتوانێت تێیدا بژی، هەردەبێت چۆڵەوانی بۆ خۆم هەڵبژێرم.
- کتێب نافرۆشیتو دەبینم لە هەموو کەس باشتر دەزانیت؟

- مەولانا من ئێستا دەسەڵاتدارو میرو فەرمانکارەکەی جاران نیم، ئیتر من نە بەشوێن بە هەشتی خودادا دەگەڕێمو نە بەشوێن دەسەڵاتی ئەم دونیایەدا. ئەوانە لای من یاریی دەستی منداڵانن، تۆ دەزانیت من ئیتر وەکو تۆووەکو کەسانی تر نیم لەم سەر زەوییەدا. هەموو جوانیی دونیا ناگۆڕمەوە بەو شوێنەی کە هەمووی تۆزوخۆڵەو شەوێك بە ئاسوودەییەو دەتوانم تێیدا بنووم. ئێستا زیندانو پیاوی جەلادم نیە تا خەڵکی ئەشکەنجە بدەن، ئێستا بەردەوام گوناهەکانی ناو ڕۆحی خۆم ئازار دەدەم تا زوو لە ڕۆحم دەرچن. ئێستا من باشترین کەسی ناو ئێوەم. دەزانم دەتەوێت بمخەیتەوە سەر یادی کارەکانی جارانم، ڕۆژگارێك تۆ فێرتکردم تا لە ناو بەرگەکەم بێمە دەرەوەو بەشوێن خۆمدا بگەڕێم، تۆ فێرتکردم بە گەیشتن بە ڕووناکیو فێربوون ئێمە خۆمان لە ناو کۆشكو پیاوە گێلەکان ڕزگاربکەین. تۆ فێرتکردم کەسێك بە شاعیری بمرێتو لە ڕۆژانی هەینیدا شیعرەکانی بۆ نەسیحەتی خەڵکی بخوێندرێتەوە، زۆر لەو میرە باشترە کە تا سەر خەڵکی نەفرەتی گۆڕەکەی دەکەن. من ئێستا مەستم بە شوێن ئەو ڕووناکییەدا کە تۆ دووراو دوور لە بیرمدا نەخشاندووتە، بە شوێن ئەو شارەدا دەگەڕێم کە تۆ بەشوێنیدا دەگەڕێیت. دەگەڕێم بۆ ئەو ڕووناکییەی کە دڵم دەیەوێتو بڕواناکەم بەهەق پێی بگەم. چی لە سەروەتو سامانو سەر زەویی خوێناوی بکەم؟ باڵندە ناو هێلانە بچوکەکەی خۆی پێخۆشە نەك ناو قەفەسێکی گەرمو ڕازاوە. تۆ ئەمەت پێی وتم، مەولانا

ئەوکاتانەی من بە هەموو توانای خۆمەوە بە عەشقێکی سەیرەوە دەمویست بە بەرچاوی هەموو پاسەوانەکانمەوە ئەو بازەی لەسەر تەپۆلکە خۆلێك نیشتۆتەوە بە تیرێك بپێکم، کە سەرم هەڵبڕیو تۆم لەناو تۆزو خۆڵی ئەو دەشتەدا بینی کە تازە لەخەو هەڵدەستایتو دووراو دوور پێت وتم: وەکو ئازاری هەموو خەڵکی ئەم شارە دەدەیت، لە کوشتنی ئەو بازە دەست هەڵگرە تا گوناهێکت کەمتربێت. لەو رۆژەوە کە گەیشتمە لاتو تۆ دەستت لە سەر سەرم دانا، سەیر دەروونم فێنك بووەو هەستم بە ئارامییەکی باشدەکرد. ئیتر من بۆ جارێکی تر نەگەڕامەوە ناو کۆشکی میرایەتیەکەم، سەرەتا تۆ ڕێگایەکت پیشاندامو پێت وتم: هەق ئەو بەردەیە کە بەزۆر کەس هەڵناگیرێت، کە هەڵیشی گرت دەبێت خۆشیو ئارامی بەخەڵکی بسپێرێت. من زانیم ناتوانم هەق لەکاتی دەسەڵاتمدا بەرقەراربکەم، بۆیە گەڕام تا بتوانم ببم بە پیاوێکی زاناو غەزەلخوێن، هەقیش تەنیا لای ئەمجۆرە پیاوانە دەست دەکەوێت کە بۆ خۆشیی خەڵکی غەزەلی جوان جوان دەڵێنو کەمێ لە ئازاریان کەم دەکەنەوە..

- تۆ ئێستا بوویتەتە پیاوێکی زاناو بیرتیژ، ئیتر بۆ ناگەڕێیتەوە بۆ بەرقەرارکردنی هەق لەناو خەڵکیدا؟
- مەولانا تۆ دەزانی تا خەڵکیش زۆریان نەبن بە کەسانی ژیر، کەس ناتوانێت هەقییان لە نێواندا بەرقەرار بکات.
- پێیانوتم دارای مەست سالانێك لەمەوبەر عاشقانە بۆ دولبەرێك خۆیی دەگۆڕی و مەستانە شەرابی دەنۆشی؟

- چۆنت زانی؟ کێ ئەم هەواڵەی منی لە دووری دەیان ڕۆژ ڕێگاوە بە تۆ وت؟ ڕاوەستە بەو جۆرە نەبووە کە بۆ تۆیان گێڕاوەتەوە. جارێك ڕێگەم کەوتەوە ناوکەسوکارەکەی خۆم، براکەم کە منی بینی ئاوا بەرگ دڕاو و چڵکن‌و تۆزاوی‌و لانەوازم، فەرمانی دا بمگۆڕن‌و خواردن‌و شەراب‌و هەموو پێداویستییەکم بۆ ئامادەبکەن. براکەم ببووە مێرێکی دڕەندەو بەشی ئەو ڕۆژانە ئازاردان‌و ڕژانی خوێنی خەڵکی بوو.. کە بردمیە ناو کۆشکەکەیەوە، من بۆنی هەناری گەنیووو بۆنی خوێنم دەکرد، بۆنێك دونیای منی پڕکرد لە پەشیمانی‌و گریان، هەستم دەکرد بە زیندوویی لەگۆڕیان ناوم، ئەو شەوە کچە پورێکم هەبوو کە زۆرکات دڵم بۆی لێدەدا وەکو عاشقێك، وەکو بەچکە تەوارێك خۆشم دەویست، براکەم ئەو کچەی بۆ کردمە ناو ژوورێکی ڕازاوەوە، کچە پوورەکەمم سەرەتا هیچ پاڕانەوەیەکی منی نەبیست تا لێم نزیك نەبێتەوە (من ئاگرێکم ئەوەی بیەوێت لێم نزیك ببێتەوە دەسووتێت، من کەسێکم ئێستا هەر کەسێك بیەوێت دەستم بۆ بەرێت وردورد دەبم) ئاوا ئەو شەوە تا درەنگ لێی پاڕامەوە کە ناتوانم ببمە مێردو بیکەمە ژنی خۆم، ئاخر براکەم وا بڕیاری دابوو کە دەبێت ئەم کچە بکەم بە ژن‌و تا ئەوکاتانەی منداڵێکم لەم ژنە نەبێت لەم کۆشکە نامکاتە دەرەوە. ئەمە کرداری میرە نەزانەکانی وڵاتی ئێمەیە، ئەو شەوە بە کچە پوورەکەمم وت: لێمگەڕێ تا ئەوکاتانەی دەبمەوە بەمیر، ئەوسا زەماوەند دەکەین. ئەو کچە هیچی نەبیست، بەرگەکانی لەبەری

خۆیدا داکەندو وتی: من دەبێت فەرمانی میری گەورەمان جێ بەجێ بکەمو ئێستا ژنی تۆم. چەند ساتێکی تر لەگەڵیدا دوامم، لێم نزیك دەبووەو دەیوت دەبێ فەرمانی میری گەورەم بەجێ بهێنم. کە ئەوەی وت، منویستم ژوورەکە پڕبکەم لەتاریکی، لە ساتێکی کەمدا ژوورەکەمان تاریك تاریك بوو، لەوەتی هەم تاریکایی ئاوا ترسناكو ناخۆشم نەبینیووە. کچە پوورەکەم لەترساندا تا بەیانی لەشوێنی خۆی نەجوڵاو دەگریاو دەپاڕایەوە. بەیانی بەخێرایی بەرگەکانی لەبەرکردەوەو لەژوورەکە بەگریانەوە هەڵهات، ئاخر براکەم وای دەزانی لەگەڵ ئەو کچەدا ئیتر بووینە تە ژنومێرد، رۆژی دواتر براکەم منی بەجلوبەرگی تازەوە دەبردە ناوخەڵکیو بە زۆر شەرابی دەرخوارد دەدام.. ئێواران لە ناو باغەکەیدا لەنێوانی دەیان کەنیزەو کچی جواندا منی دادەنا تا گوێ لە گۆرانیو دەنگی تارو مۆسیقا بگرم، ئەو هەرچیی دەوت من نەمدەسەلماند.. ئەو گاڵتەی بە کارەکانی من دەهاتو بە شێتو سەرلێشێوای دەزانیم، بە فریوخواردووی دەستی شەیتانی دەزانیم.. شەوێك دەیان پیاوی دەربارەکەی بانگکردو لەگەڵمدا کەوتە پرسیاری ئەو رووناکییەی من بەشوێنیدا دەگەڕێم. براکەم دەیوت ئەمە گەیشتنە بە رووناکی کە من لەنێوان دەیان چرادا دانیشتوومو خەڵکی خزمەتم دەکەن، پێم بڵێ رووناکیی تۆ کامەیە؟ بەبراکەمم وت ئەو رووناکییەی من بۆی دەگەڕێم ئەگەر پێیگەیشتم ئیتر کەس لەم سەرخاکەدا لە نیوەشەویشدا پێویستی بە رووناکیی چراکانی تۆ نابێت.

ئەو رۆژانەی براکەم منی لەلای خۆی هێڵایەوە لەتە نانێك چییە من لەسەر سفرەی ئەو نەمخوارد، دڵۆپێك ئاو چییە من لەبەردەمی ئەودا نەمخواردەوە، بەردەوام دەیویست شەرابو نانو ئاوم بە زۆر دەرخواردبدات، من زانیم براکەم لە رەفتارو لە قسەکانی من لەناو خەڵکیدا ترسابوو، هەڕەشەی ئەوەی لێدەکردم تاسەر لە لای خۆی بەندم دەکات، ئەو دەترسا، پێم وت ئەم باخو شوێنی میرایەتییە لە زۆر کەسەوە بۆ ئێمە ماوەتەوەو هەریەکەیان بە جۆرێك ئێرەیان بەجێهێڵاوە، لە من مەترسە کارەکانت لێ تێکنادەم، لە رەفتارو فەرمانەکانی خۆت بترسە کە لەناوت دەبات، هیچ میرێك لەم دونیایەدا کەس نەیتوانیوە لای بەرێت جگە لە رەفتارو کرداری خۆی نەبێت. پێم وت منێکی بەرگ دڕاوو برسی بۆ دەبێت لای تۆ ببمە هۆی روخانی دەسەڵاتەکەت؟ ئەوانەی دانیشتبوون سەیر تەماشایان دەکردم. براکەم نەیدەزانی ژیان بریتییە لە گەڕان بۆ دۆزینەوەی بەشە ونبووەکەی خۆت، کە پێم وت هەمووومان بەشێك لە خۆمان لەم دونیایەدا ونکردووەو دەبێ تامردن بەشوێن ئەو بەشی خۆماندا بگەڕێینو بەبێ ئەو بەشەمان بەردەوام لەناتەواویدا دەژین، بەبێ ئەو بەشەمان نیوەی جەستەمان مردووە.. پێموت (تۆ دەزانی ئێستا کردارو فەرمانە خراپو خوێناوییەکانت هی کێن؟ نەیدەزانی پێم وت هی خۆتن، هی ئەو بەشەنییە کە ونتکردووە، مرۆڤ بەردەوام بەشە باشەکەی خۆی وندەکاتو بە بەشە خراپەکەی جەستەیەوە رەفتاردەکات. ئەو توڕەبوو،

وایدەزانی گاڵتەی پێدەکەم.. پێم وت ئەوانەی کە خۆیان دەناسن و خاوەنی بەشە باشەکەی جەستەیانن ئەوانە فەرمانی هەق بەسەر خەڵکیدا جێبەجێ دەکەن کە ئەمە خواستی چاکەکارانە.. ئەوانەیشی کرداری خراپو ناعەدالەتی لە کاتی دەسەڵاتیاندا لەناو خەڵکیدا جێبەجێ دەکەن، کرداری بەدبەختیو نەفامیی خۆیانە. تۆ وامەزانە خوداو شەیتان کرداری چاکەو خراپەیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە، تا ئەوەی بیەوێت سوودی لەم جەنگەی نێوان شەیتانو خودا دەستبکەوێت ژیانی خۆی دەدۆڕێنێت) من هەرچیم وت ئەو بەدرۆ تێدەگەیشت، ئیتر چی بەتۆ بڵێم مەولانا؟ عەشقی من هێشتا بۆ ئەو کچە پوورەم ماوەو هەمیشە کە دەچمە سەر رێگاکەیو دەمبینێت من بەخولْقاندنی تاریکی دەزانێتو لێم دەترسێت. ئەوەیە عەشقی من مەولانا، ئەوەیە کە هێشتا نیوەکەی تری خۆم بۆ نەدۆزراوەتەوەو ناتوانم وەکو خەڵکی بژیم، رێگاکانم پێنشانبدە تا ئەو نیوە ونبووەی خۆم دەدۆزمەوە..

- دارای مەست من بۆ شارێکی ناو ئەم شارە دەگەڕێم، نەك بۆ نیوەونبوەکەی تۆ.. شارێك کە لەناو ئەم شارەداونبووەو دەمەوێت بیدۆزمەوە، رۆحی کەسێکی تێدا شاردراوەتەوە دەبێ بەزوویی بیدۆزینەوە. ئەگەر تەمەن رێگەی پێدام لەگەڵ تۆیشدا بەشوێن نیوە ونبووەکەی تۆدا دەگەڕێم.. شتێکم پێبڵێ دەربارەی شارە ونبووەکەی ناو ئەم شارە. ئێمە هاتووین تا رۆحی شاردراوەی کەسێك بدۆزینەوە لەو شارە ونبووەدا،

کەوتووینەتە دوای گەمەیەك کە رەنگە ئێمە لەناو دێڕی کتێبەکاندا بۆ هەمیشە بەسەرگەردانی بمێنینەوە یان بەبەدبەختی بمرین..

- مەولانا کەس لە تۆ زاناتر نییە لەناوماندا.. بۆ شارێك مەگەڕێ لێرە کە کەسێك دەیەوێت بە تۆ بیدۆزێتەوەو رێگاکانی مردن بگۆڕێت، گۆڕینی فەرمانەکان بۆ رێگەگرتن لەمردن دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکانی بوون.. من رێگای شارە ونبووەکەی ناو ئەم شارەتان پێ نیشان دەدەم، ئەو شارەی زۆر جیاوازترە لە رووە راستەقینەی ئەم شارە، ئێوە دەبێ لەو شارەدا بەشوێن رۆحی پیسو شەڕانیو نەخۆشدا بگەڕێن، نەك رۆحی کەسێك کە گەردی نەگرتووە، بۆ ئەوە نازانن کە رۆحە بێگەردەکان هەمیشە زۆر زوو دەمرنو لەدوایان رۆحە نەخۆشو پیسەکان رووی زەوی دادەپۆشن. رووی دووەمی ئەم شارە زۆر جیاوازترە لە رووی ئێستای، کە هەمووی حەرفی کتێبو نووسینو جوانییە، ئێوە ئەوەنازانن لێرە لەناو خەڵکی ئەم شارەدا ئەوئەفسانەیە بوونی هەیە کە ئەوانەی دەمرن ئیتر رۆحیان دەبێت بەکتێبێك و خۆی دەخزێنێتە ناو ئەم هەزاران کتێبەوە لەم شارەدا، من دەتوانم بتانخەمە سەر رێگای شارە ونبووەکەی ناو ئەم شارە، بەڵام دەبێ خۆتان لێرە بڕیاربدەن بۆ شێتبوونو مردنتان بۆ نەهاتنەوەتان لەناو ئەو شارەی پڕە لە رۆحی سەرگەردانو پیس. مەولانا تۆ بڕیاربدە تا بۆ یەکەم جار من رێگای ئەو شارە شاراوەیەتان پێ پێشانبدەم.

- دارای مەست لە تۆ دەپرسم ئێمە دەتوانین رۆحێکی پاك لەناو ئەو رۆحانەدا بدۆزینەوە یان نا؟
- مەولانا نەچوونتان باشترە، چونکە هیچ رۆحێکی پاك بەو شارە رازی نابێتو پێیدا گوزەرناکات.. بگەڕێن تا شاری رۆحە پاکەکان دەدۆزنەوە، نەك ئەو شارانەی پڕبووە لە رۆحی یاخیو پیسو کوفرکەر. پڕبووە لە رۆحی کەسانێك کە لە درۆ زیاتر هیچی تریان نییە بۆ وتن.

من بینیم مامۆستاکەمان ئیتر بێدەنگ بوو، دووکەسەکەی ترمان وەکو دوو رێبواری ماندوو نووستبوونو من تا درەنگ گوێگری قسەی مامۆستاکەمانو دارای مەست بووم. ئەوان لەزۆر شتی تر دەدوان نەك شارێکی ونبوو، مامۆستاکەمان بۆ دڵنەوایی ئەو پیاوە پیرە جارێکی تر دەستی خستەوە سەر سەریو بۆ ماوەیەك دەستی ڕاگرت.. من بینیم ئەو پیاوە پیرە فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە. مامۆستاکەمان پێی وت (عاشق بوون بۆ ئێمە ئاوایە، لەبەرامبەر هەموو کەسێکدا لە هەژارێکەوە تا سوڵتانێك دەبێ هەق بڵێین.. دارا تۆ عاشقێکی هێشتا خودا دڵێکی زیندووی پێداویت، دەتوانیت بەردەوام بیت لە ژیان) ئەوان هەردووکیان لەیەك تەمەندا بوون، لە عەشقو خوداو کرداری خەڵکی دەدوان. مامۆستاکەمان باسی شارو دوکانی کتێبفرۆشانی لەو پیاوە پیرە دەپرسی، هەواڵی گەورەی کتێبفرۆشانی

نەدەزانیو دەیوویست ماڵەکەیان بدۆزێتەوە. من دەمزانی هەردووکیان دوو ڕێبواری بیرتیژو زانانن، بەڵام لەبەرگی هەژارانو دەروێشانەدا لە ناوخەڵکیدا دەگەڕان. دووکەسن جیا لە هەموو کەس، ئەوان بەچاوی رۆح شارە ونبووەکانیان دەبینیو ناخی خەڵکیان دەخوێندەوە، ئەمان هەموو شارەکانیان، هەموو جوانیی بەرگو خواردنە خۆشەکانیان بە رووناکیی چرایەك نەدەگۆڕییەوە. ئەمان دووکەس بوون کەوتبوونە سەر ڕێگایەك کە دەیگەیاندنە نزیك پەیامبەرەکانی خودا. ئەوان بۆ شارێك ڕێگایەکیان گرتبووەبەر کە بەخەونیش کەس نەیدەگەیشتێ. ئەوانو زۆر لە موریدو سۆفییەکانیش بە هیوابوون بگەنە شاری رووناکیو شاری رۆحە پاکەکانو دەیانوویست نیوە ونبووەکەی خۆیان بدۆزنەوە تا ئیتر ببنە مرۆڤێکی کامڵترو باشتر، ئەو شارەی کە لای مامۆستاکەمان هەمووی نوورو حەرفی زانین بوو، ئەو شارەی کە سێبەری درەختەکانی مرۆڤیان دەتەزاندو شەقامەکانی پڕبوون لە کەسانی زاناو لەئێمە پاکتر. من نازانم ئەوان دەگەنە ئەو شارە یان نا، ئەگەر گەیشتن چی دەبێت؟ ئەی ئەگەر نەگەیشتن چی دەبێت؟ ئەوە دەزانم ئەو کەسانەی بەهیوای شتێك یان گەیشتن بە شوێنێکبن هەموو جەستەی خۆیان بە ماندووی دەبەخشن، دواجار رۆحیان تاسەر لە سەرزەمینی ئێمەدا دەمێنێتەوە، تا ئەو شارانە دەدۆزنەوە، لەوانەکاندا مەولانا

بەئێمەی دەوت لەهەموو شتێکدا دوو شت بوونی هەیە، لە جەستەدا گوناهو پاکێتی، لە چاوماندا جوانیو ناشیرینی، لەدەستماندا خوێنو بەخشندەیی، لە شارەکاندا شارانێکی تر، لە گوندەکاندا گوندە شاراوەکانی تر، لە رێگاکاندا رێگاونبووەکانی تر، لەودونیایش رێگای دۆزەخو رێگای مەلەکوت. لەئەزەلەوە شەڕو ئاشتی پێکەوە لەدایك بوون. خودا مەخلوقێکی خوڵقاند تا لە نزیك ئەوەیش دوو شت هەبێ خۆیو شەیتان، بەبێ خوداو شەیتان زەوی بوونی نەدەبوو. من ساڵانێك دواتر ژیانی مامۆستەکەمانو دارای مەستم لەناو کتێبێکی بچوکدا نووسییەوە، لەو پیاوە یاخی بووم کە منی خستبووە ناو کتێبێکی ناتەواوەوەو دەیوویست ژیانم بە ناتەواوی بەجێ بهێڵێت .. دەموویست هەموو شتێك بکەم تا ئەم کتێبە بگەیەنمە بەردەرگای سوڵتانو هەموو خەڵکی، بەڵام شتەکان بەویستی من نەبوون..
پێکەوە ئێمە هەر پێنجمان لەسەر زەوییە رووتەکەی ناو ژوورەکەی دارای مەست، نوێژی ئێوارەمان کرد. خۆڵی ئەو ژوورە دەنووسا بە نێوچەوانی ئێمەوە، لەوە نەدەچوو چەند ساڵێك بێت کەس لەناو ئەم ژوورەدا نووستبێت، ئێمە لە دوای مامۆستاکەمانەوە نوێژمان دەکرد، تا ئەوکاتانەی لێبووینەوە، دارای مەست توند هەردوو پێی مامۆستاکەمانی گرت و پێی وت: بەو پێیانەت بکێشە بەسەرمدا تا هەموو کردارە خراپەکان لە بیرکردنەوەمدا

دەردەچن. مامۆستاکەمان سەری ئەو پیاوە پیرەی بەرزکردەوەو تاتوانیی بە هەردوو دەستی نێوچەوانو پشتی سەری گرت، تا ئەوکاتانەی وەکو ئەوەی کە هەموو دەمارەکانی سەری رابکێشنە دەرەوە، ئەو پیاوە هاوارێکی توندی کردو کەفێکی سپی لە دەمییەوە دەهاتە دەرەوە، دواتر من بینیم رووی ئەو پیاوە پیرە سوور سوور ببوو، زەردەخەنە دەیگرتو پێستی دەموچاوی رەنگی سپیی گرتبووی. مامۆستاکەمان وەکو ئەوەی بۆ ئێمە بدوێت وتی (تا یەکێك دەخەینە سەر ڕێگای راست، هەزاران کەس ئەو ڕێگایانە ون دەکەن، بۆیە دەتوانم بڵێم کە گرانە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێرە بتوانن بەڕووناکیی دەروونی خۆیان بژین. کەم کەس دەتوانێت لەبری نان، لەبری ئاو، لەبری تاریکی بەڕووناکیی ناو رۆحی خۆی درێژە بەژیانبدات)

من لە پەنجەرە بچوکەکەوە تەماشای ئەو شارەم دەکرد کە تێیدا مابووینەوە، شارێك لەوێنەی کتێبێکی گەورەی دڕاودا دەهاتە بەرچاوم ، وەکو پەڕەی دڕاو ماڵەکانی بەهەموو لایەکدا بڵاوکرابوونەوە، باڵندەکانم دەبینی بەسەر ئەو رووبارەی کە رەنگی خۆڵی گرتبوو دەفڕین، بەژمارە زۆربوونو دەنگیان دەگەیشتە لای ئێمە، شارێك بوو راستە پڕبوو لە دوکانی کتێبفرۆشتنو کەسانی کتێبفرۆش، بەڵام هەستم نەدەکرد پاکێتی لەناخی هەموویاندا هەبێت. هەستم دەکرد گوناە باڵی بەسەر

زۆربەی زۆری خەڵکەکەیدا کێشابێت. شارێك بوو پڕبوو لە دوکانی بچوك بچوك، جوانترین شت کە من تەماشام دەکرد ئەو رێگا پێچاوپێچەبوو کە لە بەرزاییەکانەوە وەکو مارێکی پیر خۆی دەکرد بە شارەکەدا، رێگایەکبوو من هەمیشە لە ساڵانێکی دواتردا نەمدەتوانی لەبیری بەرمەوە. ئەو کاتانەی کاتی نانخواردنی ئێوارە هات ، دووکچ هەر یەکەیان یەکی سینییەکی پڕ لە گۆشتەو میوەو سەوزەیان گەیاندە بەردەرگای ژوورەکەی ئێمە، ئەو کچانە ئەوەندە جوان بوون، جەمالەدین نەیتوانی بێدەنگ بێت، بە دارای مەستی وت (هەموو شتێك لە دونیادا بەم کچانەوە جوانە) ئێمە تا لە نانخواردن بووینەوە، ئەو کچانە بۆ چەند جارێکی تر هاتن و چوون، ئاوی ساردیان دەهێنا، نانی زیادەو دوو قاپی بچوك ئاوی گۆشتیان هێنا، بەبێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەسدا بکەن، هەر بەچاو سەیری دارای پیریان دەکردو ئەویش هەر بەچاو وەڵامی دەدانەوە. ئەو کچانە دوای نانخواردن دوو قۆری چایی و کترییەك ئاوی گەرمو شەکردانێکی تەختە کە هەموولایەکی بەوێنەی ئەسپ هەڵکەندرابوو شەکری کولۆیان هێنا، چا و نانەکەیشیان لەسەر ئەو سینیانە هێنا کە ناوەڕاستی سینیەکان بەوێنەی باڵندە نەخشێنرابوون، چایەکەیان لەسەر سینییەکی مسی سوور گەیاندە بەردەم دەرگاکە، من هەستم دەکرد ئێمە لە شوێنێکی ترینو لەلایەن کەسانێکەوە خزمەت دەکرێین کە تەنیا بۆ

خزمەتی ئێمە هاتوون‌و لەشارێکی تردابن، نەك شاری کتێبفرۆشان. ئەو کچانە دەیانزانی کەی نانەکەمان تەواوکردووە، کەی چایەکەمان تەواوکردووە، ئەوان هیچ تەماشایی بەرگە تۆزاوی‌و ناشیرینەکانی ئێمەیان نەدەکرد، وەکو میرو میرزادەکان خزمەتی ئێمەیان دەکرد، نە مامۆستاکەمان‌و نە ئێمەش نەمان پرسی ئەم کچانە کێن‌و چیی ئەم پیاوە پیرەن؟ لەکاتی نانخواردندا لەسەر سینییە گەورەکە نەخشەی شارە کە کێشرابوو. من بینیم مامۆستاکەمان بە دارای مەستی وت کوا نەخشەی شارەکەی تر کە لێم پرسیت؟ هەردووکیان سەیر تەماشای یەکتریان دەکردو هیچیان نەوت.

ئەو شەوە تا درەنگ جارێکی تر لەنێوان مامۆستاکەمان‌و دارای مەستدا گفتوگۆکان دەستی پێکردەوە. ئەوان هەردووکیان بەڵێیان بۆ قسەکانی یەکتر دەکرد. دارای مەست کە زیاتر لە چل ساڵ دەبووەوازی لە میرایەتی‌و کۆشك و سەروەت‌و سامانی خۆی هێنابوو، چل ساڵ بوو ئەو پیاوە دەگەڕاو سەفەری دەکرد، رێبوارێکی ماندووبوو، هەمیشە بۆ نیوەونبووەکەی خۆی دەگریاو دەیوت (دەبێ بەچ دەردێکەوە ئێستا گیرۆدەبێت بۆ دۆزینەوەی من؟) دارای مەست بەشوێن فێربوون‌و ناسینی خەڵکیدا دەگەڕا، هەموو ئەو ساڵانەی بە رۆژێك دەزانی‌و دەیوت (من ئێستا خاوەنی یەك رۆژم لە گەڕان، هیچم نەبینیووەو هیچ فێرنەبووم، ئەوەی فێری دەبم لە

نەزانینی کەسانی تردا لەبیرم دەچێتەوە. من هەمیشە کە دەچمە شاران دوو شوێن بۆ حەوانەم هەڵدەبژێرم یان نزیك ماڵی میرو سوڵتانەکان یان ناو گۆڕستانەکان. لای من ئەم دوو شوێنە زۆر لەیەك دەچن‌و کەس ناتوانێت جیاوازیی ئەم دوو شوێنەم لابگۆڕێت. لە هەردوو شوێنەکەدا هیچ شتێك بۆ جوانی نابینیتەوە. یەکێك لەو سەفەرە دوورو درێژانەمدا کە چوار ساڵی خایاند، چوار ساڵ لە گەشتی ئومێدو فێربوون، چوار ساڵ دووربوون لە بۆنی خاکی نیشتمان‌و بۆنی فەقیانەکانی دایکم، ئێمەی ڕێبوارانی ڕێگەی ڕووناکی، ئێمەی سۆفی‌و ئێمەی دەروێشانی سەرهەڵگرتوو لە هەرکوێیەك بین دەبێت بۆنی عاشقانی وڵاتی خۆمان فەرامۆش نەکەین، لەو سەفەرەمدا بۆنی سەدان گوڵ‌و درەخت‌و بۆنی سەدان ئینسانم کرد. دەگەڕام، بەبێ ترس دەچوومە لای گۆڕی سوڵتانەکان‌و لای گۆڕی پیاوە دڕندەو خراپەکاران، من هیچم لەوان نەدەویست‌و لێیان نەدەترسام، بەڵام ئەوان پێویستیان بە درووودەکانی من دەبوو، منیش بێمنەت لای گۆڕەکانیاندا دەنووستم، شەوێك لە ئەستەمبوڵ لای گۆڕی سوڵتانێکی عوسمانییەوە لەناو مزگەوتێکدا نووستم، وەرزێکی ساردو سەرمابوو، هەزاران باڵندە ئەو شەوە لەسەرماندا بەسەر درەخت‌و منارە و گومەزی ئەو مزگەوتەوە جریوەیان دەهات، ئەوشەوە خۆم خزاندە ژێر ئەو پارچە پەڕۆو قوماشە جوانانەوە کە درابوون بەسەر

گۆڕەکەیدا. بۆنی گوڵ و و بۆنی عەترێك دەهات کە ئەوە یەکەم جاربوو بۆنی ئاوا خۆشبکەم، نووستم، شەو ئەو سوڵتانە هاتە خەونم، پێی وتم: شوێنی هەزاران سکەی ئاڵتوونت پێ پیشان دەدەم، تا تۆ بۆ یەك جار درودم بۆ بخوێنی ئەی سەرگەردانی ڕێگەی خودا. ئەو پیاوەم وەکو شێت دەبینی لەناو تاریکاییەکەوە دەنگی دەهات. کە دەریشکەوت بۆنی سوتانی لێوە دەهات، ئەو پێی وتم ناوی (سوڵتان ئیبراهیم)ە دەیوت: بۆ یەکەمجارە بتوانم بچمە خەونی کەسێك کە هاتووەتە لای گۆڕەکەمەوەو نووستووە، دەیوت: ئەوکاتانەی بووم بە سوڵتان، لەناو زینداندا دەریانهێنامو لەجیاتی برا کوژراوەکەم منیان کردە سوڵتان. ئاخر گرانبوو من تازە بڕوا بە ژیان بکەمەوە. براکەم هەمووومانی لە ترساندا لە زیندان توند کردبوو، نۆ براو ئامۆزا، زیاتر لە چواردە ساڵ زیندانی کراین لەناو زیندانی براکەمدا، چەند گرانبوو من بەو گەنجییەوە براکەم دەبینی لەگەڵ ژنەکانیدا شەوان بۆ توڕە بوونی ئێمە لەگەڵیاندا رایدەبوارد، مەمکی دەگرتنو شێتانە نیشانی ئێمەی دەدا. ئاخر لە نۆزدە کەس تاکاتی بەربوونمان تەنیا چوار کەسمان ماینەوەو ئەوانی ترمان کوژران یان خۆیان بەخەفەتو ئازارەوە مردن. مردنی ئەوانە لەو زیندانەدا بە بەرچاوی ئێمەوە بەشێکە لەحیکایەتی مەرگی ئەو کەسانەی کە من دەبێ بۆ هەمووکەسێکیان بگێڕمەوە. ئەوانە لە زینداندا، لەترسی

مردنو کوشتن، شێت بوون یان بەدەست دەیان نەخۆشییەوە مردن، دووانیان بەشێتێتی تامردن لە شەقامەکاندا دەگەڕان. ئەوە رۆژانی من بوو، من ئێستا پێوویستیم بە درودەکانی تۆیە، گوندێك لە سکەی زیوو و زێڕ دەزانم نیشانتی دەدەمم تا تۆ بتوانی درودم بۆ بخوێنیو لەم مەینەتیەیی تێیدام رزگارم کەیت.

ئەو شەوە من تەنیا تەماشای ئەو سوڵتانەم دەکرد، دەمویست بزانم سەربردەی ژیانی ئەو سوڵتانە لە کتێبێکدا نەنووسراوەتەوە، تا بچم بیخوێنمەوە. من ئەو شەوە نەمتوانی بە سکەی زیوو و زێڕ تاکە درودێك چییە بۆ ئەو پیاوەی بخوێنم. بەیانی لەسەر کێلی گۆڕەکەی ناو و تەمەنو کاتی مردنەکەیم خوێندەوە. ساڵانێك دواتر کە گەیشتم بە کتێبخانەیەکی گەورەی ناو شاری ئەستەمبوڵ، گەڕام بەشوێن ژیانو بەسەرهاتی ئەو پیاوەدا)

ئێمە سەیر گوێمان لە حیکایەتی سەفەری چل ساڵەی ئەو پیاوە گرتبوو، مامۆستاکەمان وەکو ئەوەی بەئێمە بڵێ باش گوێ لەم پیاوە بگرن تایەك وشەی درود چییە نەیگۆڕنەوە بە هەموو سامانی دونیا. دارای مەست لە نیوە شەودا بۆ چەند ساتێكونبوو، تاگەڕایەوە لامان مامۆستاکەمان پێی وتین (گوێگرتن لەم پیاوە ئەو شتانەتان فێردەکات کە ئێمە رێگایەك هەیە لە هەردوو دونیا دەتوانین پێیدا بڕۆین، لەو رێگایانەدا دەبێ رێز لە گوناهبارو بێ گوناە بگرین، بەڵام رێگای سوڵتانو

میرەکان لەم سەر زەمینەدا کۆتایی دێتو ئیتر ڕێگایەك بۆ ڕۆیشتنیان نامێنێتەوە) کاتێك دارای مەست گەڕایەوە ژوورەکە، باوەشێك کتێبی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەسەر خۆڵەکە دانیشتو کتێبەکانی خستە بەردەستی مامۆستاکەمان و پێی وت (نرخی ئەم کتێبانە نرخی شارێکە، من دەیانبەخشم بە تۆ، ئیتر من ناتوانم کار بەوشەی ئەم کتێبانە بکەم، تۆ لەم کتێبانەدا بگەڕێ تا نەخشەی ئەو شارەی بەشوێنیدا دەگەڕێت بیدۆزیتەوە بۆ ڕزگاربوونی ڕۆحی ئەو پیاوەی کە ڕۆحی خۆی دۆڕاند. ئێستا من دەگەڕێم لەپشت شتە شاراوەکانی ئەم وشانەوە خۆم بدۆزمەوەو تۆیش بەشوێن شارە شاراوەکەی ناو ئەم شارەدا بگەڕێ مەولانا. من دەگەڕێم تاخولقێنەری خاوەنی ئەم وشانە بدۆزمەوە، کتێبفرۆشانی ئەم شارە نرخێکی ئەوتۆ بەم کتێبانە دەدەن، کە من دەتوانم تا کاتی مردنم بە پارەکانیان بژیم، هەموویان بۆ تۆ...)
کتێبەکان نۆ دانە بوون، مامۆستاکەمان پەڕە پەڕە کتێبی یەکەمیانی سەیرکرد، ئەوکاتانە شەو گەیشتبووە نیوەی. دارای مەست ئەو ئایەتەی لەسەر بەرگی ئەو کتێبە خوێندەوە، کە مامۆستاکەمان دابووی بە جەمالەدین إذا أتوا علىءادِ النمل قالت نملةٌ يأيُها النَملُ آدخلوا مسكنكُم لا يحطمنكم سُليمنءجُنُودةءهم لايشعرون) مامۆستاکەمان تەماشای جەمالەدینی کردو وتی (چەند گەورەو لێزانبیت پێویستە ئاگات لە بچوکترین گیانلەبەرانی بەر پێتبێت)

مامۆستاکەمان ئەو کتێبەی دەربارەی ژیانو مەرگی سوڵتانەکان بوو بەمنی بەخشی و پێی وتم (ئەم کتێبە لە هەموو گوندەکاندا بخوێنەرەوە کە ڕێگەت تێیان دەکەوێت)

ئەوە شەوی دابڕانو پەرتبوونی ئێمەبوو یان بێ ئومێدبوونمان بوو لە دۆزینەوەی رۆحی رەسوڵی بچوك لەو شارەدا.

***

شاری کتێبفرۆشان بۆ ئێمە شارێکی گەورەو جوان بوو، دوکانی کتێبفرۆشەکان ئەوەندە زۆربوون کەس نەیدەتوانی بە دووساڵ پێیاندا بگەڕێت. دارای مەست شان بەشانی مامۆستاکەمان وەکو دوو رەشو رووتی چەند ساڵە بەیەکەوە دەڕۆیشتن. من قەت ئەو دیمەنەم بیر ناچێتەوە کە دەمبینی با تۆزو خۆڵی سەرکۆتەکانی بەری مامۆستاکەمانو دارای مەستی بڵاودەکردەوەو تێکەڵ بەیەکی دەکردن، ئەوە بۆ من دیمەنێك بوو، بۆ هەمیشە فێربووم کە باو تۆزو خۆڵم خۆش بووێت، بەرگی دڕاوو خۆڵ لێنیشتووم لاپیرۆزبێت. منو جەمالەدین تەماشای خانووە بەرزو خۆشەکانمان دەکرد، ئەو خانووانەی زۆریان دەرگاو پەنجەرەکانیان بە تەختە نەخشیان بۆکرابوو، بەڕەنگی هەمەجۆر رەنگکرابوون، وێنەی کۆترو ئەسپ و باڵندەی تریان لەسەر دروستکرابوو¬، پەنجەرەکانیان بەسەر حەوشە پڕ لە درەختەکاندا

کرابوونەوە. ئێمە گوێمان لەو بانگەوازە بوو کە پیاوێك بە شاردا دەگەڕاو دەیوت: ئەی کتێبفرۆشانی شار، ئەی ئەوانەی وشەتان کردۆتە ڕێگای رووناکیی خۆتان، ئەی ئەوانەی ناوی شارەکەمانتان گەیاندۆتە سەر تاسەری جیهان لە کتێبفرۆشتندا.. ئاگاداربن ئەمڕۆ کتێبخانەیەکی گەورەی پاشایەك لە شاکانی (ئێران) لەگۆڕەپانی گەورەی شاردا ئامادە دەکرێت بۆ فرۆشتن.
دارای مەست بە ئێمەی وت: دەچینە لای ئەو گۆڕەپانە بۆ بینی فرۆشتنی ئەو کتێبانە. گۆڕەپانەکە جێگەی سەدان‌و هەزاران کتێبفرۆشی تێدا دەبووە، هەموو لایەکی بەدرەختی چنارو دارهەنارو دار چوالە گیرابوو، ئەوکاتانەی کتێبەکانی پاشایان هێنا بۆ گۆڕەپانەکە سەدان کتێبفرۆش کۆبوونەوە بۆ کڕینی ئەو کتێبانە. لەناو کتێبەکاندا دە قورئان‌و چل کتێبی فەرموودەکانی پێغەمبەریان جیاکردەوە، وتیان ئەمانە نافرۆشین‌و دەبرێنە خانەقای گەورەی شار. مامۆستاکەمان خۆی گەیاندە ئەو قورئان‌و کتێبی فەرموودانە، من لەگەڵیدا تەماشام دەکرد، هەموویان بە دەستوخەت نووسرابوونەوە، لەناو جۆرێك قوماشی ڕەنگاوڕەنگدا هەڵگیرابوون تا ئەو کاتانە من نەمبینی بوون، کە بینیمن بڕوام بەوە هێنا کە پاشا بۆ جارێك ئەم قورئان‌و فەرموودانەی نەخوێندۆتەوە. دەنگی کتێبفرۆشەکان بەیەکدا چووبوون، کتێبەکان ژمارەیان دەگەیشتە

هەزاران کتێب. ئەو پیاوانەی کتێبەکانیان هێنابوو بۆ فرۆشتن حیکایەتی ئەم کتێبانەیان لە کۆشکەکانی پاشادا بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. یەکێکیان کە لاوێکی باڵابەرزبوو، مێزەرێکی سپیی بەسەرەوە بووو پارچەیەك قوماشی خۆڵەمێشیی لەملیەوە پێچابوو، کتێبێکی بەرزکردەوە کە بەرگێکی چەرمی لە چەرمی سمۆرە پێوەبوو، ئەولاوە هاواری دەکرد: رۆژگار هەموو نهێنییەکانی گەورە پیاوان دەخاتە ڕوو، بۆیە قەت کاری خراپەکاران ون نابێت، کەس ناتوانێت تاسەر ئازاری کەس بدات، ئێوەی کڕیاری کتێبەکان، تەماشاکەن ئەم کتێبە بە خوێن نووسراوەتەوە، وشەیەکی نییە خوێن نەینووسیبێتەوە، ئەمە کتێبێکە لەناو کتێبەکانی شادا تاکو ئێستا هەڵگیراوە، ئێوە دەتوانن وشە بەوشەی بخوێننەوە، ئەمە یادەوەریی کەسێکە کە لە زیندانەکانی پاشادا نووسیوویەتییەوە. ئەم کتێبە تەمەنی پیاوێك دەگێڕێتەوە کە زۆربەی کاتی خۆی لە خزمەتی پاشادا بەسەر بردووە، ئەوانەی دەیخوێننەوە دەبێ بگرینو شیین بۆ کەرامەتی مرۆڤ بکەن، شیین بۆ غەمگینیو ئازارەکانی کەسانی تر بگێڕن، چەند گرانە ئاوا مرۆڤ بەرگەی ئەم هەموو ئەشکەنجەو ئازارانەی تەمەن بگرێت. ناوی نووسەری ئەم کتێبە (رەحمان)ە بەخوێن وێنەیەکی شێوای خۆی کێشاوە، دێڕ بە دێڕی ئەم یادەوەریانە جیهانێك بیر ئێوە دەخەنەوە کە زۆرتان بیرتان چۆتەوە، ئەم پیاوە وەکو خۆی دەیگڕێتەوە،

رۆژێکیان وەکو کەسێکی ئازادو خۆشبەخت بە شەقامێکی جوانی شاردا، بە شەقامێکی پڕ لە گەڵای وەریودا لە ژوانی کچێك بەناوی (لەیلا) دەگەڕێتەوە، پێمان دەڵێت تازە خۆم لە ژوانێکی لێڵاویدا دەدۆزییەوە، دواتر ویستم بچمەوە لای ئەو دایکەی لەناو خانوویەکی کۆندا چاوەڕوانی مردنی خۆی دەکرد، ئاخر ئێوە ئەوەدەبێ بزانن هەموو ئەوانەی کتێب بەراستی دەخوێننەوە شوێنیان خانوویان وەکو کەلاوە وایە، ئاخر ئەم دونیایە پڕ لە تێکشکانی کەرامەتی مرۆڤ، پڕ لە تاریکیو پڕ لە کەسانی نەزانن. گرانە کەسانێك کە دەیانەوێت بژین بتوانن وا بەئاسانی بەناو ئەم مرۆڤانەدا گوزەربکەن، لەو شەقامەدا چەند سەربازێکی شا منیان گرتو ئیتر لێرەوە ژیان دەستیکرد بە هەڵدانەوەی پەڕە پڕ لە ئازارەکانی خۆی لە رووی مندا، من بەم جۆرە تێکشکام، ئەوەی کەر نەبێت لەم دونیایەدا دەبێت دان بە شکستی خۆیدابنێت، تێکشکام لەبەرامبەر دایکمدا کە مردو نەمتوانی لەگەڵیدا بچمە گۆڕستان، تێکشکام لەبەرامبەر کچێکدا کە بەڵێنم پێدابوو بۆ عەشق تاسەر لەگەڵیدا بژیم، تێکشکام کە بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی کتێبخانەکەی شام کرد، بەمجۆرە تێکشکان رووی لە هەموو لایەکی من دەکردو نەمدەتوانی حەرفێك بۆ ئازادبوونی خۆم بڵێم. ئەو سەربازانەی منیان بردە دیوانی شاو پێیان وتم تۆ دەبیتە نووسەری شا و هەموو یادەوەرییەکانی رۆژانی

دەنووسیتەوە، کتێبخانە گەورەکەی شا دەبێت تۆ بەڕێوەی بەریت، ئاخر من بۆ خۆم فەرمانبەرێکی بچوکی کتێبخانەی پایتەختی وڵات بووم، کاتێك منیان گەیاندە ئێرە هەموو شتەکانی ڕۆژانی تەمەنم ونکرد، گرانە کەسێك بە بچوکیی خۆی رازیبێتو خێرا بیگەیەننە ناو کۆشکەکانی شا، ئەمە لای من گەورەیی نییە، ئەمە دارِزانی خواستی ئێمەی بچوکە بۆ ئایندەمان، ئەوانە کەرن کە خێرا بەم گۆڕانکارییانە ڕازی دەبن. من بە بچوکیو بە فەرمانبەریی خۆم رازیبووم نەك بەونبوونم لەناو کتێبخانەیەکدا کە شاو پیاوەکانی یەك حەرف چییە لەو هەزاران کتێبە نەیاندەخوێندەوە. جارێك شا لە نیوە شەودا خەونی زرابوو هاتە لام بۆ ناو کتێبخانەکەی، سەیری لەم هەموو کتێبە زۆرەهات کە من ئاوا بەجوانی رێکم خستبوون، وەکو خانوویەکی گەورە کتێبەکانم پێکەوە دانابوو، سوێندم بۆ خوارد کە بەدڵسۆزی کارەکانم بەڕێوەدەبەم. بەمنی وت بۆ نەنووستووم بەم شەوە درەنگە؟ کە ئەوە شەو نیوەی تەواوبووە. پێم وت گەورەم من ئەم کتێبە دەخوێنمەوە. کتێبێك بوو لە سەفەری (جنۆکەیەك) دەدوا کە یاخی بوو لە مەملەکەتەکەی خۆیو دەیوویست بچێتە ناو بەرگی شای وڵاتێکەوە و تا حوکمی وڵاتێك بکات. ئەوکتێبە کەس نەیزانی بوو کێ گەیاندوویەتییە ناو کتێبخانەکەی پاشا، ئەو جنۆکەیە بەشوێن دەسەڵاتدا دەستی کردبوو بەگەڕان. کە چەند

پەڕەیەکم بۆ شا خوێندەوە، بینیم ڕەنگی دەموچاوی شا گۆڕدراوە. شا ئەو شەوە پێی وتم دەبوایە تۆ شا بوویتایە نەك منێکی نەزان، ئاخر ئاوا شاکانی دونیا کەرامەتمان دەشکێنن. کە شا ڕۆیشت ئەو شەوە من دەمەوبەیانی نووستم، بەڵام چی؟ سەربازەکان بەفەرمانی شا منیان لەناو هەزاران کتێبەوە گواستەوە بۆ سەردابە ساردو تاریکەکانی زیندانە گەورەکەی شا، زیندانێك پڕبوو لە مرۆڤی ریشهاتوو و چڵکنو نینۆك درێژ، شوێنێك بوو لەشارێکی ونبووی دەکرد لە ژێر زەویدا. ئەم زیندانە کرابووە سەدان بەش، هەربەشەی گەورەیەکی هەبوو، ئەم زیندانە پیاوێك کرابووە گەورەی کە پیر پیربوو، یەکەم شەو پێیان وتم ئەم پیاوە لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە لێرەدا زیندانییە، پیاوێك بوو هەموو گیانی دەچووە سەر حەرفی میمێکی خواروخێچ، چاوەکانی لە دەنکە نۆکی بچوکیان دەکرد.. لێرە هەموو شتێکی گەورە هەبوو، زیندان، کتێبخانە، کۆشکەکان، باخو درەختەکان، تەنیا ئەوەی بچوکبوو لێرە شاو پیاوەکانی بوون، ئاوا منیان بەتاریکایی سپارد، پێیان وتم شا لە ئازاییو زیرەکیی من ترساوە، ڕەنگە من بتوانم لەسەر کارەکەی لایبەرمو خۆم بچمە شوێنەکەی، وتبووی ئەم پیاوە ئەو جنۆکەیەیە کە لەو کتێبەدا باسکراوە، ئەوە رۆژی دادگایی کردنەکەم پێیانوتم، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی شا عادیلانە پیشانی من بدەن، هاتن لە بەرامبەردا چەند پیاوێك کە وەکو داری

رزیوو دانرابوون، بە ناو ئەمانە حاکمو پارێزەرەکانی دادگای شاربوون، منیان دادگایی دەکرد، من لەبەردەم ئەوانەدا حەرفێك چییە نەم وت، ئاخر زۆرکات ئێمە وەکو پێغەمبەرەکانیش بدوێین ئەوا هەر قسەمان نابیستن، خۆم کەر نەکردو بێدەنگ هەموو بڕیارەکانی دادگام قبوڵ کرد، ئەگەر تا ئێوارە هاوارم بکردایە لەبەردەم ئەم جۆرە پیاوانەدا چی دەبوو؟

ئەو کوڕەی کتێبەکەی بەرزکردبووە دەگریاو هاواری دەکرد، مامۆستاکەمان خۆی گەیاندە ئەو کوڕەو داوای کتێبەکەی لێکرد، ئێمە هەرتەماشامان دەکرد. مامۆستاکەمان چەند قسەیەکی لەگەڵ ئەو کوڕە کتێبفرۆشەدا کردو کتێبەکەی لێوەرگرت. ئەوە یەکەم کتێب بوو مامۆستاکەمان لەم شارەدا لە کەسێکی بێگانەی وەربگرێت، لەماوەیەکی کەمدا هەموو کتێبەکانی شا فرۆشرانو برانە ناو دوکانەکانەوە. ئەو دوکانانەی ئێمە بە تەماشاکردنیان سەرمان سووڕمابوو، ئێمە چەند دەگەڕاین، دارای مەست باسی مێژووی ئەم شارەی بۆ دەکردین. باسی دوکانو خەڵکەکەی دەکرد.

ئەوکاتانەی ئێمە لە دوای نوێژی هەینی لەبندارە گەورەکانی نزیك مزگەوتێکدا پشوومان دەدا، من لە پایەو دیوارە ئەستوورەکانی مزگەوتەکەم دەڕوانی، ئەو دیوارانەی بە حەرفەکانی قورئان داپۆشرابوون، لە خواری ئەو حەرفانەوە ساڵی 1738

نووسرابوو، دارای مەست پێی وتم ئەم مزگەوتە دەیان جار کاولکراوەو دەیان جاریتریش لەسەر دەستی دەیان سوڵتان‌و میرو پاشادا نوێکراوەتەوە. دارا دەیوت: بۆ یەکەم جار پیاوێك لەم شارەوە لە شوێنی ئەو مزگەوتەوە بە بەرگێکی سپیی چڵکنەوە دەرکەوتووەو داوای لە سوڵتانی شارکردووە باشترو عەدالەتانە کارەکانی رۆژانەی بۆ خەڵکی وڵات ڕاپەڕێنێت. ئاوا بۆ یەکەمجار لەم شارەوە سۆفییەك دەرکەوێت، سۆفییەك کە خەڵکی دەڵێن تاکو ئێستا لەم شارەدا دەبیندرێت، هەر لەم شوێنەدا سوڵتان بۆ خاتری رۆحی ئەو پیاوە بۆ یەکەم جار ئەو مزگەوتەی دروستکرد. گۆڕی ئەو پیاوە ئێستاش لەو مزگەوتەدایە. مامۆستاکەمان حەرف بە حەرفی سەر گۆڕی ئەو پیاوەی بۆ خوێندینەوە، من نەمزانی چۆن چۆنی ئاوا لەدوورەوە دەزانێت ئەو حەرفانە لەسەر گۆڕەکەی ئەو سۆفییە نووسراوە. ئەوکاتانەی پێکەوە چووینە سەر گوڕەکەی بە جاجمێکی سەوزو قوماشی ئەستوور گۆڕەکەی داپۆشرابوو، دەتوت پیاوێکی نووستوو و ماندوو لەوێدا راکشاوە، من حەرفەکانی سەر گۆڕەکەم دەخوێندەوە کە مامۆستاکەمان لە دەوورەوە هەمووی لەبەربوو، بە بچوکی لەلایەکی ئەو گۆڕە نووسرابوو (خوداکەم، ماندووبووم ئەوەندە بە شوێنتا گەڕام، رووناکیی تۆم نەبینی، دەبێ گوناهم چی بێت، ئیتر پەکم کەوت لە دۆزینەوەت، بۆ خاتر ئەو هەموو

ماندووبوونەم، ئیتر تۆ بەشوێن مندا بگەڕێ)  ئێمە لە ماموٚستاکەمان دەڕوانی کە سەری کردبوو بە ژێر قوماشە ڕەنگاو ڕەنگەکانداو سەری بردبووە لای رووی ئەو سۆفییە مردووە، سەیر ئەوکاتانە ئێمە گوێمان لەورتەورتی دووکەس بوو لەگەڵ یەکتریدا دەدوان. دارای مەست بە بیستنی ئەو ورتە ورتانە لەژێر ئەو پەڕۆ رەنگاو رەنگانەوە، گریا چۆن گریانێك، دارای مەست دەگریا، سەیر فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوەو خەریکبوو لەهۆش خۆی دەچوو، خۆڵی ناو ئەو ژوورەی قووت دەداو سەیر رووی سوور هەڵدەگەڕا، من دەترسام لە هاتوهاوارەکەی. لە ماوەیەکی کەمدا تەنیشت ئەو گۆڕە بوو بە رۆژی شینو ترسو تۆقاندن، جەمالەدین لەترساندا لە سوچێکی ژوورەکەوە دەگریاو لە ماموٚستاکەمانی دەڕوانی، فاتمەی خۆر لەترساندا ناو ژوورەکەی بەجێهێشت، ئێمە کەوتبووینە ناو ژوورێکی سیحراویی سەیرەوە، تێگەیشتم ئێمە لەسەفەرێکی کوشندەداین، سەفەرێك کە پێشتر نەمانکردبوو. من ئاگرێکم دەبینی لە رووی دارای مەست بەربببوو، دەموچاوە پیرەکەی دەسوتاند، بۆنی پێستو ئێسکی دەموچاوی دەهات، خۆڵی ناو ژوورەکەی دەکرد بە سەری خۆیدا، بانگی کەسانێکی دەکرد من تاکو ئێستا ناویانم نەبیستوون، تا ئەو کاتانە ماموٚستاکەمان سەری لە ژێر ئەو پەڕۆ ڕەنگاو ڕەنگانەی سەر گۆڕی سۆفییەکە

دەرهێنا، دارای مەست لە هۆش خۆی چووبوو، جەمالەدین دەگریاو منیش سەرسامانە لە هەموویانم دەڕوانی، تا ئەوکاتانە هەستمدەکرد بەناو تاریکاییەکدا بۆ نزیك رووناکییەك دەڕۆم، لەو رێگایەدا گریانی درەختو گریانی باڵندەو گریانی پیاوانو گریانی سەدان ژنم دەبینی تێکەڵ بەیەك ببوون. دەرۆیشتم سوارێك لە پێشمەوە بەڕوتی لەسەر پشتی ئەسپێکی ماندوو دەگریاو ئاوڕی بۆ من دایەوەووتی: بگەڕێرەوە تاسەر ناتوانی بەو نورە بگەت، من هەموو تەمەنی خۆم بۆ گەیشتن بەو رووناکییە بە زەوی سپارد تاکو ئێستا پێی نەگەیشتووم. دەرۆیشتمو گوێم لەورتەورتی مامۆستاکەمانو خاوەنی ئەو گۆڕە دەبوو، بەردم دەبینی دەگریا، ئەوە یەکەم جاربوو بەرد ببینم بگری، لەناو فرمێسکی خۆیدا نقووم ببێ. دەمویست بزانم بۆچی دەگری، گەیشتبووم بە کەسانێك دەگریانو بەردەوام لە رۆیشتن نەدەوەستان، شوێنی لێدانو برسێتیی زۆریانی پەککخست بوو، مامۆستاکەمان قۆڵی گرتمو هاتمەوە سەرخۆمو تا بەردەرگای مزگەوتەکە قۆڵی بەرنەدام.

## گەشتی شارە وێرانەکان

(ئێوە دەتوانن دواجار تێبگەن بۆچی ڕەسوڵی بچوك نەیتوانی ژیان بۆ ناو جەستەی خۆی بگەڕێنێتەوەو ئەم کتێبەی ئاوا بەتێکەڵو پێکەڵی بەجێهێشت)
ئەوانەی ئەم حیکایەتە لەم کتێبەدا دەگێڕنەوە، تەنیا یەکێکیان ماوەو ئەوانی تر لەسەفەری دۆزینەوەی شارە شاراوەکاندا مردن، نەیانتوانی ژیان بدەنەوە دەست کەسێك کە دەیوویست تا دوا ڕۆژەکانی سەر زەوی بژی. ئەوەی ئێستا دەژیو لە سەفەری شارەوێرانەکاندا نەمرد، پیر پیر لەناو جێگەو لەناو ژووری مزگەوتێکدا و جار جار لە چەند ژوورێکی دەروێشەکاندا دەژیا، ئەوانەی لەگەڵ ئەمدا دەژیان، خۆیان ئەم شوێنانەیان هەڵبژاردبوو، دەیانوویست لەم شوێنانەدا بەدەروێشیو بەهەژاری بمرن، دەیانوویست گوێ لەم بگرن کە بۆچی نەیانتوانی ئەو شارانە بدۆزنەوە کە ڕۆحی ڕەسوڵی بچوکی تێدا شاردرابووەوە. بەمجۆرە دەروێشەکان دەیانوویست وانەیەکی نوێ لە مەولانا شەمسەددینەوە

فێرببن، بەڵام کەس لەوانە نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆی لێوەفێربن، چونکە هەموویان لە سێبەری خانووەکانیاندا بۆ خۆیان دەژیان نەك بۆ خەڵکیو فێربوون (ئەو کەسانەی تەنیا بۆ خۆیان بژین ناتوانن هیچ لەکەسانی ترەوە فێربببن) ئەمە دوا قسەی مەولانا شەمسەددین بوو بۆیان. پێی دەوتن (ئێوە ناتوانن هیچ فێربببن، لەو مێرووله باڵدارانە دەچن کە تەنیا بۆ چەند ساتێکی کەم لەزەت لە فڕین دەبینن، ئاوا ئێوە چەند گوێتان لە پەندو قسەی باشبێ لە هەڵسانتاندا لەبیری دەکەن، سۆفیو دەروێشانی ڕاستەقینە ڕقیان لە دیاریو نانی دەستی سوڵتانو میرەکان دەبێتەوە. ژیان لای ئەم پیرە نورانیانە نانێکە کە خودا بە سوتاوی بەمانی بەخشیوەو بەهەموو چێژی دونیای ناگۆڕنەوە. دەگێڕنەوە کە ئێواران برسییان دەبێت لەیەك کاتدا لە هەرکوێیەك بن دێنە دەرەوەی ژوورەکانیانو بەیەك دەنگ بە خوداو بەخەڵکی دەڵێن: نان لە پیرە سوڵتانێك وەرناگرین کە ئەو هیچ لە عەشقو ڕێگای ڕاستی نازانێت. ئێمە لەبرسی بووندا ئەو ڕێگایەمان بۆ دەدۆزرێتەوە کە پێیدادەگەین بە عەشقو سێبەری خالقەکەمان. ئەم دەنگانە دەگەیشتنە ناو هەموو ماڵەکانی خەڵکیو زۆرکات بە گریانەوە خەڵکی نانیان بۆ لای ئەم دەنگانە دەهێنا، بەبێ ئەوەی ئەمان ببینن، چونکە ئەوان لەناو نوری خۆیاندا ونبوون. ئەم پیرانە ئێستا بەسەری پەنجەکانیان ڕووناکی پیشانی ئەوخەڵکانە دەدەن

کە سەردانیان دەکەن، ئەمان بۆ خۆیان رووناکییەکی زەرد لە پێستە سپیو پاکەکەیانەوە دەردەچێت، ئەو خەڵکانەی دەچنە ئەوێ بۆ ئەوە ناچن تا رووناکیی خۆرو مانگو ئەستێرەکان بینن، بۆ ئەوە دەچن تا رووناکیی روی ئەم پیرانە ببینن، لای ئەم خەڵکە وایە تەنیا خودا رووناکیی خۆی بە رووی ئەم پیرانە داوە) مەولانا دەیوت (کەسانێك هەن خۆیان رووناکیی بۆ رووی خۆیان بەدەست دەخەن، بەڵام ئێوە نەتانتوانی بەو رۆژانە بگەن، چەند لەلای ئێوەم تکادەکەم ئیتر بەرابوردووتاندا بچنەوە ئەوساوەرن لە من بپرسن بۆچی شارەونبووەکانمان نەدۆزییەوە) مەولانا شەمسەددین ئاوا بۆیان دەدواو ئەوانیش جگە لەگریان هیچی تریان پێ نەبوو بۆوتن...
دەڵێن ژمارەی ئەوانەی بەدوای یەکتریدا بوونەتە تەواوکەری نووسینی ناو ئەم کتێبە، قسەکانی عابدی پیر خۆی و بەشێك لە قسەکانی مەولانا شەمسەددینی بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبە بەکارهێنابوو، دەیان وت کەسانێکی تر هەبوون دێڕە ناتەواوەکانی ناو ئەم کتێبەیان تەواوکردوە، دەڵێن هەیانبوو یەك دێڕی نووسیوەتەوە، هەیانبوو چەند وشەیەك، هەیانبوو بیست لاپەڕەیەك، هەیانبوو چەند لاپەڕەی لێ دەنووسییەوە، پەرتووکی (مردن بەپێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك) سەرەتا رەسوڵی بچوك دەستی بە نووسینەوەی کرد، بۆ بردنەوەی ژیان لە مردن ساڵانێکی دواتر کەسانێکی تر پەیدابوون

دەیانویست نەمرن‌و بگەنە دوا رۆژەکانی سەر زەوی. هەریەکەیان دەیوویست بە تەواوکردنی ئەم کتێبە ژیان لە جەستەی خۆیدا بۆ هەمیشە بهێڵێتەوە، بەڵام کەسیان نەیانتوانی هەڵەکانی رەسوڵی بچوك لەم کتێبەدا راستبکەنەوەو کۆتایی بە دوا بەشەکانی بهێنن. زۆرکەس دەڵێن ئەم کتێبە میرو سوڵتانەکان بۆ دەیان جار خستوویانەتە ناو ئاگرەوە، کەچی نەسووتاوەو وەکو خۆی ماوەتەوە، دەڵێن لەناو زەویە تەڕەکاندا بۆ چەندین ساڵ لە چاڵیان ناوە کەچی کە دەریان هێناوەتەوە وەکو خۆی وابووە، تاکە حەرفێك چییە لێی نەفەوتاوە. دەڵێن یەکێك لە کوڕی میرەکان بۆ ساڵێك ئەم پەرتووکە لای خۆی دەهێڵێتەوەو دواتر بەڵێن بە سوڵتانێك لە بەغداد دەدات کە بەدیاری بۆی بەرێت. ئەوانەی باس لەم ڕووداوە دەکەن دەڵێن ئەو شەوەی دەیوویست ئەم پەرتووکە لە سنوری دەسەڵاتی ئەم میرایەتیە دەربکات، بەگەیشتنی بۆ نزیك ئەسپەکەی دەمرێت، خەڵکی باس لە مردنی چەند کەسێکی تریش دەکەن کە ویستوویانە ئەم کتێبە لەم شارە بەرنە دەرەوە. دەڵێن شەو رەسوڵی بچوك هاتۆتە خەویان‌و پێیووتوون مردن لە رێگەتاندایە ئەگەر کتێبەکەم بەرنە دەرەوەی شار، پێی وتوون من رەسوڵی بچوك لە رۆژانی داهاتوودا دەگەڕێمەوەو هەموو ناتەواویی کتێبەکەم تەواودەکەم‌و تاسەر مەرگی هەمووتان دەبینم. بۆتان نییە شتەکانی من لەماڵەکەم بەرنە

دەرەوە. بەمجۆرە لە دوای پرسەی ئەم کوڕە میرە، پیاوانی میر کۆدەبنەوەو بەدەم درودو پاڕانەوەوە، بەگیانی نوێژییەوە، بەپێ بۆ چەند ڕۆژێك ڕۆیشتن، ئەم پەرتووکە دەگەڕێننەوە بۆ تەکیەکەی (عابیدی پیر) لەشوێنێك کە خەڵکی پێیان دەوت (دەرگا شێخان) دەڵێن بەگەڕانەوەی ئەم پەرتووکە عابیدی پیر لەگەڵ دەیان موریدو سۆفییەکانیدا ئەو ڕۆژە دەیکەنە ڕۆژێکی خۆش‌و خەڵاتی ئەو پیاوانەش دەکەن کە پەرتوکەکەیان گەڕاندۆتەوە، عابیدی پیریش بەر لەونبوونی ئەو پەرتووکە بۆ هەمیشە، لە دوای چەند ساڵێك دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو ماڵەکەی ڕەسوڵی بچوك. دەڵێن زۆرکات بازرگانیی کتێب‌و دەستنووسەکان، قاچاخچی‌و تادەگات بە سوڵتان‌و میرو تا دزەکانی وڵاتیش هەوڵی بەدەستخستنی ئەم کتێبەیان داوە تا ڕۆحی خۆیانی پێ لە مردن ڕزگاربکەن. ئاخر جاری‌وا هەبووە لەشکری سوڵتانەکان بەرامبەر بەیەك ڕاوەستاون بۆ بەدەستهێنانی ئەم کتێبە، بۆ دەیان ڕۆژ لەگەڵ یەکتریدا خوێنیان ڕشتووە. دەڵێن ئەم پەرتووکە لە سەر هەر زەوییەکدا بوایە برسێتی‌و نەبوونی‌و گرانی تێدا ڕووی نەدەدا ، کەچی بە هەموویان نەیاندەزانی ئەم کتێبە پڕە لە ناتەواوی‌و کەسیش ناتوانێت کەموکوڕییەکانی تەواوبکات. ئەمە قسەی مەولانا شەمسەددین بوو بۆ ئەو کۆمەڵە دەروێشەی کە بەگریانەوە گوێیان بۆی ڕاگرتبوو

پێوتبوون(سەرەتای پەڕەکانی یەکەم تا دەیەم پەڕەی ئەم کتێبە وێنەی دەیان مێرووڵەو دەموچاوی ژنێکی نورانیی تێدا کێشراوە)

ئەو پیرانەی ماون هەموویان بڕوایان بەوە هەیە کە رۆژگارێکی زوو، دوو پیاو، دوو کەسی هەژارو کلۆڵ بۆ یەکەم جار ئەم کتێبەیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتە سەر ئەم خاکەو رووناکییان گەیاندۆتە ناو دەروونی تاریکی ئەم خەڵکەوە. دەڵێن ئەم دوانە لە دەست زوڵمو زۆری سوڵتانو پیاوخراپانی شارەکانی تەورێزو هەمەدان خۆیان گەیاندۆتە ئێرەو بۆ یەکەمجار دەگەنە گوندێکی چەند ماڵەی ناو چیایەکی ڕەقو تەق، گوندێك کە تەنیا دوو ڕەزی بچوکیان هەبووە لەوەرزی هاویندا ترێیان بەکەمی لێدەڕنی، لەم کتێبەدا ئاوا نووسراوە (کەس بۆ چەند رۆژێك میوانداریی ئەم دوو لاوە ناکات، تا ئێوارەیەکی چوارشەمە بێوەژنێکی گەنج دەرگایان لێدەکاتەوەو پێیان دەڵێت ئایا عەشق ئێوەی سەرگەردان کردووە یان بەشوێن شارێکی ونبوودا دەگەڕێن؟ یان ئێوە خودا لەسەر گوناە دەربەدەری کردوون؟) ئەوان لەبەر ماندووبوون ناتوانن ئەو شەوە وەڵامی ئەو بێوەژنە بدەنەوە. لە بەشێکی ئەم کتێبەدا کەسێك بەناوی (عابید) کە رەنگە زۆرترین هەڵەکانی ناو ئەم کتێبە ئەم راستی کردبێتنەوە دەڵێت: (بۆ بەیانی ئەم دوو لاوە هەموو پیاوەکانی ئەم گوندە کۆدەکەنەوە کە ژمارەیان هەژدە

پیاودەبوو، تەنیا نۆ کەسیان ژنیان هێنابوو، بەم پیاوانە دەڵێن بۆچی دەرگاتان لێ نەکردینەوە کە هاتینە بەردەرگاتان؟ کە دەزانن هەمووتان رێبوارن لەم سەر زەمینەداو دەبێ هەمووتان رێگای سەفەر بگرنە بەر. سەرئەنجام دوو دەرگا بەڕووتاندا دەکرێتەوە، دەرگای بەهەشت یان دەرگای دۆزەخ ، ئیتر ئێوە چۆن چۆنی دەرگا لە کەسانی رێبوار دادەخەن؟ ژیان دیوێکی تری مردنە، بەڵام بەجۆرێکی رووناکتر، ئایا ئێوە خودا عەقڵی پێ نەداون لە کاتێکدا ئەوانەی دێنە بەردەرگاتان ئەگەر کفرکەربن کفرتان بەش دەدەنو ئەگەر ئیمانداریشبن رێگای رووناکتان پێ نیشاندەدەن، چۆن دەبێت دەرگا بەڕووی رێبواراندا داخەن ئەی نەزانینە؟)
ئەو رۆژە ئەو پیاوانە پەشیمانی دایگرتبوونو لەو کوپە شەرابە ترێیانەی هەیانبوو بەشی ئەو دووپیاوەیان دابوو، داوای بەخشینو لێبووردەییان کردبوو، لەدوای خواردنەوەی شەرابی ترێ ئەوان کوپە بەتاڵەکانیان بە بەتاڵی بەخشیبوو بە بێوەژنەکە. ئەم دوو لاوە، کە یەکێکیان باڵا کورتو مووەکانی دەموچاوو سەری زەردو لەلای راستی دەموچاوییەوە خەتێکی باریك کە لە شوێنی برینێکی سەردەمی منداڵیی دەرکرد پێوە دیار بوو. ئەوی تریان باڵای بەرزو مووەکانی ڕەشو چاوێکی گەورەو سنگێکی پانی هەبوو، ئاوا لەم پەرتووکەدا هاتووە کە ئەم دووانە ناویان (عسیاو موسا)بووە،

ئەوانەی ئەم چیرۆکەیان لەم پەرتووکەدا گێڕاوەتەوە بڕوا بەوەدێنن ئەم دوانە عیساو موسا دواتر دەبنە دوو گەورە سۆفیی سەر ئەم خاکەوێرانەیە، ئەوەی دیارنییەو نازانن ئەم دووانە چۆن چۆنی تێکەڵ بەزەمەنی یەکتر بوونو چۆن چۆنی بەیەکەوە گەیشتوونەتە سەر ئەم خاکە، هیچ کام لە نووسەرەکانی ناو ئەم کتێبە باسیان لەم حاڵەتە نەکردووەو نەیانزانیووە ئایا ئەمانیش دوو پاڵەوانبوون رەسوڵی بچوك بۆ رزگاربوونی رۆحی خۆی جارێکی تر گەڕاندوونیەتەوە ناو ئەم کتێبە یان نا. تەنیا لەچەند دێڕێکدا کەسێك بەناوی (بابا خالید) نووسیویەتی مادام ئەمان بەشوێن رێگای رووناکیدا گەڕاون خودا بۆخۆی تا رۆژی قیامەت ئەمان لەسەر زەوی دەهێڵێتەوەو دەیان کاتە هاورێی یەکترو لە یەکتریشیان جودا دەکاتەوە. کارەکانی خودا ئاوایە، لەیەکتریمان دادەبڕێتو بەیەکتریشمان ئاشنادەکاتەوە، لە دەریای ناخۆشیدا نوقوممان دەکاتو جارێکی تر لە دەریای خۆشیدا رۆحمان بەبەردا دەکاتەوە. خودا سۆفییەکان بە زۆر شێوە نیشانی ئێمە دەدات، لەبەرگی رێبوارێکدا یان لەبەرگی هەژارێکی برسیدا، ئەمان لەوانەبوون کە نەیانتوانی رۆحی مامۆستا پیرەکەی خۆیان رەسوڵی بچوك لە مردن رزگاربکەن، هەر ئەم پیاوە وتبووی بەشی کۆتایی کتێبەکەی رەسوڵی بچوك شێوێندراوەو کەسانێك بۆ نەمریی خۆیان دەستکارییان کردووەو وێنەو

حەرفەكانیان بۆ زیادكردووە. ئەو پیاوە وتبووی نووسخەی یەكەمی ئەوكتێبە بە تەواوی وەكو خۆی بە هەڵەكانی رەسوڵی بچوكەوە تا زەمەنێكی زۆر لای ئیمامی گەورە (حەسەنی گڵەزەردە) بووەو لەتەكیە بچوكەكەیدا دەپیاراست..

لەناو ئەم كتێبەدا كە دوای رۆژگارێكی زۆر، دوای چەندین جار شاردنەوە، دوای دەیان ساڵ كەوتۆتە لای سۆفییەكی گەورەی وەكو (مەولانا شەمسەددین)و لەدوای مەرگی ئەمیش دەگاتە لای زۆر كەسی تر، تا دەگاتە رۆژگارێكی تاریك، كە بە رۆژگاری سووتانی دەستنووسەكان بەناوبانگە. ئەم كتێبە كە هێشتا پێوویستی بە تەواوكردنە، لەناو ئەم پەرتووكەدا باس لەوەدەكرێت بەر لەوەی (رەسوڵی بچوك) بمرێ دوو لاوی رێبوار بە بەرگی جوانو بۆنی خۆشەوە دێنە لای شەوێك، ئەوەی پێدەڵێن خودا نیشانەی زیرەكیو تەمەندرێژیی پێداویت، بەڵام دەبێ سەفەری رێگای رووناكی بكەیتو لەو رێگایانەدا حیكمەتو قسەی خۆت بۆ خەڵكی بكەیت، بە گەیشتنت بۆ سەرخاكی ئەو كەسانەی كە هیچ لەڕاستیوتن نازانن، تۆ بۆ دەیان ساڵ لەناویاندا دەژیتو نەمر دەبیت، ئەوشوێنانە جێگەی تۆیە نەك ناو ئەم خانووە بە كەلاوەبووە.

پیاوێكیوەكو (جەمالەدین) كە كەسێكی تر لەزمانی ئەوەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت: من بۆ ئەوەی بە دوا كەسی

دۆزەرەوەی شارە شاراوەکان ناوم بهێنرێت لە شاری کتێبفرۆشان‌و شارەکانی تردا رێگای هەڵەم نیشانی هاوڕێکانم دەدا، ئەمەش من لە خۆمەوە نەمدەکرد ئەگەر رەسوڵی بچوك نەبوایە، ئەو لە ترسی رۆحی خۆی منی لەناو ئەم کتێبەدا ئاوا نەخستایەتە سەر ڕێگای بە هەڵەبردنی هاوڕێکانم بۆچی دەمتوانی هیچ بکەم؟ ئەوانەی لە مردن دەترسن هەمیشە ئاوا وەکو رەسوڵی بچوك بەردەوام ژیان پڕدەکەن لە هەڵەو ناتەواوی، من دەبێ بڵێم چیرۆکی دوو لاوەکە، چیرۆکێکە ئا بەمجۆرەیە: ئەوکاتانەی ئەم دوو لاوە (عسیاو موسا) گەیشتنە سەر ئەم خاکە چییان بینی؟ چۆن چۆنی بۆ هەموو دەردەسەرییەکانی لەناوچوون‌و داماویی خەڵکی گریابوون؟ ئەوان سەیریان لەم ناوچە فراوانە کاولەیە هاتبوو، شوێنەواری سەدان پەرستگاو، مزگەوتی سوتاو، شوێنەواری سەدان تەکیەو خانەقای کاولکراویان بینی بوو، گەڕابوون لەو شوێنە سووتاو و کاولکراونەدا تا توانیبوویان گریابوون، سەدان گۆڕو سەدان تەرمو لاکی ئاژەڵیان بەیەکەوە بینی بوو. ئەم دووانە دەیان پیاوی چڵکن‌و ریش هاتوو و روتوقوتیان بینی بوو. سەدان ژنی نیمچە روتیان بینی بوو، بەترسەوە لەبەردەم ئەم دوولاوەدا کۆببوونەوە، ئەم خەڵکە وتبوویان ئاخر هەر ساڵێك جارێك لە شکرێك لێرەوە بەناوی لە شکری ئیمان‌و رووناکییەوە دێت‌و وەکو بێئیمان رەفتار لەگەڵ ئێمەدا

دەکەن، نازانین کەی خودا ئێمەیش دەکاتە خاوەن لەشکر، تاهەقی خۆمان لەمانە وەربگرینەوە. چیرۆکی ئەم دوو لاوە لەم کتێبەدا دەکاتە زیاتر لە حەوتسەد لاپەڕەو رەسوڵی بچوك بە ناتەواوی بەشەکانی تری لە ئێمە شاردۆتەوەو تەنیا چەند لاپەڕەیەکی کەمی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە. ژیانی ئەم دووانە پڕە لەقوربانیدان‌و برسێتی‌و عەشق‌و رۆژگاری تاریك . ئەم دووانە بۆ زەمەنێك کە ساڵ‌و مانگی دیارنییە لەم سەرخاکەدا دەمێننەوە. ژوورێك‌و هەیوانێك لەناو رەزێکی بچوکدا دروستدەکەن. دەڵێن چرایەك بە بەر هەیوانەکەیاندا بۆ رووناکیی هەموو گوندەکە هەڵدەواسن، لە هەموووەرزەکاندا لەبەر کرێوەو تۆفان‌و بای وەرزەکاندا ئەم چرایە نەکوژاوەتەوە، لەناو لاپەڕەی سەدو هەشتای نوسخەی یەکەمی ئەم کتێبەدا هاتووە، ئەم دووانە دوو سۆفیی نورانی بوون، لەسەر دەستی ئەمانیشدا کەسانێکی زۆر بوونە سۆفی‌و شەوان لەبەر هەیوانەکەیاندا لە رۆح‌و خوداو ئیمان‌و رووناکی دەدوان، رۆژیش زانستی ئەستێرەناسی‌و بیرکاری‌و فێربوونی رۆیشتن‌و ناسینەوەی دەریاو رووبارەکانیان لە سەر نەخشە کۆنەکاندا فێری قوتابییەکانیان دەکرد. زۆربەی شەوانیش لەو شارانە دەدوان کە رۆحی رەسوڵی بچوکی تێدا نەگەڕایەوە لای جەستەی، ئەو دەروێشانە کەناوی رەسوڵی بچوك دەهات ئەوەندە بەتووندی دەگریان

دەشتودەر هەموو گوێی لە گریانیان دەبوو، ئەو پیرە سۆفییەی بەدەم هەموو خواستەکانییەوە بۆ رزگاربوونی رۆحی لەناو وڵاتێکی پڕ لە زێڕو زیودا بۆ نانێك برسی بوو، کەچی لەدەرگای کەسی نەدەدا، تا بە سەر دەستنووسی کتێبێکی تەواونەکراوە مرد. ئەو دەروێشانە بۆ رۆحی رەسوڵی بچوك سەیر دەگریان‌و لەخۆیان دەداو هاواریان لە رۆحی پاکی دەکرد. ئەم دوو لاوە دەچوونە ناو خەڵکی‌و دەستی خێریان بەسەر نەخۆش‌و برسی‌و پیرەکاندا دەهێنا، ئەوان دەچوونە بەردەرگای هەموو خەڵکی، تەنیا پێوستیان بە بەردەرگای سوڵتانەکان نەبوو، ئەوانەی ئەم پەرتووکەیان بینووە تێیدا نەهاتووەو نەیانخوێندۆتەوە کە تاکو ئێستا ئەم خەڵکە بووبێتن بە خاوەن لەشکرو هەقی خۆیان وەربگرنەوە لەوانەی کە هەمیشە بەناوی کوفرەوە شارو گوندیان کاولکردوون‌و خۆشیانیان کوشتوون. ئەم بەشەی کتێبەکەی رەسوڵی بچوك لێرەدا بەناتەواوی جێهێڵدراوەو مەولانا دەیوت کەس ناتوانێت تەواوی بکات.. کەس.

## فاتمەی خۆر

ئاوا پیاوێکی پیر کە تاسەر بۆنی زەمەنێکی خنکاو و بێزراوی لێوە دەهات، لەناو جێگاکەیدا کە رۆژانە لەلایەن کچەکەیەوە (فاتمەی خۆر) بە بۆنی رێحانەو

نەعنا تەڕدەكراو هەمیشە بۆنی لێ نەدەبڕدرا، تا ئەو كاتانەشی جارێكی تر كەوتەوە سەر پێی خۆیو بەوتەمەنە زۆرەوە كەوتەوە گەڕانو تەواوكردنی قسەكانی خۆی، ئەو كچەی خەڵكی بۆ نەخۆشیو ژانی منداڵ بوونو چاوئێشەو بۆ پێكگەیشتنی عاشقانو هێنانەدیی خەونەكانیان هەمیشە دەهاتنە لای، خەڵكی ناویان نابوو (فاتمەی خۆر) دەیانزانی ئەم ژنە سەدان سەفەرەی لەگەڵ مامۆستاكەیدا بۆ دۆزینەوەی شارە شاراوەكان كردووەو لەو شارانەی سەفەری بۆكردوون سەدان كتێبو نووسراوی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە، خەڵكی دەیانزانی لەیەكێك لەو سەفەرانەیدا پیاوێكی ئەندازیار دەناسێتو عاشقی دەبێت. مەولانا شەمسەددینی باوكی بەبێ دوودڵی لە یەكیان مارەدەكات، دەڵێن فاتمەی خۆر تاكو ئێستایش بەشوێن دۆزینەوەی ئەو پیاوەدا هەموو ساڵێك شارەكان دەگەڕێتو بۆی نادۆزرێتەوە، خەڵكیو حیكایەتخوانەكانی ئەمڕۆ دەڵێن ئەو پیاوە بۆتە هۆی كوشتنی فاتمەی خۆر. فاتمەی خۆر بەخەڵكیوتبوو: ئەو پیاوە بەشوێن رزگاربوونی رۆحی خۆیدا هەموو خۆشییەكانی ژیانی لە من تێكدا، ئەو بەشوێن رووناكیدا دەگەڕێتو منی بیرچۆتەوە، منیش دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوەو پێی دەڵێم ئەو رووناكییەی تۆ بە شوێنیدا دەگەڕێیت ئەوەتا لەناو جەستەی مندا گەمژە، ئیتر هیچ شوێنێك مەگەڕێ، چونكە هەموو لایەك پڕ لە

تاریکی، تەنیا ناوجەستەی من نەبێت کە رووناکی بە ئەندازیارێکی وەکو تۆ دەبەخشێت. من ئەم شتانە لە سەفەرە دوورەکانمدا فێربووم، ئەگەر دۆزیمەوە ئاوای پێدەڵێم، دڵنیام هەر دەیدۆزمەوە، چونکە ناکرێت کەس عاشقی خۆی لەم سەر زەویەداونبکات، ونبوونی عەشق لەلای یەکتری گوناهێکە لە گوناهەکانی تر زۆر گەورەترە، من کە ئەم شتانە بەئێوە دەڵێم ئایا ئێوە دەتوانن حەرفێکم فێرکەن ئەی خەڵکینە؟.

خەڵکی لە شارە دوورەکانەوە، لە گوندو لە ناو رەزو لە ناو چیاوشكو تاریکەکانەوە، بەردەوام درێژایی ڕێگاکانیان دەبڕیو دەگەیشتنە ئەم گوندە، دەهاتنە لای فاتمەی خۆر. ئەو کچەی کە لە باوکیەوە فێری دەیان حیکمەتو چارەسەری گرفتی خەڵکی ببوو، ئەوانەی دەهاتنە لای بێدەنگ وەکو گوناهبارێك لەبەردەستیدا ڕادەکشان، نێرو مێ وەکو یەك لە بەردەمیدا سەیری رووناکیی چاویان دەکرد، زۆرکەم دیاریی لەوخەڵکە وەردەگرت، ئەودیاریەشی کە وەریدەگرت تەنیا گەنم بوو، زۆرکات بەخەڵکیو بە نەخۆشەکانی دەوت لە بری دیارییەکانتان بۆ من بچن لە دەوری ماڵەکانتان یەك دوو نەمامی بەردار بڕوێنن یان یەك دوو مشت گەنم بچێنن. شەوان دەیان کەس لە دەوری ماڵەکەی دەمانەوەو بەچرپە لە رووناکیی رووی فاتمە دەدوان، خەڵکی بە باوکی ئەم کچەیان دەوت (مەولانا شەمسەددین) پیاوێك تا

ئەوکاتانەی لەناو جێگەکەیدا نەکەوتبوو، تا ئەوکاتانەی پیربوون ژیانی بەناو ئەم جێگەیە نەبەخشی بوو، بەیانیان زوو کەس پێش ئەم بەخەبەر نەدەهات، کەس نەیدەتوانی پێش ئەم یەکەم تیشکی خۆری بەیانی ببینێت، پیاوێك بوو زۆر کات بەیانیان بۆ نانخواردن دەچووە لای ئەو پیرێژنەی کە کەسی نەمابوو، ئەم کە دەچووە لای بۆخۆشی ئەم ژنە پیرە یەك دوو پارچە نانی ڕەقی لەگەڵدا دەخوارد. ماڵی ئەم پیرێژنە هەمیشە بۆنی گەڵای تەڕی لێوەدەهات، بۆنێك کە دواجار جەمالەدین ویستی هەموو بۆنەکان لەم گوندەدا بدزێتو بیگەیەنێتە ناو ژوورەکانی (میر خەلیل)، ئەو بەشەی کە ڕەسوڵی بچوك لە چەند دێڕێك زیاتر بۆ پەیوەندیی نهێنیی نێوان جەمالەدینو میر خەلیل هیچی تری نەنووسیوە، لە ژێر ئەو چەند دێڕانەداوێنەی مرۆڤێکی بەدو دەموچاوی شێواوی کێشاوە، ئەم بەشەی کتێبەکەشی وەك زۆر بەشی تر بە ناتەواوی بەجێهێڵاوە، ئاخر جەمالەدین هەموو شتێکی دەکرد تەنیا کاری چاکە نەبێت، ئەو پیاوەی دواجار شەوێك بە کراسەکەی بەری خۆی لەناو گوندێکی تاریکدا دەیخنکێنن، کە ڕەنگە ئەمە هەڵەیەکی کوشندەی ناو کتێبەکەی ڕەسوڵی بچوکبێت کە مەرگی گەیاندە رۆحی جەمالەدین لێرەدا، چونکە زۆرکەس دەڵێن ئەو کتێبەی بینیوویانە کە بە کتێبە تەواوکراوەکەی ڕەسوڵی بچوکی دەزانن دەڵێن، جەمالەدین نەمردووەو نەکوژراوە، بۆ

خۆیشی ڕەسوڵی بچوك تەنیا ئەوەندە لەسەر مەرگی جەمالەدین دەڵێتو هیچی تر بۆ مەرگی ئەو پیاوە فێلاوییە ناڵێت.

مەولانا شەمسەدین، ئەم پیاوە بەیانیان زوو لەناو جێگەکەی دەهاتە دەرەوە، لە هەموووەرزەکاندا دەچووە بەرزایی پشتی گوندەکەو زۆرکات نوێژی بەیانیی لەوێدا دەکرد. دەڵێن سەرەتای هاتنی ئەم پیاوە ئاوابووە: شەوێك وەکو تۆپەڵێك ڕووناکی دێتە ناو ئەم گوندەوەو لەناو مزگەوتە بچوکەکەدا بۆ چەند ڕۆژێك دەمێنێتەوە، تا پشوودەداتو دەچێتە لای ئاغای ئەم گوندەو خۆی پێدەناسێنێتو پێی دەڵێت: تاکو ئێستا زۆر زوڵمت لەم خەڵکە کردووە، دەیان شوێنی خەڵکی ترت بەناهەق کردووەتە موڵکی خۆت، تۆ نازانیت ئینسان لەم دونیایەدا پێویستی تەنیا بە شوێنی خەوتنەکەی خۆیەتی نەك ئەم هەموو زەوییە زۆرانە، بۆیە دەکرێت ئەم شتانە بدەیتەوە بە خاوەنەکانیانو لەبری ئەو هەموو گوناهانە بچۆ بۆ ماوەی بیست ساڵ، سواڵبکەو کۆی ئەو شتانەی بەسواڵی دەستت دەکەوێت بیدە بە منداڵانی ئەم گونەدەو گوندەکانی تر لەبری گوناهەکانت، منیش دوعای خێرت بۆدەکەم ئەگەر ئەمەتکرد.

عابیدی پیر ئەم شتانە دەگێڕێتەوەو دەڵێت: هەر ئەو ڕۆژە ئەو ئاغایە کە ناوی (تەیمور) بووە، لە ترسی ئەو ڕووناکییەی لە چاوی ئەم پیاوەدا بینیبووی،

دەستبەرداری هەموو شتەکانی خۆی دەبێتو دەکەوێتە گەڕان بە شارو گوندەکانداو ساڵانە بەرهەمی ئەو سواڵکردنە دێنێتەوەو لە بەرماڵی مەولانا شەمسەددیندا دایدەنێت تا ئەم بیدات بەمنداڵانی ئەم گوندەو گوندەکانی تر..

تاپیرێتی لەناوجێگەکەیدا ئاوا جەستەی بەم دەردە نەبردوبوو، مەولانا شەمسەددین سەراپای ئەم ناوەی کردبوو بە رووناکیو خێروخۆشی بۆ خەڵکی، جەستەی سپی سپیو لاواز وەکو توڵە نەمامێکی پاککراو لەناو بۆنی خۆشدا چاوەڕوانی مەرگی دەکرد. ئەو گەرچی زۆرکات لەناو جێگەکەیدا لەبەر پیرێتی دەکەوت، بەڵام زۆرکات کە ئازاری نەدەماو دوای پشوودان، دەستی دەکردەوە بە گەڕانو قسەکردن بۆ خەڵکی. ئاوا تاکو ئێستا زۆرشتی ئەم ناوەی بۆ دەگێڕامەوە، حیکایەتی ئەو دەردو نەخۆشیانەی زۆربەی زۆری خەڵکی ئێرەی لەناوبرد، ئەوکاتانەی دەهاتە سەر باسی زوڵمو تاوانەکان بەرامبەر بە خەڵکی، دەمبینی فرمێسك بەچاویدا دەهاتە خوارەوە، دەگریا، دەستی بۆ باخێك رادەکێشا کە پڕبوو لە دارهەنارو سێو و هەرمێ، لە لای خواری ئەم باخەوە ریزێك دارچناری بەرز باخەکەی بە سێبەر دادەپۆشی. من شەوێك لەناو شەپۆلێکی بارانبارینو تۆفاندا شەوێك کە چاو هیچی نەدەبینی، من لە ناو ژوورەکەی خۆمەوە رووناکییەکی وەکو خۆرم بینی لەناو ئەو دارانەدا، ئەو

رووناكییه تادەهات نزیكدەبووە لە من، كاتێك یەكێك لەدەرگاكەی دامو كردمەوە (مەولانا شەمسەددین) بوو، بینیم هەموو گیانیوشك وشكە وەكو خۆڵی ناو قووڵایی زەوی، بەپێكەنینەوە پێی وتم: تەنیا ماڵی تۆ ئەم روناكیەیی تێدایە، دەستم لە جلوبەرگەكەیەوەدا تا دڵنیابم وشكە، هەستی پێكردمو پێی وتم: فێربە كەسێك بتوانێت؟ بەم شەوەببێت بەنوور چۆن چۆنی تەڕدەبێت، ئەو شەوە لای من مایەوە، عاشقانە دەدواو پێی وتم: ئەم خاكە ئەوەندە كۆنە هەر بستێكی شوێن پێ و دڵۆپە عارەقەی ئەو عاشقانەیە كە نەیانتوانی بگەن بە عاشقەكانیان، من چونكە عاشقم شوێن پێو هەناسەی هەموو ئەوانە دەبینمو دەبیستم، ئەم ڕێگایە ئەوەندە ترسناكە كەم كەس دەتوانێت بەرگەی پێدا ڕۆشتنی بگرێت، تۆیش عاشقبە، تاوەكو من زۆرشت ببینیتو ببیستیت. ئەو شەوە من لە ترساندا نەخەوتم، لە سەر جێگەكەی خۆم مەولانا شەمسەددینم خەواند، خۆیشم لەسەر خۆڵی ژوورەكە تەنیا تەماشای نووستنەكەیم دەكرد. بەیانی كە بەخەبەرهاتو بینیی لە جێگەكەی مندا نووستووەو منیش لە سەر خۆڵی ژوورەكەمم، چونكە هەر ئەو جێگەیەم هەبوو بۆ نووستن، پێی وتم: خودا ئەمشەو منی بۆ تاقیكردنەوەی تۆ نارد، كە دەبینم لەسەر ئەو خۆڵە ساردە نووستوویتو منیش لەسەر جێگەكەت تابەیانی نووستوم، ئیتر دەزانم هێشتا خودا زەویی خۆشدەوێتو نایدا بەدەست

کەسانێکەوە کە پڕیدەکەن لە رق‌و خۆپەرستی. ئەوشەوە زۆر شتی بۆ گێڕامەوەو پێی وتم: شەوێك ئاوا گەیشتمە بەردەرگای کچێکی ئەم گوندە، کە لەدەرگاکەیم دا نەیکردەوەو پێی وتم: من هیچ لە نوری خودا نازانم، تەنیا عەشق نەبێ، لێمگەڕێ ئەمشەو عاشقەکەم بەدزییەوە لام میوانە، خودای خۆت بۆخۆت، ئەمشەویش بۆ من، تۆ لەلای خودا نورت دەستدەکەوێت، منیش ئەمشەو لای ئەم کوڕە عەشق.

بەڵێنم پێدا تابەیانی لە سەربانی ماڵی ئەو کچە مامەوە تا پاسەوانییان بکەم. نەمهێڵا کەس ئەو شەوە جوانەیان لێ تێکبدات، هەمیشە پاسەوانی عاشقان‌و پاراستنیان بەشێکە لە رۆحی زیندووی مرۆڤ. تۆ دەزانی زۆرکات خودا ئێمە بۆ ئەم جۆرە کارانەیش هاندەدات، ئەوانەی رێز لەعاشقان دەگرن، رێز لە چاوی خۆیان دەگرن. ئەی عابیدی پیر، ئەم شتانە لەمنەوە فێربە تا گوناه دەرهەق بە عاشقان نەکەیت ئەگەر لە ژواندا بینیتن. بۆ بەیانی کە بینیم عاشقی ئەوکچە رۆیی، چوومەوە خوارەوە بۆ لای‌و لەدەرگاکەیم دا، کەچی جارێکی تریش بانگی کردم‌و پێی وتم: بڕۆ من هێشتا لەبۆنی عاشقێکدا دەژیم چاوم کەسی تر نابینێت، سبەینێ‌وەرەوە تا من تۆ ببینم نەك تۆ من ببینیت.

لەژێر سەرینەکەی مەولانا شەمسەددیندا دەفتەرێکی گەورەت دەبینی، تاکو ئێستاش رۆژانە ئەو یاداشتەکانی

لە دوا پەڕەکانیدا تۆماردەکات، زۆرکات فاتمەی خۆر حەرفەکانی بۆ تۆختر دەکاتەوەو لەلای دادەنیشێتەو تەماشای دەستوخەتە جوانو رێکەکەی دەکات. فاتمەی خۆر جارێك بۆی گێڕامەوەوپێی وتم: جارێك باوکم بۆ چوار رۆژ چاوەکانی داخرانو گیانی ببوو بە بەردێکی رەق، زۆرکەس لە خەڵکی گوندەکەمان وتیان مەولانا شەمسەددین مردووە. تەنیا کچە عاشقەکە نەبێ کە هەموو ئەو قسانەی بەدرۆ دەخستەوەو دەیوت: لێیگەڕێن چۆتە سەفەرێکی چەند رۆژە، ئەو ئێستا ناتوانێت بەجەستە سەفەر بکات، بۆیە رۆحی خۆی بۆ ئەم سەفەرە ناردووە تا رۆحی کەسێك بدۆزێتەوە کە دەیەوێت مردن بخاتە دوا رۆژەکانی سەر زەوی. من بڕیارم دا تائەوکاتەی بەهۆش خۆی دێتەوە بەجێی نەهێڵم، دوای چوار رۆژ ئەم پیاوە چاوەکانی کردەوە، من یەکەم کەس بووم کردنەوەی چاوەکانیم بینی، دەستی گرتمو پێی وتم: هێشتا لێرەی کچم، بڕیاربێت منیش خزمەتێك بە تۆ بکەم، بەڵام پەلەم لێمەکە، خۆزگە لەگەڵمدا بوویتایە لەم سەفەرانەمدا تا لەناو دارچنارە تەڕەکاندا لەگەڵ دەیان دەروێشدا پێکەوە لە پێشوازیی رەسوڵی بچوکدا بووینایە، کە کەمێك لێمان توڕەیە، چونکە ئەو هێشتا دەیەوێت بژیو مەرگ بخاتە دوا دوای تەمەنی هەموو کەسێکەوە، بۆخۆیشی بەشوێن ئەو شارەدا دەگەڕێت کە رۆحی تێداونبووە. من دەبێت هەموو ساڵێك لەیەکەم رۆژی مانگی ڕەمەزاندا ئاوا

سەفەرێکی چوار رۆژە بکەم، دەبێت لەگەڵ دەیان پیاوی تردا بچینە سەر رێگەی سەفەری پیاوچاکانو یاوەریان بین تا دەگەنە شوێنی پشوودانیان، ئەو چوار رۆژە سەفەرێکە من بە درێژایی هەشتاساڵە لەمانگی رەمەزاندا ئاوا سەفەر دەکەم، سەفەرێکە هیچمان تاکە نوێژێك چییە نایکەین، پارویەك نان چییە نایخۆین، دڵۆپێك ئاو ناچێتە گەرومانەوە، سەفەرێکە من تاکو ئێستا تەنیا خۆمو پیاوێکی تر لەلای خۆمان دەبینم هاتبێتە ئەم سەفەرە، ئەو پیاوە کە هەمیشە لەم سەفەردا دەیبینم تەنیا چەند مشتە خۆلێك لەپیاوچاکان وەردەگرێتو هیچی تر، ئەو خۆڵە دەکاتە ناو تورەکەکەی سەر شانیەوەو کە دەگەینەوە سەر ئەم خاکە، ئەو خۆڵە دەباتە ناو مزگەوتەکەیەوە، ئیتر کەس هیچ لەبارەی ئەو خۆڵەوە نازانێت، منیش هەمیشە بۆ ئەم سەفەرە تەنیا گۆچانێکی دارهەنار دەگرم بەدەستمەوەو لە ڕێگا، لە شەوی چوارەمدا بە شەرمەوە دەیبەخشمە یاوەرانی پێغەمبەر، ئەوانیش دەستی ماندوویان دەهێنێت بە دەستمداو تێر بۆنی توێکڵە تەڕەکەی گۆچانەکە دەکەنو هیچ قسەیەك ناکەن، چوار رۆژ ئەوان لەناوماندا دەبن، زۆرشت ماوە من دەربارەی ئەم سەفەرە بیگێڕمەوە، ناتوانم ئاخر رەسوڵی بچوك رێبوارێکی ماندووی ئەم سەر زەویانەیە، ئەو هیچ دەربارەی هەڵەو کەموکوڕییەکانی جەمالەدین نازانێت، کە خەڵکی بەناوی ئەوەوە فریوودەدات. ئەو پیاوێکە

گیرۆدەی دەستی ئەم کەسانەیە کە لەماڵەکەی خۆیدا فێڵی لێدەکەن، هەموو سامانو شتەکانیان برد، ژنێك لە بوونی رەسوڵی بچوکدا هەبوو ئەو ژنەی دواجار فەرمانی دا بەپیاوە وەحشییەکانی ناو کاروانەکەی تا ماڵو ژیانی رەسوڵی بچوك لە هەموو شتێك تاڵانبکەنو لە ماڵەکەی دووری بخەنەوە، بە فەرمانی ئەو ژنە هەموو جەستەی رەسوڵی بچوکیان سوتاند کەچی نەسوتا، وەکو خۆی تەماشای دەکردنو بۆیان پێدەکەنی، ئەوان ویستیان هەموو گیانی بشکێننو بەدەستی بەتاڵ لە بیابانێکدا جەستەی پاکیان بە شەو سپارد، بەڵام ئەو نەمردو گەڕایەوە ناو کەلاوەکەی خۆی. ئەو ساڵانێك گەڕا تا ئەو ژنە بدۆزێتەوە، تا داوای هەقی خۆی لێبکاتەوە، رەسوڵی بچوك وەکو کەس نەبوو، کە کەسێکی لە چیرۆکەکانیدا دەکردە پاڵەوانو بەزیندوویی لەنێوان دێڕەکاندا دەیهێڵانەوە، سەیر ئەو کەسانە رۆژگارێك دواتر بەزیندوویی دەچوونە ناو ماڵەکەیەوە، ئەو ژنەیش یەکێك بوو لە پاڵەوانی ناوچیرۆکەکانیو ژیانی لێ تاڵکرد، بەڵام سەیرتر لە هەمووشتێك دەڵێن رەسوڵی بچوك ئەو ژنەی لە چەند چیرۆکێکدا کردە پاڵەوان، کەچی ئەو ژنە بۆ یەك رۆژیش نەهاتە ناوماڵەکەیەوە. رەسوڵی بچوك دەیان شارو گوند گەڕا، لەگەڵ کاروانچییەکاندا ئەوەندە گەڕا تا ماندوو بوو، کە دەچووە هەر شارێك زۆر زوو شتەکان فێردەبوو، دەیان شیعرو هەزاران پەندو سەدانوانەو

زانستی تر لەم شارانەدا فێردەبوو. کاتێك گەڕایەوە شارەکەی خۆی شەوێك پیاوێك، پیاوێکی بەرگ دڕاو هاتبووە لای پێی وتبوو: گوێ بە ڕابووردوو مەدە، ئەوەی فێری بووی لەم سەفەرانەدا بەم خەڵکە نەزانەی ئێرەی بڵێرەوە، ئیتر ئەو پیاوەی وەکو تارمایی لێ ون دەبێت و نایبینێتەوە، تا کاتی مردنیشی لەساڵێکدا چوار رۆژ بە یاوەریی دەیان پیاوی ئیماندار بەشوێن ئەو پیاوەدا دەگەڕا، شارو گوندو بیابانەکان، ناو ئەشکەوت‌و مزگەوتەکان دەگەڕا بۆی تا پاداشتی بداتەوە. نازانم خەڵکی بۆچی تێناگەن ئاوا رەسوڵی بچوك خەڵکی فێرکرد، نەگەڕا بە شوێن رابووردوویەکدا کە ژنێك بەغەدر زۆرشتی لێ دزی بووی، ژنێك کە رەسوڵی بچوك لەوەسفیدا هەزاران حەرفی بە خەساردابوو، دەیان شەو بۆ وێنەی ئەو ژنە لە ناو کتێبەکەیدا گریابوو، حەرف بە حەرفی لەوەسفی جوانیدا، داڕشتبوو تا کردبووی بە ژنێکی جوان‌و لە چیرۆکەکانیدا جێگەی کردبووەوە، بەڵام ژنێکی یاخی دەرچوو، سەرەڕای هەموو خراپەکانی هێشتا نەیوویست جارێکی تر لەناو دێڕی چیرۆکەکانیدا بیکوژێت، هێشتا لەبەرامبەر هەموو خراپەکانی ئەو ژنەدا ئەم خۆشەویستیی هەبوو، دەبێت ئێمەش ئاواواز لە رابووردوو بهێنین‌و شتی تازە فێری خەڵکی ئێرە بکەین. لەگەڵ ئەو پیاوەی ناو ئەم گوندەدا لەو سەفەرانە دەگەڕاینەوە ئێرە، لە ڕێگا نەدەنووستین،

هەموو جارێك ئەو پیاوە کە برسیی دەبوو، من دەمبینی لە ڕێگای گەڕانەوەماندا کەمێك لەو خۆڵەی ناو تورەکەکەی سەرشانی دەخوارد. ئەمە یەکەم جارە کە ئەم شتانە بۆ تۆ باسدەکەم، ئەمە یەکەمجارە کە باسی ئەم سەفەرانە دەکەم ئەی فاتمەی خۆر ئاوای پێ دەوتم. منیش بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە، پێی دەوتم: دەزانم تۆ دەبیتە گەورەی عارفانو پەند لەم گێرانەوانەی منوەردەگریت، من تاکو ئێستا نەم توانیوە بۆ کەس لەم سەفەرانە بدوێم. تەنیا تۆ نەبێت، ئەوانەشی بەناوی منەوە شتەکان دەگێڕنەوە درۆدەکەن، من دەزانم تۆ رۆژگارێك ئاوا بۆ خەڵکی دەدوێیت (خودا نە پێوستی بەمنەو نە منیش ئیتر پێویستیم بە خودایە) پێت دەڵێم نازانم خودا تۆ بە بێئیمان دەکوژێت یان وەکو ژنێکی ئیماندار. ئاوای بەکچەکەی وتبوو.

منی عابیدی پیر زۆرشت دەزانمو هێشتاوێنەی پیربوونی مەولانام لەبەرچاو لانەچووە، ئەو نامرێتو مەرگی هەمووومان دەگێڕێتەوە. من زۆرکات لای دەمامەوە، دەمزانی ئێواران دەبوایە مەولانا شەمسەددینیان ببردایەتە نزیك ئەو چەند دار هەنارەی کە کەوتبووە پشتی باخەکەیەوە، ماڵەکەی کەوتبووە ناوەڕاستی ئەم باخە گەورەیەوە . من نەمبینی بوو تاکو ئێستا یەك میوە لەم باخە بفرۆشێت، هەمیشە هەموو بەرهەمی باخەکەی دەبەخشی بە خەڵکی گوندەکەو ئەو رێبوارانەی دەهاتنە

لای. ئێوارەیەك داوای دوو قاپ هەناری لەکچەکەی کرد بۆ هەردووکمان، ئیتر بەمنی وت: عابیدی پیر تۆ بەختت هەیە کە ئاوا گەورە بووی، من دەزانم ژیانمان بەدەست دەیان دەردو کەسانی نەخۆشەوە هەمیشە گیرۆدەیە، سەیرت لێ نەیەت من بڕوا دەکەم تۆ دەبیتە پیاوێکی گەورە، بەڵام دوژمن بە منو رەسوڵی بچوك، دەبیتە گەورەی هەموو سۆفییەکانی ئەم ناوە، من دەزانم تۆ زۆرشت دەگێڕیتەوەو زۆر لە سوڵتانو میرو سەرۆکەکان دێنە لات، بەڵام بۆ دۆزینەوەی شارەکان تەماحی ژیان رووناکیت لێوندەکات، من تەنیا دەتوانم خزمەتێکی بچوکت پێبکەم، بەڵام نازانم خودا بە بێئیمان تۆ دەمرێنێ یانوەکو سۆفییەکی ئیماندار. دەبێ بەهەمووتان ئاوا بڵێم، ئەوە من بڕیاری لێنادەم، ئەوە رۆژگارێك بڕیاری لێدەدات کە تۆ بەناو هەزاران تاقیکردنەوەی گراندا تێدەپەڕیت. دەزانم تۆ بۆ زەمەنێکی زۆر دەژیت. تادەمرم ناهێڵم لەلای من بڕۆیت، چونکە شەوێك تۆ جێگەکەی خۆتت بە من بەخشی، خۆ دەبێت منیش شتێك بە تۆ ببەخشم. پیاوی نامەرد ئەوکەسانەن کە وەڵامیان نییە بۆ چاکەکاران، ئەگەر کەسانێك شەوێکی زستان جێگەیان کردیتەوەو گەرمت بووەوە، یان هاوێنێکی گەرم شوێنکی سێبەرو فێنکیان پێدایت، تۆ نەتتوانی چاکەیان بدەیتەوە، دەبێ نەفرەت لەخۆتبکەیت، لەبری هەموو کردارێك بۆ چاکە دەبێت لێرە تۆ شتێکی

باشتر ببەخشی، لەبری هەموو کردارێکی خراپەش دەبێت تۆ چاکەیەکی باشتر ببەخشی. سەیری ئەم باخە جارێك باسی کچە عاشقکەم بۆ کردیت، تۆ دەزانیت هەر جارێك لە ژیاندا چاکەیەك بکە لەبری ئەو چاکەیە شتێکی باشترت پێ دەبەخشرێت. تۆ دەزانی من ئەو شەوەی بوومە پاسەوانی ئەو کچە عاشقە کە بۆم باسکردیت، ساڵانێکی دواتردا کە ئەو شەوەمم بیر چوو بوەوە، ساڵانێك دواتر لەناو ژوورێکی مزگەوتەکەمدا لەناو بۆنی خۆڵو دارە رزیوەکاندا دەژیام، لەو شوێنەوە زۆر دوور کەوتبوومەوە، شەوێك کە ناوەڕاستی وەرزی پایزبوو، با وەك منداڵ گەڵای درەختەکانی لەبەردەم ژوورەکەمدا یاریی پێدەکردو منیش بەدەم بیرکردنەوەوە غەزەلم بۆ سەمای گەڵاکان دەوت. کوڕو کچێك کە لە دوایانەوە چەند پاسەوانێك دەهاتن، لەدەرگاکەمیان دا، کچەکەم ناسییەوە، هەردووکیان هاتنە ناو ژوورە بچوکەکەمەوە، من رووناکییەکم نەبوو بۆ بینینیان لەو ژوورەدا، ئەوان یەکی چرایەکیان بە داگیرساوی بە من بەخشیو کچەکە پێی وتم: تۆ شەوێك بۆ عەشقی ئێمە پاسەوانیت کردو ئەو عەشقەت بۆ کەس باسنەکرد، ساڵانێکە دەگەڕێم تا بتدۆزمەوە، دەبوایە منیش بهاتمایەتە لات تا هەر لە شەویشدا چاکەت بدەمەوە، ئیتر ئاوایە چاکەی چاکەکاران، ئەوە مێردەکەم، میری ناوچەیەکی فراوانی سەر ئەم خاکەیە، ئێمە تاکو ئێستا عاشقانە دەژینو سەر

ئەو خاکانەشی دەسەڵاتی ئێمەی دەگاتێ کەس لەسەر عەشق ناکوژرێت‌و هەموو خۆشەویستیمان بەخشیوە بەخواستی خەڵکی. هاتووم باخە گەورەکەمت پێ ببەخشم، ئەو باخەی پڕە لە جێگە ژوانی ئێمە، دەبێت تۆ بگەڕێیتەوە ناو ئەو گوندەو خەڵکی بۆ عەشق‌و خوداپەرستی هانبدەیت، خەڵکی فێربکە تا ئەونهێنیانەی دەربارەی ژیان‌و زانست دەیزانن با تەنیا بۆخۆیان نەبێت، باوەکو تۆ بەشی هەموو خەڵکی لێبدەن. تۆ ئاوێنەی ئێمەیت کەی شکایت ئێمەیش دەشکێین. خەڵکی فێربکە ژیان هی هەموو کەسێکە نەك هی یەك کەس، ئێمە دوورین لە تۆوەو ئیتر یەکتر نابینینەوە دەبێ بگەڕێیتەوە ناو گوندەکەی خۆمان، من دەزانم تۆ موڵکی هەموو دونیا بە حەرفێك ناکڕی، بەڵام ناکرێت عاشقێك شتێکت پێ ببەخشێت، تۆ ڕەتی بکەیتەوە.

ئەوە یەکەم جاربوو تا ئەم تەمەنە شتێك وەکو دیاری لە کەسێك وەربگرم، ئەویش دیاریی ئەو کچە عاشقە بوو، ئەو شەوە باخەکەیم وەکو دیاری وەرگرت، گەڕامەوە ناو ئەو باخە، باخێك کە ئیتر دەمتوانی تێیدا میوانداریی زۆر کەس بکەم، ئەو ڕۆژانە بەتەنیا بیرم لەونبوونی ئەو ڕۆحانە دەکردەوە کە جەستەی یەکە بەیەکەمان بەجێدەهێڵن‌و ئیتر دەچنە سەر ڕێگاکانی شارە ونبووەکان، دەبوایە هەمیشە لەخۆم بپرسییایە ڕۆحەکان دەچنە کوێ؟ دەمپرسی مردن بۆ جەستە دەکوژێت و بە

ڕۆح ناوێرێت؟ سەدان ڕۆژ بەردەوام منو بیرکردنەوەم بەیەکماندا دەدا، من ماندوو دەبوومو بیرکردنەوەم هەر بەشوێن وەڵامی پرسیارەکانی مندا دەگەڕا. جارێك درەختێکی هەنار لەگەڵمدا دواو پێی وتم: (ئەی کە ئێمە وشکدەبین ڕۆحمان دەچێتە کوێ؟ ئایا ئێمەی درەختیش دوای وشکبوونمان ڕۆحمان دەبێتەوە بە نەمامێکی بچوكو جارێکی تر دەڕوێتەوە؟) ئەوە بەیانییەکی ساردو بێدەنگ بوو کە ئەو درەختە پرسیاری مردنی خۆی لێکردم، چونکە هیچم نەدەزانی دەربارەی مەرگی درەختەکان بۆ مەرگی گەڵاو گوڵەگان، لەشەرمدا دەستم گرت بە چاوی خۆمەوەو لای ئەو دارهەنارەم بەجێهێشت. بیرم دێت ئەو ڕۆژانە بوو کە کچەکەم دوای ساڵانێك لە سەفەر گەیشتەوە لام، تا خزمەتم بکات، فاتمەی خۆر کە مێردە سەرگەردانەکەی هەموو خۆشییەکی لێ دزی، تاکو ئێستا بەشوێنیدا دەگەڕێت بۆی نادۆزرێتەوە، ئەو سەرزەمینی لەدایکبوونی خۆی بەجێهێشت، من دەمزانی ئەو عاشقەو بەشوێن عەشقدا ساڵانێك گەڕا، بەڵام فریویان دا، تۆ دەزانی کەسێك بەناوی عەشقەوە کەسێکی تر فریوبدا ئیتر هەمیشە ڕۆحی وەکو شمشاڵێك گوناە فوی پێدادەکات و لەتاریکیدا سەرگەردان دەبێت، تاسەر جارێکی تر لە ڕووناکی نزیك نابێتەوە؟ تۆ نازانیت ئەگەر جارێك ڕووناکی لە ڕۆحێك توڕەبوو ئیتر بۆ هەمیشە لەگەڵیدا توڕەیەو ئاشتنابێتەوە.

سەیر دەدوا، زۆرکات هەمیشە خەمی کچەکەی بوو، پێی دەوتم: کچەکەم، ئەو کچەی دەتوانێت هەموو جیهان بەساڵێك بگەڕێت. ئێوە دەزانن کچەکەم دەیان شارو شوێن گەڕاوە، لە هەر شارێکدا سەدان حیکمەتو حەرف فێربووە. ئەو ئێستا دەیەوێت تۆڵەی خۆی لەو مێردە گەمژەیەی بکاتەوە کە بەشوێن رزگاربوونی رۆحی خۆیدا توشی سەرگەردانی بووە، نازانم مێردەکەی جارێك لەجاران دەگاتە لای سۆفییەکی نەزان، پێی وتووە رۆحت لێت یاخی بووە لەتاو گوناهەکانت، پێیی وتبوو پێویستە بیدۆزیتەوە، ئەگینا بە کافری دەمریت. لەو رۆژەوە بە شوێن رۆحی خۆیدا زۆربەی شارو دەشتەکان دەگەڕێت، ئەو سۆفییە پێی وتبوو رۆحت لەناو قووڵایی سکی مارێکدا شین بۆ بەدبەختیی خۆی دەکات، وەکو شێتی لێهاتووە، بەردەوام دەگریو لە خەڵکی هەواڵی رۆحی خۆی دەپرسێت. کچەکەم دەڵێت هەر دەیدۆزمەوەو پێی دەڵێم کە رۆحت ئەوەتا لەناو جەستەی مندا نەك لەناو سکی مارێکدا. ئەوە ساڵانێکە هەردووکیان دەگەڕێنو بەیەکتری ناگەن. ئەو پیاوێکی بیر تیژوخاوەن ئەزموون بوو، زۆرکات ئینسان بەهۆی بیستنی حەرفێکەوە شێت دەبێت، ئەو پیاوەیش بە حەرفێکی ئەو سۆفییە ماڵ کاولە شێت بووەو شێتانە بەشوێن رۆحی خۆیدا دەگەڕێت. لەم سەر زەوییەدا گەڵێك لە ئینسانەکان هەریەکە بەشێوەیەك لە شێوەکان سەرگەردانن،

بەشێوەیەك لە شێوەكان شێتن. ئەو پیاوە سەرگەردانی ڕۆحی خۆیەتی‌و من دڵنیام نایدۆزێتەوە. كچەكەم ساڵانە بۆ دەیان ڕۆژ لای من بەجێدەهێڵێت‌و بەشوێن پیاوەكەیدا دەگەڕێت، تا عەشق‌و خۆشەویستیی خۆی بخاتەوە ناو دڵی مردووی. چەند گوناهە ئەو ژنەی كە تا دەمرێت لە چاوەڕوانیی مێردەكەیدا بژێت. كچەكەم جارێك بۆی گێڕامەوە دەیوت: لە سەفەرێكی شاری (بەصرە)دا، كاروان چییەكان پێیان‌وتم: پیاوێك هەیە بە شوێن ڕۆحی ونبووی خۆیدا دەگەڕێ‌و لەهەموو كەس هەواڵی ئەو ڕۆحە ونبووەی خۆی دەپرسێت. كاتێك گەیشتمە شاری بەصرە باران دەباری، هەموو لایەكی لە لیتاو و لێڵاودا نوقم كردبوو، لە دەمەو ئێوارەدا لەو شارە نغرۆیەدا پیاوێكم بینی لەناو ئاو و قوراوێكی زۆردا دەستی بۆ من هەڵدەبڕی، پێی وتم: من پیاوێكم لە قوڕاو دروستكراوم، وەرە شووبكە بە من تا بەیەكەوە لە دونیای لێڵاودا بژین، نەك لەناو كەسانی فریودەرو بازرگان‌و درۆزناندا، ئێوە بەقەدەر ئێمەی لێڵاو هەست بە درۆو خراپەی مرۆڤ ناكەن. من پێموت تۆ كێیت؟ ئەو پێی وتم: من شای قوڕاوەكانم. سەیرم لە باڵای دەهات، درێژ دێژ لەسەر لای ڕاست ڕاكشابوو، نە ئێسكی دیاربوو نە دەمارو نە گۆشتی گیانی، نازانم بۆچی ئەو ئێوارەیە لەو سەفەرەمدا توشی ئەو پیاوەبووم، لەگەڵمدا دەدوا، پێم وت: من بە شوێن پیاوێكدا دەگەڕێم كە ساڵانێكە لێم‌ونبووەو

دەبێ بیدۆزمەوە تا نەمردووم، من دەزانم ناتوانم جارێکی تر بگەڕێمەوە ناو دونیای ئینسانەکان، چونکە کەسێك من دەکوژێتو ئیتر ناتوانم بگەڕێمەوە ناویان. ئێمە ڕەسوڵی بچوك تووشی گەڕانێکی کوشندەی کردووین، ماندوومان دەکات بەشوێن دۆزینەوەی شارێکی شاراوەدا، ئەو شارەی پڕە لە ڕۆحیونبووی ئەوکەسانەی کە هەموو شتێکیان بە سەفەرو برسێتیو نائومێدی سپارد. دەکرێ بزانم ئیتر چۆن چۆنی کە من خاوەنی خۆم نەبم، چۆن دەتوانم بڕیاڕی شوکردن بە تۆ بدەم؟ ئەو پیاوە پێی وتم: ژیان بۆ خۆی جۆرێکە لە هەڵهاتن لە خوڵقێنەرەکانمان، بۆ تۆ گوناه نییە لە حەرفەکانی ڕەسوڵی بچوك هەڵبێییت. ئاخر ئێمە هەموومان لە بەهەشتەکەی خودا هەڵهاتوینو جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە ناوی. ئێمە دەرکراوینو ناتوانین بگەڕێینەوە لای خالقەکەمان، بۆیە دەبێ هەمیشە تا هەین درێژە بە دووبارەو سێبارەی بوونی خۆمان بدەینەوە، ئەمەش جۆرێکی ترە لە مردن، کە خودا پێی بەخشیووین. تۆ دەزانیت ڕەسوڵی بچوك لە (سولەیمان پێغەمبەر) زیرەکترە بووە، سولەیمان دەیتوانی لەگەڵ باقیی گیانداراندا بدوێتو ڕێگاکانی هەڵکردنی (با) بەویستی خۆی بگۆڕێت. بەڵام ڕەسوڵی بچوك دەیتوانی ئەو ناوانەی کە لەناو کتێبەکانیدا دەینووسیو نەیدەمراندن، بە زیندوویيو بەڕاستی بباتە لای خۆی، دەیتوانی هەمیشە میوانداریيان بکات. ئەو پیاوێکە تاکو

ئێستا کەس نایناسێت، ڕۆژگارێك دێت هەموو خەڵکی بەشوێن ناسینی ئەو پیاوەدا دەگەڕێن. من ڕەسوڵی بچوك دەناسم ئێستا ئەویش تووشی سەرگەردانی بووە، ترسی مردن هەموو ساتەکانی لێ تێکداوە، دەزانم ئێوەی لە ناو سەرگەردانیەکانی خۆیدا تووشی ماندوبوون کردووە. سولەیمان‌و ڕەسولی بچوك لەیەك ناچن، ئەوان دوو ئینسانی جیان. موعجیزەکانی خودا زۆرن، سولەیمانی فێری زمانی گیانداران کرد، کەچی ڕەسوڵی بچوکی فێری میوانداریی ئەو کەسانە کرد کە ناویان دێنێت لە کتێبەکانیدا. هەموو ئەم شتانە جۆرێکە لە دووبارەبوونەوەی سەفەری پێغەمبەرەکان. ڕەسوڵی بچوك ئەگەر کتێبەکانی بخەیتە ناو ئاگرەوە یان ناو شەپۆلی دەریاکانەوە، حەرفێك چییە لە کتێبەکانی نافەوتێن، ئێوە لەو حەرفانە دروستبوونەوە دەبێ بڕوا بەوە بهێنیت کە ئیتر نامرن‌و ناسوتێن. ئەو لاپەڕانەی ئەو جارێك لە جاران حەرفێکی لە سەر بنووسێت ئیتر بۆ هەمیشە ئەو پەڕانە وەکو خۆیان تا قیامەت دەمێننەوە. هیچ کتێبێك لە فەوتان لەم سەرزەوییەدا ڕزگاری نابێت، تەنیا کتێبەکانی ڕەسوڵی بچوك نەبێت. من دڵنیام هەموو حەرفی پێغەمبەرەکانی تر لەبیری خەڵکی دەچنەوە، بەڵام حەرفەکانی ڕەسوڵی بچوك لەبیری کەس ناچێتەوە. منی لێڵاو دەبێ بۆ تۆ بدوێم: ئێوە ناوی ژنە قەموورەکەتان نەبیستووە کە ڕەسوڵی بچوك جارێك دەیکاتە پاڵەوانی ناو

لە یەکێك چیرۆکەکانی، ئەو ژنەی بۆ یەکەمجار دەبێتە میوانی ناوماڵەکەی، ئەوە یەکەم کەسبوو وەکو ژن کە لە حەرفەکانی ناو چیرۆکەکانییەوە وەکو مرۆڤێکی راستەقینە بچێتە میوانی رەسوڵی بچوك، ئەو رۆژەی رەسوڵی بچوك ئەو ژنە قەموورە دەبینێت خەریکە شێت ببێت، چونکە زانیبووی بۆ خۆی کەسێکی ئاوای لە یەکێك لە چیرۆکەکانیدا ناوبردووە. خێرا دەگەڕێتەوە سەر ئەو چیرۆکەی کە حەوت رۆژ پێش ئەوەی ئەو ژنە بێت لە تەواوبوونی ببووە. چۆنی وەسفکردبوو بە جلوبەرگـو بە روخسارو بە باڵاو بە رۆیشتنیەوە، ئاوا وەکو خۆی هاتبووە ناو ماڵەکەیەوە. ئەو رۆژە رەسوڵی بچوك ویستبووی لەو ماڵە هەڵبێت، ئەو ژنە قەموورە پێی وت بوو: بووەستە بۆچی دەتەوێت هەڵبێیت؟ خودا بەهەرەیەکی بە تۆ داوە کە تاکو ئێستا هیچ کەسێك نەیبووە. ئیتر ئەو ژنە پێی دەڵێت: من پێت رادەگەیەنم هەموو ئەو ناوانەی تۆ بە حەرف لەناو نووسینەکانتدا دەیاننووسیو بەزیندوویی دەیانهێڵیتەوە، دەتوانی بەویستی خۆت کاریان پێبکەیتو فەرمانیان بە سەردا بدەیت! من ئەمەت پێ ڕادەگەیەنم، ئەو ژنە قەموورە ئاوای پێ وتبوو. ئێوە هەموو شتەکانی رەسوڵی بچوك نازانن، ئەو وەکو سۆفییەکی سەرگەردان لە دونیادا دەژیاو جار جار خەونی بە نەمرییەوە دەبینی. تا ئارەزووی نووسینی چیرۆکی کەوتە سەر، تۆدەزانیت رۆماننوسەکان

هەریەکەیان بەجۆرێك لەجۆرەکان سۆفیین و لەناو دونیای حەرف و دێڕەکاندا بەشوێن نورێکی شاراوەدا دەگەڕێن، یەکەم چیرۆکی رەسوڵی بچوك کە تەنیا پاڵەوانەکەی ئەو ژنە قەموورە بوو، رێگەی دەکەوێتە شاری جنۆکەکان لە نزیك دەریایەکیوشکبوو، لەوێ شوو بە جنۆکەیەك دەکات، دواتر جنۆکەکە ژنی دووەم دێنێت، ئیتر ئەم ژنە رووەو چیایەکی سەخت هەڵدێت، چیایەك جگە لە تاشەبەردی شین نەبێت ئیتر هیچی تری پێوە نەبوو، تا لەوێ بژی، بە پشتیوانیی دوژمنی شاری جنۆکەکان ئەو ژنە دەگەڕێتەوە ئەو شارەو مێردەکەی کوت کوت دەکات. ئەوە ئەو چیرۆکەبوو کە بۆ یەکەمجار نووسیبووی. رەسوڵی بچوك دەیوت من دەتوانم ناوی کێم بوێت لەسەر لاپەڕەیەك بینووسمو دوای یەك رۆژ بیکەمە میوانی خۆم. دەیوت من دەتوانم ناوی هەموو پیاوچاکان بنووسمو میوانداریی بکەم، دەتوانم میوانداریی سولەیمان پێغەمبەر بکەم، بەڵام لە نوری روخساری دەترسمو دەترسم بەونورە کوێرببم. ئێوە زۆر کەمتان لە کارەکانی رەسوڵی بچوك بینیووە. تۆ فاتمەی خۆر جوانترین پاڵەوانی ناو رۆمانەکانی رەسوڵی بچوکیت، منیش پیاوێکی لە لێڵاو دروستکراوی ناو چیرۆکێکی ئەوم کە رەنگە خراپترین کەسی ناو ناوەکانی ئەوبم. تۆ وەرە شوو بە من بکە تا بەیەکەوە لەناو حەرفەکانی ئەو هەڵبێین، هەروەك چۆن ئادەمو حەوا لە ناو کتێبەکانی

خودا هەڵهاتن. ئاخر تۆ وا مەزانە کە خودا ئادەمو حەوای یەکەمجار کردە مرۆڤـو ناردنیە ناو بەهەشتەکەی خۆی، نا خودا ئەوانی یەکەمجار لەناو حەرفەکانی خۆیدا وەکو ناو نووسییەوەو دواتر بۆ فریشتەکانی خۆی خوێندەوە، ساڵانێك دواتر ئەوانەی نارده بەهەشت، ئیتر ئەوانیش لە خۆشیی ئەو هەموو شتە جوانو نایابە خودای خۆیان لەبیرچووەوەو رێگای وێرانە خاکیان گرتەبەر، کە لەسەر ئەم خاکەبوو. لەویستی خودا هەڵهاتن. من دەزانم هەڵهاتن هەمیشە پیشەی ئەو کەسانە بووە کە دەیانەوێت رزگاربوون بە رۆحیان بدەن نەك کۆیلەبوون. من ناتوانم وەکو پیاوێکی لە لێڵاو دروستکراو ببمە میوانی رەسوڵی بچوك، چونکە ئەو هێشتا منی لەناو ئەو چیرۆکەدا تەواونەکردووەو لە شاری بەصرەدا ساڵانێکە بە تەنیا بە جێی هێشتووم. ئەمەیە رۆژگارەکانی ئێمە لەناو حەرفەکانی رەسوڵی بچوکدا..

کچەکەم بۆ خۆی زۆرکات لەسەفەرەکانیدا کەسانی ئاوای دەبینیو لەگەڵیاندا دەدوا. تۆ دەزانیت ئەم سەر زەوییە پڕ لەو موعجیزاتانەی کە هێشتا خەڵکی درکیان بەبینینی نەکردووە. کچەکەم هێشتا دەگەڕێتو پیاوە سەرگەردانەکەی نادۆزێتەوە. ئەو پیاوە ئەندازیارێکی لێهاتوو بوو، هەمیشە کاری لەو شوێنانەدا دەکرد کە تونێلەکان ناخی چیاکانیان پڕ دەکرد لە رووناکی. پیاویك بوو هەموو بەردەکانی دەناسیو سەیر خۆشی دەویستن،

تۆ بینیووته کەس بەردی خۆشبوێت. ئەو ماڵەکەی خۆی پڕکردبوو لە بەردی سەیر سەیر. ئەو بەردەکانی دەدواند، وەکو مرۆڤ  قسەی لەگەڵدا دەکردن، ئەو پیاوێکبوو تا کاتی ناسینی ئەو سۆفییە نەزانە ماندووبوونی نەدەزانی. کە ئەوی ناسی ئیتر لە زمانی بەردو لە عەشقی ژنەکەی هەڵهات. کچەکەم دەیوت ئەو لە یەکێك لە ناخی چیاکاندا ئەو پیاوەی ئێوارەیەك بینییەوەو پێکەوە دوواون تا سەرئەنجام ئەو سۆفییە نەزانە فریوی داو توشی سەفەرێکی سەختی کردووە لەم شارانەدا.

جەمالەدین
فریودەری ناو شارەکان

لەو ڕێ تاریکانە نەترسی کە بۆ دۆزینەوەی رووناکی پێیاندا هەنگاودەنێیت...
نازانم مەولانا شەمسەددین گەیشتە کام شارو کام گوند، ئەو فێری کردم لە هیچ رێگایەکدا نەترسم کە پێیدا دەڕۆم. بەڵام منی سەرگەردان لەناو هەڵەو سوتانی دێڕەکاندا لەناو شارو گوندەکاندا لەناو هاوڕێیانی سەفەرەکانمدا خۆمونکرد. گەیشتبوومە گوندێك بە ناوی گوندی (گۆڕستانی سەربازەکان)، ئەو گوندەی پڕبوو لە تارماییو بۆنی میزو ریقنەیوشکی ئەو باڵندە گەورانەی کە زەمەنێك لەم گوندەدا بوونیان هەبووە، لێرەدا پیرە پیاوێك دەژیا. زۆر شتم دەبینی، سەرم لەو سەدان ملوانکانە سوڕمابوو کە بە بەشێکی نزیك دەرگای دوکانەکەوە هەڵواسرابوون. دەموویست بەر گیانم نەکەون، نازانم بۆچی قێزم لێیان دەبووە. بەبینینیان ترسێك رۆحمی داگرتو ناخم پڕبوو لە ئازارێکی توند، خۆم چەند دوورخستەوە کەچی زۆریان بەر لای راستم دەکەوتن. ئەو ملوانکانە هی ملی ئەو سەربازانە بوون کە رۆژگاری زوو هاتبوون بۆ جەنگەکانی ئێرە، ئەو سەربازانەی هەموو شتەکانی ئێرەیان فەوتاندو رۆحی خۆیشیان بەئازار سپارد. ئەو سەربازانە بە تەنیا جەنگیان لەگەڵ مرۆڤدا نەدەکرد، ئەوان کەی مرۆڤیان دەست نەکەوتایە جەنگیان لەگەڵ درەختەکاندا دەکردو یەکە بە یەکەیان دەسووتاندن، ئەوە ناشیرینترین جۆری

شەڕە کە مرۆڤ دەیکات. کە درەخت نەما شەڕی لەگەڵدابکەن، شەڕی باڵندەو گیانلەبەرەکانی تریان دەکرد، شتێك نەما ئەو سەربازانە لێرە ڕەفتاری خراپی لەگەڵدانەکەن، لەوەیش دەچوو ئەو ملوانکانە کۆکراوەی ملی ئەو سەربازە کوژراوانە بووبێت کە لە هەموو جەنگەکانی ئەم سەدەیەدا لەم ناوەدا تەرمەکانیان بەجێدەما. ئەو ملوانکانە بۆنی ملی سەربازەکانی لێوە دەهات، ناو و ناونیشانەکانی سەریان دونیایەك شاری بیر دەخستیتەوە، حیکایەتی ڕۆژگارێکیان دەگێڕایەوە کە ئێستا خەڵکی خەریکە لەیادی دەکەن. مامۆستاکەم بیرکەوتەوە کە مامۆستای مێژوومان بوو لە دوای ئەوەی چەند ڕۆژێك بوو جەنگ سنورەکانی گرتبووە، بە ئێمەی‌وت ئێوەی منداڵ ئێستا هەواڵی ئەم جەنگە دەبیستن، تا کاتی مردنتان هەواڵی بەرپابوونی دەیان جەنگی تر دەگاتە گوێتان، تکا دەکەم هیچیان بە پیرۆز مەزانن، چونکە ئەوانەی جەنگ بە پیرۆز دەزانن ڕەفتاری جادووگەرو شەیتانەکانیان هەیە. خەڵکی حەز بە بیستنی ئازارو گێڕانەوە خوێناوییەکانی ئەو ڕۆژگارانە ناکەن، ناچنە ئەو شوێنانەی جاران خوێنی سەربازەکانی تێدا دەڕژا، ئەو ملوانکانە بریتیبوون لە پارچە مسێکی سوورو بریسکەدار، ناوو تەمەن‌و شوێنی سەربازەکانی لەسەر هەڵکۆڵدرابوو. من نەمدەزانی ئەو ملوانکانە بۆچی ئاوا بە کۆمەڵ بەو دیوارانەوە هەڵواسراون، ئەی تەرمی

سەربازەکان لە کوێن؟ ئەو ملوانکانە ئەوەندە زۆربوون، جەنگێکی خوێناویی دوورو درێژیان لەم ناوەدا دەگێڕایەوە. ئەو بینینانە بۆ من جێگەی ترس‌و گومان بوو، سەردەمی جەنگێکی بێهودەو دۆڕاویان دەگێڕایەوە، ئەو جەنگانەی لە سەردەستی ئەو میرانەدا بەرپاکران‌و گیانی هەزاران پیاوی ئەم وڵاتەی بە خۆڕایی تێدا کرایە خۆڵەمێش، ئەو میرانەی لێرە خۆیان بە هەڵبژاردەی خودا دەزانی‌و خەڵکیان فریودەداو دۆزەخیان بۆ خەڵکی دادەخست، لەو جەنگانەدا نە کوڕی میرەکان‌و نە خوشکەزاو نە براو نە خزمە نزیکەکانی خۆیان نەدەکوژران. من بەبینینی ملوانکەی ملی سەربازە کوژراوەکان جەنگێکی ترسناکم دەهاتە بەرچاو، هەزاران کوڕی ئەم وڵاتەم دەهاتە بەرچاو کە لە سەنگەرو مەیدانی جەنگەکاندا بە بەرگی سەربازییەوە بە دەم ئازاری برین‌و زامەکانیانەوە دەتلانەوە. دیمەنی کوڕی سەرۆکەکانیشم دەبینی لەسەر جێگەی بۆنخۆش‌و لەناو ژوورە رازاوەکانیاندا خەریکی رابواردن بوون لەگەڵ کچە دۆستە کانیاندا. چاوێکم دیمەنی ئەو کوڕە سەربازەی دەبینی کە تەماشای برینەکەی سەر سکی خۆی دەکردو بیری لەوە دەکردەوە چۆن چۆنی ئەو گوللە نەفرەتییە دەربهێنێت کە گەیشتبووە ناو ریخۆڵەکانی، تا ئەم جارەیش نەمرێ، چاوەکەی ترم دیمەنی کوڕی میری دەبینی کە بەدەم یاریی بە گۆی مەمکەکانی کچێکی

چوارده ساڵە دەکردو لەناو دەمدا دەیهێناو دەیبرد. هیچ بیری لە جەنگو ئازاری سەربازەکانی باوکی نەدەکردەوە. چاوم زۆر دیمەنی دەبینی لەو کاتانەی لەلای ئەو هەموو ملوانکانەوە وەستابووم. هەمیشە هەموو وڵاتێك ئەم دوو دیمەنەی تێدایە، خەڵكی هەمیشە لەبەردەم سەرۆك و میرەکاندا خەوتوونووەکو مێگەڵ بەرێ دەکرێن بۆ جەنگەکانو شوێنی دۆزەخیان. ساڵانێکە خەڵكی ئێرە بەشوێن هەنگاوە پیسەکانی میردا بۆ هەموو لایەك هەنگاودەنێن. لە بری کارو خۆشگوزەرانی بۆ پیاوانی ئێرە بەردەوام میرەکان دەیانکوژنو شینیش بۆ تەرمەکانیان دەکەن. لە بری ژیانێکی رووناك بۆ ئێمە بەردەوام بەرەو تاریکی دەبرێین. بیرمدێت ئەم قسەیە زۆرکەس بۆیان دەکردم، لەبری ئەوەی ماڵەکانی ئەم وڵاتە پڕبکرێت لە بۆنی رێحانەو گوڵ، کەچی ئەوە بۆ دەیان ساڵ دەچێت ناو ماڵەکانی ئەم وڵاتە پڕ دەکرێت لە گریانو بۆنی خوێن. ئای لەم گەمە سەیرانە کە میرەکان بەردەوام بەگیانی منداڵانی ئەم وڵاتەی دەکەن. رەسوڵی بچوك لە تەنیشت ئەم گێڕانەوانەدا کە بەمنی سپاردبوو تا هەموو شتەکانی بۆ خەڵكی بگێڕمەوە، ئەمەی بۆ خۆی نووسیبوو: مامۆستاکەم لە پۆلەکانی سەرەتاییدا رۆژێك رووی کردە وێنەکەی میری وڵات کە بەپشتی تەختە رەشەکەی پۆلەکەوە هەڵواسرابوو بەتوندیوتی: خودا زۆرجار تەنیا خۆشگوزەرانیی بۆ میرەکان خوڵقاندوەو

ئێمەش دەبێت وەكو نەخۆش تاماوین لێیان بڕوانین. مامۆستاكەمان رۆژێك دەستنووسێكی كۆنی پێبوو نیشانی ئێمەی داو پێی وتین ئێوە لە هەچ شوێنێك كتێبی كۆن، یان نووسراوی كۆنتان بینی بیهێنن بۆم، منیش زۆر شتتان فێردەكەم. ئەو مامۆستایەمان رۆژانە لەوانەكاندا تەنیا چەند دەقەیەكی بۆ فێربوونی ئێمە تەرخاندەكرد، ئیتر هەرخەریكی پەڕەهەڵدانەوەی كتێبە كۆنەكان بوو.
بەگەیشتنم بۆ ئێرە زۆرشتم بیردەكەوتەوە، لێرە گریانم بۆ بینینی ئەو هەموو ملوانەكەیە دەهات، من چاوێكم ئەوە دەبینێت، كوڕێكی كوێر گێژ گێژ لە شەقامە غەمگینەكاندا دەسوڕێتەوە، ناو دڵی پڕە لە عەشقو ئاسوودەیی، كەچی ئێستا كارێكی نییە، هەمیشە رۆژانە خەڵكی بانگی دەكەن تا سەر رێگای رێبواران نەگرێت. ئای كە بەم قسانە پەستو ماندوودەبێت، ئەم تەنیا شەقامە هەیە كە كەمێك پێیدا بڕوات، كەچی خەریكن ئێرەیشی پێ تەرك دەكەن. چاوەكەی ترم ئەوە دەبینێت كوڕەكەی میر بەشی ژیانی چوار مانگی مرۆڤێك پارە دەدات بەنانو پەنیر بۆ دۆستە كچەكەی، كە رۆژانە بۆ یاریكردن دەیباتە ناو باخی گشتییەوە. چاوم زۆر دیمەن دەبینێتو جارێك دەمەوێت بگریمو ئەو دیمەنانە بەیەكجاری لەگەڵ فرمێسكەكانمدا بڕژێنمە ناو زبڵدانێكەوە تا ئیتر لە دەست ئەم دیمەنە دژبەیەكانە رزگارم ببێت. جەنگو بەرگی سەربازیو دروشمە رازاوەكانی میر رۆژگارێك ئەم وڵاتەیان

داگیرکردبوو. میر بەیانیان بۆخۆشی دەهاتە ناو ئاسکەکانیو بۆ گەمەی ئەو ئاسکانە زەردەخەنە دەیگرت، بە هەموو گوناهەکانی خۆی پێدەکەنی. سەربازەکانیش لەناو سەنگەرە تەڕەکانیاندا خەونیان بە کۆتایی هێنانی جەنگەوە دەبینی. من بەبینینی ئەو ملوانکانە هەموو رەفتاری میرەکانو رەفتاری سەربازەکانم دەبینی. چەند دەترسام کە ملوانکەکان لەخۆیانەوە دەجوڵانەوە، کەمێك هاتمەوە دواوە، دەمبینی پیاوە پیرەکە هەر تەماشام دەکات. ئەو پێی دەوتم ئەو خەیاڵو قسانەی تۆ هی خەڵکن، ئەی قسەی خۆت کوا بۆ ئەو میرو سەرۆکانە؟ هێشتا لە دەرگای دوکانە گەورەکەوە لە دەرەوەم دەڕوانی، چاوێکم پیاوە پیرە دوکاندارەکەی دەبینیو چاوی چەپم دیمەنی پیاوێکی دەبینی کە دوور هەنگاوی بۆ لای ئێمە دەنا، لە سێبەرێکی رەشی دەکرد تا پیاوێك، جارجار لە بەرچاوم دەبوو بە باڵندەیەکی رەشی قەترانیو بەخێرایی بۆ لای ئێمە دەفڕی، نازانم بۆچی رەسوڵی بچوك منی گەیاندبووە ئێرە، نازانم من لە نێوان دوو دونیادا سەرگەردان ببووم، هەمیشە خەریکی خوێندنەوەی نووسینە ئەفسانەییو خەیاڵییەکانی رەسوڵ بووم، بەبێ ترس چیرۆکە بکوژەکانی ئەوم تادەمەوبەیان دەخوێندەوەو هەموو دێڕەکانیم لەبەردەکردو بۆ خەڵکیم دەگێڕانەوە، ئەو منی بۆ گێڕانەوەی ئەفسانەکانی خۆی ناردبوو بۆ ئێرە یان نا؟ ئەوەم لەخۆم دەپرسی. من بەڵێنم

دابوو کە لەبەر خاتری پیرێتیی ئەو نەهێڵم نووسینەکانی لەلایەن ئەو کەسانەی کە دەیانوویست لەم شارەدا هەموو ئەو نووسینانەی بدزن‌و دواتر بیسوتێنن، بۆ خۆم هەڵهاتبووم‌و خۆم گەیاندبووە ئێرە یان مامۆستاکەم هانی منی دابوو تا بگەمە ئەم گوندە ئەفسانەییە، من رەسوڵی بچوکم بە یەکەم مامۆستاو دوا مامۆستای خۆم دەزانی، دەمزانی کەس ناتوانێت وەکو رەسوڵی بچوك ئەفسانە بخولقێنێت‌و کەس وەکو ئەو نەیدەتوانی پاڵەوان‌و حەرفەکان بکاتە زمانزان و لەگەڵ ئەوانەی کە ئەفسانەکانی دەیخوێننەوە پاڵەوانەکانی بدوێنن، ئەوە ترسناکترین شتێکبوو کە یەکەمجار بینیم، ترسێك رۆچووە ناو ناخمەوە کە تاکو ئێستاش لەیەکەم خوێندنەوە دەترسم، حەرفەکان‌و پاڵەوانی چیرۆکی (گەڕێدە بێ قۆڵەکە) لەگەڵمدا کەوتنە دوان‌و منیان دەبردەوە بۆ سەر رێگای ئەو کەسەی کە ژنەکەی شەوێك دەستێکی دەپەڕێنێت، هەزاران سەفەرم لەگەڵ حەرفەکانی رەسوڵی بچوکدا بۆ ناو دەشتە ئەفسانەییەکان کردووە. دەترسام لە ئەو پیاوەی کە لە دوورەوە تەقەی پێی دەهات، کەڵەگەت‌و گەورە دیاربوو، من وەکو برینداریێك دەمبینی کە ئازار زۆری بۆ هێنابێت‌و خوێنی لەبەر بڕوات. سەیر دەمبینی دەوەستاو جار جار ئاوڕی بۆ دوای خۆی دەدایەوە، لە پیاوێکی ترسنۆکی دەکرد، کە ترس هەموو شتێکی لێ داگیرکردبێت، دەهات‌و تەقەی پێی زیادی

دەکرد. ملوانکەکان زیاتر دەجوڵانەوە. من لەو کاتانەدا دەنگێکم بیست لە دەنگی پیاوە پیرەکەی دەکردو دەیوت: سەرۆك ئێستا هەرخۆیەتیو دەتوانی بچیت تۆڵەی خۆتی لێ بکەیتەوە. ئاخر من نەمزانی کام سەرۆك دەڵێت، لە زەمەنی مندا دەیان سەرۆك حوکمیان کردبوو، ئەم وڵاتەی ئێمە بەردەوام دەیان مەلیكو میرو سەرۆکی هەبووە، ئەوەی بۆ لای ئێمە دەهات کامەیانە. دەترسام خۆم لە پشتی دەرگاکەوە نزیك کردەوە تا من نەبینێت. گوێم گرتبوو دەیان سەگ بە هاتنی ئەو پیاوە دەوەڕین، ئەو سەگانە بۆ من لەم گوندەدا نەمبینی بوون. وتم رەنگبێ ئەو سەگانە خواردبێتیان، یان کوت کوتیان کردبێت، پاش کەمێك پیاوێك هەموو بەرگەکانی بەری تۆزاویو لە چەند لایەکەوە دڕابوون هاتبووە بەردەرگای دوکانەکە، نزیك لەو پیاوە پیرەکە راوەستا، بیرم لەوە دەکردەوە کە شەڕێکی توند پاش کەمێکی تر لەنێوان ئەو پیاوە ماندووەو پیاوە پیرەدا روودەدات، بەپێچەوانەوە ئەو پیاوە بەرگ تۆزاوییە دەستی کرد بە گیرفانێکی لای چەپیداو چەند ملوانکەیەکی خۆڵاویی دەرهێناو دای بەپیاوە پیرەکە، تا ئەویش لەناو ملوانکەکانی تردا هەڵیان بواسێت. نازانم بۆچی ئەم پیاوە دوکاندارە ئەم هەموو ملوانکەیەی ئاوا لێرەدا کۆکردبووە، بەردەوام بەشوێن ئەو پرسیارەوە بووم ئەمە چ شوێنێکە منی تێهاتووم. ئەو پیاوە پیرە ملوانکەی ملی سەربازە کوژراوەکانی هێناو

هەڵیواسی بە ناو ملوانکەکانیترداو بەمنیوت: وەرە دەرەوە تا ئەو پیاوە حیکایەتی خۆیو دەیان چیرۆکی کوشندەت بۆ بگێڕێتەوە.

## دوو گێڕانەوەی تر

بەر لەوەی بێمە دەرەوەو بگەمە لای ئەو پیاوە ترسناکە کە لە گیانلەبەرێکی برسیو پیسی دەکرد، ئەوەم بیرکەوتەوە من بۆ خۆم ساڵانێکی زۆربوو لەناو کتێبخانەکانی شارو ئەو کتێبخانانەی لە ماڵی ناسیاوەکانمدا هەبوون، بەشوێن ناو و ناو بانگو کارەکانی باپیرانمدا دەگەڕام، دەمویست شەجەرەی بنەماڵەکەمان بدۆزمەوەو بیدەم بە رەسوڵی تا بیانکاتە بنەماڵەیەکی ئەفسانە. دەمزانی باپیرەی دایکم لە ناوەڕاستی ساڵی بیستەکاندا دەکەوێتە شوێن دەیان دەروێشی ترو ئیتر تا ساڵانێکی زۆر ناگەڕێتەوە ناو کەسوکارەکەی. من تەنیا لەوێنەیەکی کۆنی رەشو سپیدا ئەوم بینی بوو، کە دەگەڕێتەوە وەکو شێێتك دەگەڕێتەوە نەكوەکو مرۆڤێکی زیرەكو خاوەن کەرامەت. دەمویست بەر لەوەی بە یەکجاری هەموو کتێبەکانی ناوماڵەکان بڕزێنو فڕێ بدرێنە دەرەوە، یادەوەرییەکانو

وێنەی باپیرانم بدۆزمەوە. لەو بیرکردنانەوەدا بووم، پیاوەی پیسکەکە پێی وتم کە بێمە دەرەوە، پیاوە پیرەکەش بێدەنگ لێمان دەڕوانێت. ئەم پیاوە ئێستا لەووێنە کۆنەی باپیرەی دایکم دەچێت کە من پێی دەڵێم (مەولانا) یان مامۆستا، بەڵام نەمدەزانی چۆن چۆنی دوای ئەو ساڵە زۆرانە ئێمە ئاوا لەم گوندە ناخۆش‌و غەمگینەدا پێکگەیشتووینەتەوە. هێڵنجم دەهات کە لەو پیاوە نزیك ببوومەوە دەموچاوی رەش دەچووەوە، بۆنێکی ناخۆش لە دەمیەوە دەهات، خەریکبوو لێی بپرسم ئایا گۆشت بەکاڵی دەخوات وا بۆنی دەمی ناخۆشە؟ ئەو پیاوە بەبێ هیچ خۆناساندنێك، دەستی کرد بە قسەکردن‌و پێی وتم:

گوێت لەم دەنگە بووە ووووو ووو وووو ووووووو، هەر بەڕاستی ئەو دەنگە لە دەنگی گورگی دەکرد، گورگێك کە لە گەڕانەوەیدا بۆ لانەکەی هەموو بەچکەکانی خنکێندرابن‌و غەمگینانە بلورێنێت. ئەودەنگە لەدەنگی ئەو گورگە جەرگسوتاوەی دەکرد، من بیرم بێت جارێك دایکم بۆی گێڕامەوە کە لە کێوە شینداگەڕاوەکەی خواری گوندەکەیانەوە، ئەو کێوەی من بەردەوام باڵندەکانم دەبینی بەسەریەوە دەفڕین‌و دەنگیان دەهات، خەڵکی پێیان دەوت (کێوی ئەفسانە) یان کێوی (گورگە شین). جار جار دەنگی ئەو بەردانەم دەبیست کە شەوان یان رۆژ لێوەی خل دەبوونەوە، ئەو کێوە ببووە جێگەی سەدان حیکایەتی سەیر سەیر لای خەڵکی. دایکم بۆ هێنانەوەی چەند لقێك

دار رێگەی دەکەوێتە بەردەم کونە گورگێك‌و دەبینێت پێنج بەچکە گورگ لەبەردەم ئەو کونەدان، ئەویش بۆ ئەوەی ئەو بەچکانە گەورەنەبن‌و نەبن بە گورگی گەورە، هەر پێنجیان دەخنکێنێت. سەیر بۆ خنکاندنی ئەو بەچکە گورگانە دواجار گریاو خۆی بە گوناهبار دەزانی. بۆ ئێوارە کاتێك دێڵە گورگە دەگەڕێتەوە لای بەچکەکانی و بە خنکاوی دەیانبینێت، ئیتر ئەو چیا شینباوە تا چەند رۆژێك کەس نەیدەوێرا لە ترسی لوورەی ئەو دێڵە گورگە رووی تێبکات. دایکم تا چەند ساڵێك ئەمەی لە باوکی‌و خوشکە گەورەکەی شاردبووەوەو نەیوێرابوو لای کەس باسی بکات، ووووو ووووو ووووو ئەو پیاوە بۆ چەند جارێك ئاوا لوورانی‌و هەستم دەکرد ئەو پیاوە تەنیا بە جەستە مرۆڤە، ئیتر بیرکردنەوەو رەفتاری لە گورگی دەشت و چیاکانی دەکرد، بەشی سەرەوەی گیانی هەمووی توك و چڵك بوو، بەمنی‌وت: شێوەی هەر مرۆڤێك لەم دونیایەدا دەچێتەوە سەر یەکێك لە گیانلەبەرەکان، ئەگەر هەوڵبدەین شێوەی خۆمان لەناو گیاندارەکاندا بدۆزینەوە، ئەوا دەتوانین دەنگمان وەکو ئەو گیاندارە لێبکەین. ئەو بۆ چەند جارێك بۆ ئەوەی من بخاتە پێکەنین لەوێدا لاسایی زۆربەی زۆری گیانلەبەرەکانی بۆ دەکردمەوە. وەکو قەڵەڕەش دەیقیخاند، وەکو گورگ دەیلووراند وووو ووو جارێکی تر ئەو پیاوە لووراندییەوەو پێی وتم: قەڵەم‌و کاغەزێك بێنە یان لە

بیری خۆتدا ئەم شتانە تۆماربکە کە من بۆتی دەگێڕمەوە، چونکە بۆ یەکجار تۆ دەتوانی لێرە من ببینیت، ئەگەر بوو بە دووجار یەکێکمان یەکێکمان لەناو دەبەین، ئەمە یاسای ژیانە لە کوێ دوو گەورە پەیدابوون، دەبێ یەکێکیان لەناوببرێت. تۆ دەبێ ئەوە بزانیت من وەکو ئەوەی مرۆڤێکی زیندووم‌و بە هەموو ناخۆشییەکانی ژیاندا هەڵزناوم، لەگەڵ ئەوەیشدا ناوێکی ناو رۆمانێکی رەسوڵی بچوکم، نازانم ئەو لەکوێ منی بەم هەموو ناونیشان‌و تەمەنە پڕ لە گوناهەمەوە دۆزیبووەوە لەناو رۆمانەکانیدا، لەناو چیرۆکە ئەفسانەییەکانیدا سەدان جار بەکاری هێناوم، بۆم هەیە هەر یەکجار قسەکانم بڵێمەوە. ئێرە خاکێکە پڕ لە شوێنی کوشتن‌و ئەتککردن‌و سەربڕنی مرۆڤ و ناشتنی تەرمی ئەو بێگانانەی لێرە دوای ئەتککردنیان دەیانکوشتن. سەر ئەم خاکە زوو زوو مرۆڤی تێداوندەبێت‌و زۆرکەس بەشوێنیاندا دێنە ئێرە بۆ دۆزینەوەیان، بەڵام گرانە کەسیان بتوانن جارێکی تر رێگەی گەڕانەوەیان بدۆزنەوە. ئێرە ئەو خاکەیە بەردەوام رێگاکانی گۆڕانی بەسەردادێت‌و کەس نازانێت بۆچی بەردەوام ئێرە پڕدەبێ لە رێگای خواروخێچ‌و زۆرکاتیش تەنیا یەك رێگای دوورو درێژ ئێرە دەبەستێتەوە بە رۆژئاواوە، کەس نازانێت لەکوێدا کۆتایی دێت، ئەم خاکە پڕە لە رۆحی مرۆڤی ئەتککراو، ئێرە زۆرکات هیچ رێگایەکی نییە بۆ پێدارۆیشتن‌و چوونە

دەرەوە. ڕێبوارەکان لەگەڕانیاندا بە سەر قاچە ماندووەو بریندارەکانیانەوە دەمرن‌و گورگ لاشەکانیان دەخوات، ئەمە ئەو خاکە ئەفسانەییانەیە کە ئێمەی لەسەرین. ڕەسوڵی بچوك باسیان دەکات. هەر ئەوەندە لێرە ونبوویت ئیتر زۆر زوو لەبیر خەڵکی دەچیتەوە، ئەمە یاساکانی ئێرەیە. لەوە خۆشتر نییە مرۆڤی ئەم وڵاتە بتوانێت زمانی‌و قسەکردنی خۆی لەبیر بەرێتەوەو فێری لوورەی گورگ و گیانلەبەرانی تربببێت. تاکە شتێك بۆ ئەوەی لێرە غەمگینیی خۆتی پێدەربکەیت‌و نەمریت، ئەوەیە فێری ڕەوشتی گیانلەبەرانی دڕەندەو دەنگیان ببیت، بەم ڕێگایە ئێمە دەتوانین بگەینە دوا لوتکەی بەختەوەری. ئێمە زمان‌و قسەکردنمان بۆچییە کە پێی نەدوێین‌و نەتوانین خۆمانی پێ فێرە عەشق بکەین؟. زمانمان بۆ چییە کە نەوێرین قسەی پێبکەین؟ تۆ چیرۆکە دوورو درێژەکەی ڕەسوڵی بچوکت خوێندۆتەوە بەناوی (گریانی منداڵێك)؟ ئەو چیرۆکەی من پاڵەوانەکەیم و میری شارێکی ئەفسانەییم بەناوی (شاری سەوز)، لەسەر وڕگگرتنی منداڵێك فەرمانی کوشتنی ئەو منداڵە دەدەم، بۆ ڕۆژی دوایی ئیتر ئەو شارەو هەموو نەوەکانیان لاڵ دەبن‌و نەوە بەنەوە خەڵکی منداڵی لاڵیان دەبێت. ئەو شارەی دەبێتە جێگە سەرنجی هەموو گەڕیدەو ڕێبوارەکان. من دەزانم بۆ چەند ساڵێکی تر ئەم وڵاتەی ئێمەش ئاوا منداڵی لاڵیان دەبێت، چونکە کەس بەویستی

خۆی ناتوانێت زمانی بەکاربهێنێت. ئەو چیرۆکەی ڕەسوڵی بچوك دەبێتە چیرۆکی هەموو زەمەنەکان‌و لە سالانی داهاتوودا دەیان وڵاتی تر پەیدادەبن کە خەڵکەکەی زمانیان نییە بۆ قسەکردن، تەنیا میرەکان نەبێت دەتوانن بدوێن. لێرە ئێمە هەمیشە تاك بە تاکی خەڵکی ئەم وڵاتە بەکوشت دەدەین‌و نەمانتوانیوە کاری چاکە بۆ خەڵکی بە زمان‌و ڕەفتارمان بکەین. ئیتر من نەفرەت لەو زمانە دەکەم کە پێی دەدوێم‌و هیچ بە پیرۆزی نازانم، نایگۆڕمەوە بە بەردێکی ژێر پێم. باش بزانە لەبیربردنەوەی زمانی خۆمان‌و فێربوونی زمانی گیانلەبەران ئاسودەی دەبەخشێت بە ڕۆحمان، دەمانباتە سەر ڕێگای ئەو گیانلەبەرانەی کە دەچنە وڵاتی ئەفسانەکان‌و لەوێ تا ماون دەمێنن. سولەیمان پێغەمبەر بۆیە تاکو ئێستا ئێمە ناوی دەزانین، چونکە خۆی فێری زمانی گیاندارانکردبوو، ئەو دەیزانی زمانی مرۆڤ بێکەڵکترین شتە بۆ دواندن، بۆیە پەنای بۆ فێربوونی زمانی گیانداران برد، سولەیمان پێغەمبەر دەیزانی ژیان لەگەڵ ئاژەڵاندا خۆشترە تا لەگەڵ مرۆڤی بێکەڵك و فێڵاویدا.

بەیەکەوە بەمجۆرە دواین، من هەموو قسەکانی ئەو پیاوە دەم بۆگەنەم لەبیری خۆمدا هەڵگرت:

- بابێت بڵێم خراپترین کار کە مرۆڤ بیکات لەم سەر زەمینەدا ئەوەیە کە بەشوێن ڕابووردوی میرو

سوڵتانەکاندا بگەڕێت، ئەوە کارێکە جگە لە ئازاردانی دەستوپێیت هیچی ترت دەست ناکەوێت.

- من نەهاتووم بەشوێن هیچی ئەوانەدا بگەڕێمو نایشزانم چۆن چۆنی گەیشتوومەتە ئێرە.
- تازە تۆ دەتوانی تا ماوەیەکی تریش لێرە لەناو سەدان لاشەی مردووو سەدان لاکی تۆپیوی گیانلەبەراندا بمێنیتەوە، کاتێك دەتوانی بگەڕێیتەوە کە رێگای هاتنت بدۆزیتەوە. دەزانی دەڵێم چیو چیت بۆ باسدەکەم، ژیانی خۆم، ژیانێکی خراپو دزێو، من بەر لەوەی خەڵکی بە دوو رۆژ بگەنە ناو کۆشکەکەم هەڵهاتم، دەزانی من سەرۆکی ئەرکانی سوپابووم، کۆشکێم هەبوو بە دیوارەکانییەوە وێنەی جەنگاوەرو شمشێرو سەری کەڵە کێویو گای رەشو وێنەی ئەو کەسانەی پێوەبوو کە پێش من سەرۆکی سوپابوون، سەرۆکی ئەو سوپایەی هەموو سەربازەکانی لاڵ بوونو لە کیسەڵی دێمیان دەکرد، هەموو مێژوونووسانی دونیا ناتوانن یەك رۆژ لە ژیانی من بنووسنەوە، ناتوانن یەك لاپەڕە لە تەمەنی ئەو کۆشکانەدا بدۆزنەوە کە من تێیدا دەنووستم. من ئەوە بە تۆ دەڵێم کە چۆن چۆنی هەڵهاتم، شەوان خەوم دەزڕا بۆ بەیانی زوو دەچوومە ناو رووبارە قوڵەکەوە تا خۆم بدەم بەدەم ژیانو گۆرانیی رووبارەکەوە، دەموت رووبار بمکوژێت باشترە لەوەی میری وڵاتەکەم دوای ئەتککردن لەناوم بەرێت. دەزانیت جارێك من یەکێك لەو بەیانیانەدا، لەناو ئاوە ساردەکەدا، بیرم لەوە دەکردەوە کە پێویستە رێگایەك بۆ هەڵهاتن لەم وڵاتەدا بدۆزمەوە، چونکە میری

وڵات نەیدەویست کەس لە خۆی پیاوتربێتو نەیدەویست کەس زمانی وتنی هەبێت جگە لە خۆی. من بیرم چوو پێتبڵێم ئەمە لە ناوەڕاستی پەڕەیەکدا بنووسەرەوە کە سەروخواری پەڕەکە سپی بێت تا خوێنەر باش لەم چەند دێڕە تێبگەن، ئەمە یەکێکە لەوکارە سەیرانەی میر بەمنی سپارد: جارێك میر ناردی بە شوێنمداو فەرمانی گرتنی پیاوێکی پێ ڕاگەیاندم، ئەو پیاوە لە یەکێك لە کۆڵانە باریكو بۆن ناخۆشەکانی پایتەخدا دەژیا، کۆڵانێك بوو زۆری خەڵکەکەی لەو بێوەژنانە بوون کە مێردەکانیان لەجەنگەکاندا کوژرابوون یان میر کوشتبوونی، زۆری ئەو ژنانە ئەوەندە جوانبوون هەر لە دوورەوە پیاو حەزی دەکرد لەگەڵیاندا بچێتە ناوجێگاوەودەست بخاتە ناو سنگو مەمکیانەوە. ناوماڵەکەی ئەو پیاوەی من هاتبووم بۆ گرتنی پڕبوو لە مەمکدانی ژنانو کچان، ماڵێك بوو پڕ پڕ بوو لە مەمکدانی رەنگاوڕەنگو بۆنخۆش، ئای لەو ماڵەی من دەتوانم بە ماڵە رەنگاوڕەنگە ناوی بەرم، ئەو ماڵەی بۆ هەتا هەتایە جارێکی تر دروستنابێتەوە. تەنیا ئەو مەمکدانانەم دەبینی کە هەموو شتێکی ناو ئەو ماڵەیان داپۆشی بوو، ئەو مەمکدانە ڕەنگاوڕەنگانە لای من حیکایەتی هارونە ڕەشیدیان دەهێنایەوە بیرم، کەسم نەبینی بوو لە کۆڵانێکی ئاوا بۆگەندا ماڵێکی پڕ لە مەمکدانی رەنگاوڕەنگی هەبێت، دەمزانی هارونە ڕەشید هەمیشە عاشقی سنگ و مەمکی ژنان بووە، ئەگەر ئەو لە رۆژگاری زوودا لە بەغدای رەنگپەڕیودا یەکەم کەس بووبێ مەمکی ژنانی خۆشویستبێت، ئەوا ئەم پیاوە لە

هەمان پایتەختدا، بەڵام بە رەنگێکی خۆڵەمێشییەوە کە پایتەختی داگیرکردووە دووەم کەسە عاشقی مەمکی ژنان بووە. کە پێم خستە ناوماڵەکەیەوە هەستمکرد توشم بووە بە توشی پیاوێکی خۆشبەختو قسە خۆشەوە، بینیم لەناو دوو سێ مەمکدانی گەورەدا ئەو پیاوە چڵ چڵ گوڵی ڕواندبوو، ناو مەمکدانەکانی پڕکردبوو لەخۆڵو چەند جوان گوڵەکان تێیدا گەشابوونەوە. سەرەتا هەستمدەکرد ئەو پیاوە لەم ماڵەدا شێت بووبێت، بەڵام هەر زوو لەم بۆچوونەی خۆم پەشیمان بوومەوە. چەند ژوور لەم ماڵەدابوو هەموویان پڕبوون لە مەمکدانی گەورەو بچوك، بۆنی ئەو مەمکدانانە ناو ئەو ماڵەیان بۆنخۆش کردبوو، پڕیانکردبوو لەو بۆنانەی کە ژنەکان لە سنگو مەمکی خۆیان دابوو، سەر چرپای نووستنەکەی ئەو پیاوە تەنیا یەك مەمکدانی لێبوو، سەرەتا تەنیا چاوم دەگێڕاو بیرم لە هیچ نەدەکردەوە، تەنانەت فەرمانەکەی میریشم بیر چووبووە، بەخۆموت ئەمەیە ژیان، ئافەرم پیاو، ئەمەیە مرۆڤی خۆشبەختو ئازاد، بەخۆموت گوو بە هەموو تەمەنی ئێمە کە لەناو پاسەوانو ترسو فەرماندا بردمانە سەر. چەند دڵم بە بینینی ناوماڵی ئەم پیاوە خۆشبوو، ئەمەیە ژیان کە تاماویت لێی پەشیمان نەبیتەوە. دەستم بە گەڕانی ناو ژوورەکان کرد، خۆم لە بیربردەوە کە سەرۆکی ئەرکانی سوپای وڵاتەکەمم. فەرمانم دا کەس نەیەتە ناو ئەم ژوورانەوە. ئەو پیاوە بەبێدەنگی بەدوامدا دەگەڕاو هیچی نەدەوت. ئەوکاتانەی دەستم دایە مەمکدانێکی سپی کە لە ئاورێشمی ساخ

دروستکرابوو، لەوە دەچوو تازە لە مەمکی کچێکی شازدە ساڵە کرابێتەوەو لە شووشەیەك عەتری گوڵەباخ هەڵکێشرابێت، لە دواوە دەنگێکم بیست، کە دەنگی پیاوی خاوەن ماڵەکە بوو، پێی وتم: (گەورەم دەزانم ئێوە بەدوای راپۆرتی رۆژنامەنووسێکی عەرەبدا هاتوون کە دوێنێ لە رۆژنامەکەیاندا بڵاوی کردۆتەوە لەسەر ناوماڵەکەی من) من هیچ دەنگم نەکرد. ئەگەر جادووگەربوومایە خۆم دەخستە شوێنی ئەم پیاوە، ئەویشم دەخستە شوێنی خۆم. ئای کە دڵم بەناو ژوورەکانی دەکرایەوە. لە هەر بستێك لەم ژوورانەدا چەند مەمکدانێکت دەبینی. لە گوێ ئەو پەنجەرەیەداوەستام کە زۆربەی زۆری کۆڵانەکەی لێوە دیاربوو. پیاوەکە لە پشتمەوە وەستابوو پێم وت: (نهێنیی ئەم ماڵەم بۆ باسبکە ئەی خۆشبەختترین کەس) ئەویش بەبێ درۆکردن هەموو شتەکانی خۆی بۆ باسکردمو پێی وتم: (هەموو کەسێك دونیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، خەڵك هەیە بە درێژایی تەمەنی دەیەوێت ببێت بە قومارچییەکی باشو لەم پێناوەدا زۆرشت دەدۆڕێنێت، رۆژانی خۆی بەسەر دەباتو لەگەڵ ناوبانگیدا هەمیشە لەجەنگدان، خەڵك هەیە بەردەوام بۆ چاکە کاردەکات بەبێ ئەوەی بتوانێت خۆی چاکبکات. خەڵك هەیە بە ژنەکەی دەزانێت کە سۆزانییە، کەچی حەزناکات لێی جودا ببێتەوە، خەڵك هەیە لەو رۆژەوەی فام دەکاتەوە حەزی بەگاندانە، خەڵك هەیە بەردەوام حەزی بە ئەتککردنو کوشتنە. ئەمانە ئارەزووی مرۆڤەکانە بۆ ژیان شتەکانی دەورووبەریان. منیش لەدونیادا یەك

ئارەزووم هەبوو ئەویش رابواردن بوو لەگەڵ کچانو ژناندا، دەبێ ئەوەش بڵێم ژنانو کچان منیان فێری ئەم خووەکردووە، ئەمە شتێکی سەیرنییە لای تۆ نابێ بە خیانەتو درۆ بۆ من لێکی بدەیتەوە. زۆری پیاوانی دونیا ئەمە خویانە، بەڵام ئەوە سەیرە لات بیر لەوە دەکەیتەوە ئەی بۆچی ئەم هەموو مەمکدانانە لەم ماڵەدان؟ من تەنیا یەك جار لەگەڵ ژناندا دەنووم، ئەمەش لە خوێندنەوەی کتێبی هەزارو یەك شەوەوە فێربووم، خۆم کردۆتە میر، بەڵام میرێك کە دڵسۆزو بەوەفا بۆ ئەو ژنانەی لەگەڵیدا رادەبوێرێت نەك میرێکی جەلاد، من کەسم لەو ژنانە نەدەکوشت کە لەگەڵیاندا رامدەبوارد، تەنیا یەك شتم لێ داوادەکردن ، ئەویش مەمکدانەکانیانبوو، من بە بۆنی ئەو مەمکدانانەدا ژنەکانم دەناسینەوەو ئەگەر بهاتنایەتەوە لام دەرمدەکردن، دەبێ ئەوەش بڵێم ئەو کچو ژنانەی دەهاتنە لام ئەگەر مەمکدانیان لەمەمکدا نەبوایە لەگەڵیاندا نەدەنووستم. زۆرکات ئەو کچو ژنانەی مەمکدانیان لە مەمکدا نەبوایە دەگریانو شینیان دەکرد تا لەگەڵیاندا رابوێرم، من نەمدەتوانی لە یاساکانی ناو ماڵەکەی خۆم بچمە دەرەوەو پێشێلیان بکەم. ئەمەیە نهێنیی ناوماڵەکەم، لەگەڵ ژنو کچێکدا نەنووستووم کە مەمکدانی لە مەمکدا نەبووبێ. نازانم تۆ بۆچی هاتوویت. ئەگەر یاسای وڵات ئەم شتانەی قەدەغە کردووە ئەوا ئەم وڵاتە بەجێدەهێڵێم، چونکە ناتوانم بەبێ ناو ماڵێکی ئاوا بژیم. ئەگەر ویستتان لێرە بڕۆم، یان ئەگەر دەتانەوێت ماڵەکەم بکەنە شوێنی دەزگایەکی سخوڕی لەم کۆڵانەدا، ئەوا دەبێ هەموو

مەمكدانەكانی ناو ماڵەكەم لەگەڵ خۆمدا بەرم. بیرم چوو پێت بڵێم ناوبانگی من لەم پایتەختەدا وا رۆیشتووە كە یەكەم پیاوم بتوانم رۆژانە لەگەڵ چەند ژنێكدا راببوێرم، من هیچ پارە نادەم بەو ژنانەی دێنەلام، چونكە هیچم نییە بۆیان، تەنیا هێزی باوەشپیاكردنو رەحەتبوونیان لە من دەوێت. من ناتوانم دڵی ئەو ژنو كچانە بشكێنم كە دێنە لام، گەورەم، گەورەی سوپای ئەم وڵاتە، من هیچ لە تۆ ناشارمەوەو دەبێت تۆیش بەڵێنم پێبدەیت ئەگەر دەرتانكردم لەم خانووە با هەموو مەمكدانەكان لەگەڵ خۆمدابەرم، چونكە دەبێ لەناو مەمكدانەكاندا رۆحم دەربچێت نەك لەناو شتی تردا، من هیچت لێ ناشارمەوە، چۆن چۆنی میرەكان نهێنیی خۆیان هەیە، منیش لەگەڵ ئەو ژنانەی دێنەلام خاوەنی دەیان نهێنیم. هێشتا منداڵ بووم كچێكی قەیرەی دراوسێمان بەچەند رۆژێك جارێك دەیبردمە ناو حەمامەكەی خۆیانەوەو لەوێدا بەبێ ئەوەی هەست بەهیچ خۆشییەك بكەم، هەموو گیانمی دەلێسایەوە، سەرە بچوكەكەمی دەخستە نێوان مەمكەكانییەوە، منوامدەزانی ئەو كچە شێت بووە، هەفتەی دووسێ جار ئەمە رەفتاری بوو لەگەڵ مندا. ئەوە رۆژانی منداڵیی من بوو لەو كۆڵانە خۆشەدا، دەبێ پێتی بڵێم ئەو كچە دواتر بوو بەشاعیرو سەدان شیعری بۆ رۆژانی منو خۆی نووسیو دواتر بە تیراژی سێ هەزار دانە لەبەرگێكی جواندا كە وێنەی دڵۆپە ئاوی تێدا بوو، بۆیان چاپكردو دانایەكی بە دیاری بۆ من نارد. لات سەیر نەبێت ژنێك سۆزانیش بێتو شاعیریش، بڕوابكە

هەموو ئەووێنانەی ناو حەمامەکەی لەگەڵ مندا کردبووە وێنەی شیعرییو جوان جوان بەحەرف وێنەی کێشابوو، کە هیچ وێنەکێشێك ناتوانێت وێنەی ئاوا جوان جوان بکێشێت، هەروەك چۆن لای ئێمە میر جەلادی بۆ ئازاردان و ئەشکەنجە و کوشتنی هەزاران کەس هەیەو حەز بە تێبەردانی سەگ دەکات لەبەرچاوی خۆیدا بۆ لەتلەتکردنی گیراوەکان، کەچی میربۆخۆیشی رۆماننووسە، ئەو کچە شاعیرە ئاوا فێری رابواردنی کردم. نهێنییەکانی من زۆرن گەورەم، من ساڵانێك دواتر هەواڵی ئەو میرە دەپرسم بزانم بۆتە جەلادێکی باش یان رۆماننووسێکی خراپ، گەورەم دونیای من پڕە لە شتی سەیر، با پێت بڵێم بۆچی ژنانو کچان بە زۆری دێنە لای من بۆ رابواردن، جاری وا هەبووە بۆ حەوت رۆژ بە دیار ژنێکەوە ماومەتەوە تا رەحەتبووە، ئەوە خوویەکی پیاوانەی منەو هەتا هەم شانازیی پێوە دەکەم. بۆ ئەم پایتەختە گەوهەرێکی بەنرخم، لێمگەڕێن با ببمە پیاوێکی باشتر بۆ ئەو ژنانە کە قەت منیان لەبیر ناچێتەوە، دەبێت ئێوە واتا دەوڵەت هاوکاریی باشم بکەن نەك لە خانووەکەم دەرمبکەنو مەمکدانەکان بسووتێنن، ئەوە پیشەی کەسانی گەمژەیە نەك پیشەی ئێوەی زاناو حەکیم. ئەم شتانە بەشێکن لە ژیانی خۆم، تۆ دەزانیت ئەم پایتەختی وڵاتەی ئێمە هەمیشە بەگەلێك شت ناوبانگی دەرکردووە، با ژیانو ئەم ناوماڵەی منیش بەشێك بێت لەو شتانەی ئێستاو رابووردوو تا خەڵکی دەماو دەم بیگێڕنەوە، تکادەکەم

گەورەم هەوڵی لەناوبردنی مەمکدانەکان مەدەن. ئەوە کارێکی قێزەونە ئەگەر ویستت ئەو کارەبکەیت).

ئەو پیاوە ئاوا بۆ چەند کاتژمێرێك بۆ من دەدوا، حەزم دەکرد هەموو شتەکانی ژیانی ئەو پیاوەم بنووسیایەتەوەو لە کتێبێکدا بەهەزاران دانەم لێ چاپبکردایە. دەبوایە ئەو پیاوەم ببردایەتە لای میر، بەناچاری ئێوارە درەنگ ئەو پیاوەم گەیاندە ناو کۆشکەکەی میر، ئەو کۆشکەی لەبەر رووناکیی گلۆپەکان چاوت ئازاری پەیدا دەکرد، هەوایەکی فێنك لەناو درەختە زۆرەکانەوە کە هەموو لایەکی کۆشکەکەی داگیرکردبوو هەڵی کردبوو. بێدەنگیی ناو ئەو کۆشکە مرۆڤی دەترساند. ئەگەر چاوت شووشە رەنگاورەنگە پێنج ملیمو ئەستوورەکانی دەبڕی دەتزانی ئێستا میر لەگەڵ کچێکی لاودا روت روت لەناو حەوزێکی مەرمەڕی سەوز باودا رادەبوێرێت، ئەو پیاوەم لە هۆڵێکدا دانا کە نۆ تابلۆی گەورەی بیکاسۆو داڤینشیو دالیو چەند وێنەکێشێکی تر بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابوون. چوار مێزی گەورە سەریان بە میوەی جۆراوجۆر داپۆشرابوو، سێ تاقم کە لەداری گوێز دروستکرابوون، تەواوی ناو هۆڵەکەیان پڕکردبووەوە، ئەو پیاوە لەناو ئەو شتانەدا ببووە مێروولەیەکی رەشی بچوكو بە هەموو لایەکی خۆیدا دەیڕوانی. چوار کاتژمێرو پێنج دەقیقەی رێك ئەو پیاوەو من لەو هۆڵەدا چاوەڕوانی میرمان دەکرد، من نەمدەزانی میر ئەو

پیاوەی بۆچییەو چیی لێدەوێت. ئێمە بەبینی میر کە خۆی ئەم ناوەی لە خۆی نابوو هەمیشە دەیووست بەمیر ناوی بەرین نەك بە سەرۆك، خێرا هەستاینە سەرپێ. ئیتر تۆ بەشوێن حیکایەتی مەرگو دوارۆژەکانی ئەو پیاوەدا مەگەڕێ. تۆ دەتوانی لەمن ئەوەندە وەربگریت کە بۆچی میر ئەو پیاوەی بانگکردە ناوکۆشکەکەی خۆیەوە. ئەوەندە دەزانمو رۆژانێك دواتر لە بەرپرسی نووسینگەی میر، کە پیاوێکی پێست سووربوو خەڵکی یەکێك لە گوندە دوورەدەستەکانی سەرووی وڵات بوو، ئەو پیاوە پێی وتم میر خوشکەکەی خۆی لەوپیاوە مارە کردووەو بۆ هەمیشە لەناو کۆشکەکەی خۆیدا دەستبەسەری کردووە، ئەوە داواکاریی خوشکە گەورەکەی میربوو تا لەو پیاوە بەهێزەی مارەبکات. دەیانوت ئەو خوشکەی میر تەنیا بەوپیاوە ڕەحەت دەبوو. هەموو ئەم شتانەی من بۆتی دەگێڕمەوە لەشتە جوانەکانی رۆژانی ناو کۆڵانەکانو کۆشکەکانی میرن لە پایتەختدا، دەبێ تۆ بۆ هەمیشە تاکاتی مردن لە یادتدابن. من ناتوانم رۆژانی جوانیی ناوماڵەکەی ئەو پیاوە لەیادبکەم، ئەو ماڵەی کە ئەو پیاوە بۆ هەمیشە جارێکی تر نەیتوانی سەری پێدابکاتەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە رۆژانی میری وڵات بدوێین دەبێ تاقیامەت پێکەوە قسەبکەینو ناگەینە هیچ شتێك. بەم جۆرە خودا بەختی رەشی کرد بەبەری تەمەنی ئەو پیاوە بەهێزەداو لەلای خوشکی گەورەی میر دیلێتیی پێ

بەخشی. من دەزانم ئەمە خراپترین دیلێتییە لە دونیادا. کەس نەبوو بتوانێت ئەم پیاوە لەناو کۆشکەکاندا بۆ جارێکی تر رزگاربکاتەوە، من دەمویست بۆ جارێکی تر هەواڵی بپرسم، کەچی خودا هەموو شتەکانی تەمەنی ئەو پیاوەی بۆ هەمیشە لەگەڵ نهێنییەکانی میرداونکرد.

ئەو پیاوەی ئێستا قسەی بۆ دەکردم، قژی و مووەکانی گیانی درێژ ببوون، نینۆکی قاچو دەستی درێژ لە نینۆکی پشیلە کێویی دەکرد، بەدەنگێك کە لەدەنگی پیاوێکی دەکرد لەسەرەمەرگدابێت. لە گێڕانەوەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ منو پیاوە پیرەکە..

دەیوت: من هەمووتان دەناسم، خاوەنی ئەو ملوانکانەی بەو دیوارەوە هەڵواسراون هەموویان دەناسم، لە ناویاندا ملوانکەی کەسێك هەیە کە ئێمە پێمان دەوت (رەزای رەنگڕێژ) یان پێمان دەوت (ئەفسانەی رەنگەکان) جارێك ئەو کوڕە هاتە لام، ترسابوو تا گەیشتبووە لام، رۆژێکی گەرمو ناخۆشبوو، هەموو گیانیان پشکنی بوو، بۆ ماوەی چوار کاتژمێر لە ژوورێکدا گلیاندابووەوەو دەیان پرسیاری بێ مەعنایان لێکردبوو، بۆچی دەچی بۆ لای سەرۆکی سوپا؟ لەکوێوە هاتوویت؟ چۆن دەیناسیت؟ ئاوا ترساندبوویان، کە گەیشتە لام هێشتا ترس بەڕوویەوە دیاربوو، ئەو لە هەموو شتێکی ئەم وڵاتە دەترسا، لەڕووی (رەزای رەنگڕێژ)ەوە من ترسەکانی منداڵیی خۆمم بیر دەکەوتەوە (مامۆستای بیرکاریمان لە پۆلی

چوارەمی سەرەتاییمدا رۆژێك سەتڵێك رەنگی ڕەشی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە ناو پۆلەکەمانەوە .. لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە چل کە ئەو ژمارەیە دەیکردە هەموو قوتابیانی ناو پۆلەکەمان، ژمارەکانی بەو ڕەنگە رەشە، ڕەنگکردو هەریەکەمانی بانگکرد تا یەکی ژمارەیەکی ڕەش وەربگرین‌و هەردوو دەستیشی بەو ڕەنگە ڕەشە ڕەنگ دەکردین. ئێمەی منداڵ ئەو رۆژە گیانمان لەزۆر لاوە رەش رەش ببوو. بەو ژمارە رەشانەوە بەو دەستە رەشانەوە ئێمەیان برد بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە، لەویّ ئێمەیان لەناو دەیان ژنی بەرگ ڕەش‌و پیاوی بەرگ ڕەشدا بردە بەردەم وێنەی پیاوێك کە لەناو سەدان چەپکە گوڵداوێنەکەی دانرابوو، مۆمەکان کە هێمن همێن دەسووتان دەتوت بۆ مەرگی ئەو دەسووتێن، لە خواری ئەو گوڵانەوە ئێمە یەك یەك لەسەر کاشیی ناو هۆڵەکە ژمارە ڕەشەکانمان داناو گەڕاینە دواوە. ساڵانێکی دواتر من لە ناو کتێبێکداکە چاپکرابوو وێنەی خۆمو ئەو قوتابیانەم بینییەوە. لەنووسینەکانی ناو ئەو کتێبەوە زانیم کە ئێمە بۆ چلەی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردە بەو ژمارە رەشانەوە برابووینە ناو هۆڵی ئامادەبووانی ئەو چلەیەوە. لە کۆتایی ئەو کتێبەدا ژیاننامەی ئەو پیاوەم خوێندەوە کە کەسانێك لەناو کۆمەڵەیەکی بچوکدا بەناوی کۆمەڵەی مارکسی ئەو بەڕێوەبەرە گشتییەیان کوشت بوو. ئەو چەند کەسەی کە دەیانوویست بەکوشتنی

بەڕێوەبەرێك دەوڵەتێك بڕوخێنن، ئەوان نەیاندەزانی ژیان لەوەتی هەیە خەڵکی فریودەدا. ئەوان خۆیان بە پیاوی ساحرو جادووباز دەزانیو پێیانوابوو دەتوانن سەرۆك بکوژنو خۆیان بژین. ئەمە خەونی زۆربەی زۆری خەڵکانی ئێرەیە کە دەیانەوێت هەمیشە مەرگی میرو سەرۆکەکان ببینن‌و خۆیان زیندووبن، کەچی هەمیشە بەپێچەوانەوە سەرۆك‌و میرەکان زیندوون‌و خەڵکیش مردوون. لە گەورەبوونمدا ئەو نووسراوانەم دەخوێندەوە کە ئەو گروپە بچوکە هەریەکەیان بەجیا گیران‌و لە نیوەڕۆیەکی مانگی نیساندا هەریەکەیان لە ژوورێکی گەرم گەرمدا لەسێدارەدران. من تاکۆتایی ژیانم لەو دەستە بۆیەکراوانەی ئەو رۆژەی خۆم دەترسم. هەمیشە رقم لە رەنگی رەش‌و دەستی خۆم دەبووەوە) من بە بینینی رەزا زۆر شتی خۆمم بیردەکەوتەوە (رەزای رەنگڕێژ ) کە گەیشتە لام پێی وتم: گەورەم، دەمناسیتەوە، دەزانیت من کێم؟ دواتر پێی وتم (سوڵتان ئەحمەد) من‌و تۆ باش یەکتر دەناسین، هاتووم تا پێت بڵێم کە کارێك بکە تا نەچمە سەربازی، نەچمە ناو بۆگەنی جەنگ‌و شکست‌و خوێنەوە، من‌و جەنگیان نەوتووە، من‌و تفەنگ‌و کوشتنی کەسانی تریان نەوتووە، منێك کە بەردەوام لە منداڵییەوە لەو رۆژەوەی مامۆستاکەمان دەستی هەموو قوتابییەکانی ناو پۆلەکەمانی بە ڕەنگی رەش رەشکرد، ئەو مامۆستایەی کە دەستی تۆیشی

ڕەشکرد لە ساڵانێك لە پێشتردا، من لەو رۆژەوە حەزم لە ڕەنگکردنی هەموو ماڵەکانی شارکردووە، حەزدەکەم هەموو دیوارەکانی وڵات ڕەنگبکەم. ئاخر ساڵانێکە تا پەیمانگەی هونەرەجوانەکان (بەشی شێوەکاریم) تەواوکرد، لە پشووەکاندا زۆرکات لە دوای دەوام خەریکی ڕەنگکردنی ناوماڵو دیواری بینا بەرزەکان بووم، خەریکی رەنگکردنی بەرگی رەشی ژنە رەشپۆشەکانی ئەم وڵاتەبوومو هەمیشە بەدزیشەوە بوایە بە رەنگێکی تر کراسەکانیانم رەنگ دەکردن، خۆیان دەهاتن و دەیانوت دەبێ دەرپێکورتەکانمان بەرەنگی مۆر بۆ رەنگبکەیت، ئاخر سەرم لەم رفتارانەیان سوڕمابوو، دەیانوت: دەمانەوێت لەڕەنگەکانی تۆوە سکمان پڕببێت، تانەوەیەك لە منداڵی رەنگاو رەنگ لەم وڵاتەدا بخەینەوە، دەبێ ئەومنداڵانە ئیتر بەتەنیا رەنگ بناسن نەك تفەنگ و جەنگ و داڕزان، ئەو ژنانە زۆرکات بەبێ شەرم لەبەرچاوی مندا بەڕەنگەکانم مەمکو سەرسنگ و ئەندامی مێینەی خۆیان رەنگ دەکردن، چەند بەم کارانەیان پێدەکەنیم. کەس لەم وڵاتەداوەکو من ناوبانگی دەرنەکردووە بە ڕەنگکردنی ماڵو دیوارەکان، کەس وەکو من نازانێت ماڵی ئەو کیژانە رەنگ بکات کە تازە شوودەکەن. تۆ نازانیت من ناو ژووری ئەو کیژانە دەکەمە ژوورێکی تر بە رەنگەکانم، بەبێ ئەوەی هەست بە خۆیان بکەن من تك تك خوێنی بەژنبوونو شەوی

زاواییان دەکەمە وێنەی سەر دیواری ژوورەکانیان. ئەوان دواتر پێم دەڵێن (ئەم دڵۆپە خوێنانە چەند جوانن، لە خوێنی چۆلەکە پاساری دەکەن) یان پێم دەڵێن ( لە خوێنی پەنجە ناسکەکانی خۆت دەچن) ئەگەر بمەوێت دەتوانم کتێبێکی گەورە بۆ قسەی ئەو کیژانە لەسەر خوێن بنووسمەوە، تکا دەکەم هەوڵبدە بمبەخشن لە سەربازی، من ناتوانم بەبێ بۆنی ئەو ڕەنگانە بژیم کە دیواری ماڵان‌و شەقامی شارەکانی پێ رەنگ دەکەم، شەوان لەناو ڕەنگەکاندا نەبێ ناتوانم بنووم، تۆ بەهەشتم پێ ببەخشە ئەگەر ڕەنگەکانم لەگەڵ خۆمدا نەبەم ناچمە ناوی، من بە رەنگ پشتییەك بۆ خۆم دەکەم‌و شەوان سەردەکەمە سەری تابنووم، من وا راهاتووم فلْچەی ڕەنگەکان بخەمە ژێر هەردوو دەستمەوە‌و دواتر دەنووم، من لە کەسی ئەم وڵاتە ناچم، دەکرێ دەوڵەت پیاوێکی وەکو من لە ئەرکی سەربازی ببەخشێت، وابزانن شێتم، وابزانن گەمژەم، وابزانن سیخوڕم، وابزانن هەتیوبازم، وابزانن من زۆڵ و گاندەرم و بەکەڵکی سەربازی نایەم. ئاخر کەسێکی تر نییە لەم وڵاتەداوەکو من رۆحی رەنگی گرتبێت. من رۆحم لە ناو رەنگەکاندا دەژی، بەبێ ئەو ڕەنگانە دەمرم. ئێوەش دواتر پەشیمانی دادتان نادات، من دەزانم سەدان پیاوی بەهرەمەندی ئەم وڵاتە جەنگ بەهرەکانی لەناوبردن‌و کەس حەرفێکی بۆ مەرگیان نەوت. ئەم وڵاتە پڕبووە لە کەسانی گەمژە‌و خۆشییان بە جەنگ دێت،

من‌وانیم تکا دەکەم من لە بۆنی ناو سەنگەرەکان، لە بۆنی سەربازەکان دووربخەنەوە. تۆ بگەڕێ بزانە شاعیرێکی باش دەدۆزیتەوە، بگەڕێ بزانە گۆرانیبێژیکی دەنگخۆش دەدۆزیتەوە. جەنگ هەموو شتێکی لەم سەدەیەدا لای ئێمە کاولکرد، ئەم وڵاتە لەبری هونەرو شیعرو جوانی پڕبووە لە دەنگی کەسانی گەمژە، دەنگی هەموومانیان ئاخنیوەتە ناو دەنگی لوللەی تفەنگەکانەوە، هەموو ماڵەکانی ئەم وڵاتە چاوەڕێم دەکەن تا ماڵەکانیان بۆ ڕەنگ بکەم. سەرەی چەندین ساڵم بۆ داناون تا سەرەیان بێت بۆ رەنگکردن. گەورەم من‌و تۆ منداڵی یەك پۆلی خوێندن بووین، لەلای یەکەوە دادەنیشتین، بیرت دەخەمەوە من هەموو جارێك کە پسکیتێکم دەکڕی لەگەڵ تۆدا دەمکرد بە دووکەرتەوە، لەکاتی شەڕەکاندا من لەسەر تۆم دەکردەوە، بیرت دەخەمەوە من زۆرکات پارەم لە گیرفانی باوکم دەدزی لەبەر تۆ، تا بیدەم بە شت بۆ تۆ، یان کە شتێکت نەدەزانی من خێرا بەدزیی مامۆستاکەمانەوە پێم دەوتیتەوە. تۆ دەزانی من بۆ تۆ چەند باشبووم. بیرت دێ جارێك باوکە چۆرەکفرۆشەکەت نەیتوانی لەوەرزی زستاندا پاڵتۆت بۆ بکڕێت، من پاڵتۆکەی بەری خۆمم پێدای، چی بکەم ئێستا تۆ بوویتەتە سەرۆکی سوپاو منیش بە سەرباز؟ من رەنگم خۆش دەویست‌و تۆ جەنگ. ژیان زۆرشتی فێرکردووم تەنیا ئەوە نازانم بۆچی گەورە پیاوان رقیان لەچاکەدانەوەیە بۆ

بەرامبەرەکانیان؟ من ناتوانم بەبێ ڕەنگ بژیم، گرانە شەوێك منو ڕەنگێك پێکەوە نەدوێین، من دەبێت شەوان لەناو ڕەنگەکاندا لەگەڵ یەکێکیاندا بدوێم. ئیتر چۆن دەتوانم بچمە ناو سەنگەرەکانی جەنگەوە؟ رەنگ بۆ من ژیانێکە بەبێ ئەو ڕەنگانە دەمرم، بەڵێنم بەڕەنگی (سوور)داوە لە ئایندەدا کە جەنگ کۆتایی هات بیخوازم، لات سەیر نەبێت منو رەنگی سوور دەمێکە عەشقی یەکتری بووینو لەلای پیاوێکی ئاینی بە دزیی رەنگەکانی ترەوە رەنگی سووریان لەمن مارەکردوە، رەنگە هەردووکمان بتوانین نەوەیەك لە رەنگ لەم وڵاتەدا بخەینەوە. من دەزانم شارێك لەنەوەی ئێمە پڕدەبێت لە رەنگ، ئەو شارەی کە لەهیچ لایەکی دونیادا بوونی نابێت. دەمێکە لەگەڵ رەنگی سووردا دەزگیرانی یەکترین، دەیان ئازارو ناخۆشیمان پێکەوە بینیوە، ئێوە ئەوە نازانن، لاتان سەیرە کەسێك کە مرۆڤبێتو رەنگ بکاتە دەزگیرانی خۆی، تۆ من بەشێت بزانە لەپای ئەم قسانەم، چاوەڕێبکە تا لە ساڵانی دواتردا منو رەنگ سەدان منداڵی رەنگاوڕەنگ دەخەینەوە، تۆ مەهێڵە لە یەکتریمان دوور بخەنەوە، دڵنیام رەنگی سوور لە دووریی مندا بۆ هەمیشە دەمرێ. ئیتر ناو رەنگەکان بۆ هەمیشە رەنگی سوور لە دەست دەدەن، بەمەش رەنگ بوونی نامێنێت لەم دونیایەدا. ئاخر رێگە بدەن با من یەکەم کەسبم کە لەم سەر زەوییەدا رەنگ بکەمە ژنی

خۆم. ئێوە بزانن چەند ئاهەنگێکی مەزن بۆ گواستنەوەی ڕەنگی سوور سازدەکەم. تۆ پەنجەکانی من ببینە بزانە هەریەکەیان ڕەنگێکن، کەس پەنجەی وەکو منی نییە، من هیچ فڵچەیەك بۆ ڕەنگکردن بەکارناهێنم تەنیا سەری پەنجەکانم نەبێ، فڵچەکان تەنیا میوانن لەلای منن. کێ هەیە لەم وڵاتەدا وەکو من ڕەنگ بناسێتو ئاشنای ڕەنگەکان بێت؟ زمانی منو ڕەنگ لە یەکتری تێدەگەن، ئاخر کەس لە زمانی ڕەنگ ناگات تەنیا من نەبێت، شەوان بەدیار حیکایەتی ڕەنگەکانەوە تابەیانی دەگرێم، ڕەنگەکان لە ئێمە زیاتر ئازارو خەمیان هەیە. تۆ یەکجار هاتوویتە ناو دوکانەکەی منەوە، من دەزانم جەنگ چی بە ڕۆحی ژنانی ئەم وڵاتە نەکردووەو دەیانەوێت بەڕەنگ خۆیان لە دەست خەمی جەنگ بەدووربگرن، ژنی ئەفسەرە گەورەکان پێم دەڵێن:(مێردەکانمان گانیان لەبیرچۆتەوە ئەوەندە گوێیان لە دەنگی تۆپو گوللە بووە، کێریان تەنیا بۆ میزکردن بەکاردەهێنن، هەموو ئارەزووەکانیان بۆتە تەماشاکردنی تەرمو شەهوەتیان بۆتە باروتی ڕەشو ڕۆی دەکەنە گۆڕی جەنگو خیانەتەوە، ئێمەیان بیرچۆتەوە کە ژنیانین) دەڵێن: مێردەکانمان کە دێنەوە ماڵەوە بۆ حەوت ڕۆژ دەنوونو ئیتر بەبێ ئەوەی لە ڕۆحی ئێمە بپرسن دەگەڕێنەوە بۆ ناو سەنگەرەکان. بە من دەڵێن ڕەنگەکان زمانیان هەیە پێیان بڵێ با ڕەنگی پێستی ئێمە بگۆڕن تا لەبیر مێردە

نەفرەتییەکانمان بچینەوە. مێردەکانمان بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێن‌و لەوێ دەمرن نەك لەناو باوەشی ئێمەدا. من سەدان حیکایەتی ئەو ژنانەم لەلایە، تکادەکەم من‌و ڕەنگەکان لە چوون بۆ بەرەکانی جەنگ ببەخشن. من بمرم، هەموو ڕەنگەکان لەم وڵاتەدا دەمرن، تۆ دەتوانی من لەم جەنگە دووربخەیتەوە گەورەم، من‌و رەنگ دەتوانین ئایندەیەکی جوان بەم وڵاتە ببەخشین. من ڕەنگەکانم فێرکردوون چۆن چۆنی خۆیان جوان پیشانی خەڵکی بدەن بە دیواری ماڵانەوە، تۆ نازانیت ئەگەر ڕەنگ نەیەوێت بەهیچ جۆرێك خەڵکی ناتوانن بەجوانی بیانبینن، کە رەنگەکان غەمگین بوون ئیتر کەس ناتوانێت وەکو خۆیان بیانبینن، من رۆحم بۆتە رەنگ‌و بەبێ ڕەنگ ناتوانم بژیم، بیرم چوو پێت بڵێم من (دایکم بەڕەنگ سکی پڕبوو نەك بەشەهوەتی پیسی باوکم) من یەکەم کەسم کە ئاوا لەدایك دەبم. دایکم بەڕەنگ سکی پڕبووە، من ئاوا لەدایك بووم، بۆیە منیش رەنگم خۆشدەوێت، ئەوە سەیرترین دایکە کە لەم وڵاتەدا لەبری شەهوەت بە رەنگ سکی پڕبووبێت. لەبەر خاتری ئەو دایکە بە رەنگ سکپڕبووە من لە چوون بۆ جەنگ ببەخشن.

ئاوا بۆ ماوەیەکی زۆر (ڕەزای ڕەنگڕێژ) لێم پاڕایەوە، باسی رۆحی خۆی‌و باسی رۆحی رەنگەکان‌و ئەو هەموو ماڵەی بۆ دەکردم کە سەرەیان گرتووە بۆ ئەوەی ئەم

ڕەنگی ناو ماڵەکانیان بۆ بکات، باسی خۆیو خەونی داهێنانی گەورەی بۆ دەکردم کە لەڕەنگەکاندا بەکاریان دەهێنێت. چەند گەمژەبوو نەیدەزانی لەوەتی ئەم وڵاتە هەیە پێویستی بەکەسانی داهێنەرو زانا نەبووە جگە لە کەسانی شەڕانیو دزو پیاوکوژو گەمژە نەبێت. ڕاستی دەکرد ئەم کوڕە (ڕەزای ڕەنگڕێژ) لە هەچ وڵاتێکی تردا بووایە قەدری زۆریان دەگرتو نەیاندەنارده بەرەکانی جەنگو لەناو ئەفسانەکانی رەنگدا بەجێیان دەهێشت تا مردن. من چی بکەم پێشنیاری ئەوەم بۆ کرد تا لەگەڵ خۆیدا چەند ڕەنگێك بباتە ناو سەنگەرەکانەوەو بۆنیان بکات تا رۆحی ئارامبێت، چەند گەمژانە من پێشنیارم بۆ کرد. نەمتوانی بڕیاری نەچوونە جەنگی بۆ دەربکەم، ئای کە منیش پیاوێکی گەمژەو هیچو پووچ بووم. دەبوایە (ڕەزای ڕەنگڕێژ) بڕۆیشتایەتە بەرەکانی جەنگ. چونکە لێرە جەنگ لە هونەرو رەنگکردنو هەموو شتێکی تر پیرۆز تربوو، ئێستا لەناو ئەو ملوانکانەدا من ملوانکەکەی ئەو دەناسمەوە، ئەو کاتێك چووە بەرەکانی جەنگ بۆ ماوەیەكوەکو شێت گەڕابوو، ئێواران بەدەنگی بەرز بۆ ڕەنگەکان گریابوو، گۆرانیی بۆ رەنگی سوور وتبوو، سەدان هۆنراوەی بۆ رەنگی سوورو رەنگەکانی تر دا نابوو، حیکایەتی خۆیو ڕەنگەکانی بۆ هەموو سەربازەکان گێڕابووەوە، سەربازەکان وتبوویان ئەم کوڕە شێت بووە شێت، چۆن چۆنی مرۆڤ دەتوانێت

دەزگیرانی ڕەنگی سووربێتو مارەی بکات؟ ئەمە کفرێکە لە کفرە قورسەکان. وەکو پیاوێکی ئالودە بە ڕەنگبوو هەمیشە غەمگین دەگەڕا بەناو سەربازەکاندا، جار جارەش بەزمانێکی تر گۆرانیی بۆ کچێك وتبوو کە لە پەیمانگە زۆرکات خواردنی بۆ ڕەزای ڕەنگڕێژ کڕیبوو، من دەمزانی ڕەزا زۆربەی بەیانیان کە دەچوو بۆ پەیمانگە یەك فلسی پێ نەبووەو درۆی دەکرد هیچی بۆ من نەکڕیوە، حیکایەتەکانی رەزاو رەنگەکانی دوورو درێژترین حیکایەتن، کە من دەیزانم. دواتر پێیان‌وتم لە دوای چل ڕۆژ، لێرە لەناو سەنگەرەکاندا شەوێك، شەوی جەژنی قوربان (ڕەزای ڕەنگڕێژ) دەبێتە چەند رەنگێكو (با) ئەو ڕەنگانە تێکەڵ بە تەپوتۆزو باروتی ناو سەنگەرەکان دەکاتو ئیتر بۆ هەمیشە ون دەبێت. کەس نە بەشێك لە لاشەیان دۆزییەوە نە بەرگەکانیان، تەنیا ئەو ملوانکەیە نەبێت کە بە ڕەنگێکی سوور بۆخۆی ڕەنگی کردبوو لە سەنگەرەکەیدا دۆزرایەوە..

ئەو پیاوە کە لە باسی دواڕۆژەکانی ڕەزای ڕەنگڕێژ بووەوە، دەستە چڵکنو گەورەکانی بۆ درێژکردم تا تەوقەم لەگەڵدابکات، ئەوەندە شل دەستی گرتم وامدەزانی دەستی مردوویەکم گرتووە، ئەمجارە بۆ خۆی پێی وتم: منیش لە دوای مەرگی (ڕەزای ڕەنگڕێژ) بڕیارم دا ئیتر ببمە پیاوێکی گەڕۆكو بەشوێن دۆزینەوەی رەنگەکانیدا بگەڕێم، تۆ دەزانیت ئەوەتی ئەو بووە بە رەنگو ونبوو

لەم وڵاتەدا، ڕەنگەکانیش مردن‌و کەس ناتوانێت‌وەکوجاران جوانییان ببینێت. نازانم کەس لەم دونیایەدا توانیویەتی جەستەیەکی بەڕەگبوو بدۆزێتەوە یان نا؟ تا ئەو کاتانەی ڕەزا لە ناو سەنگەرەکاندا بۆ ڕەنگ‌و بۆ هەموو بڕیارە سەقەتەکانی ئێمە دەگریا، رۆژانە من داوای ئەو راپۆرتانەم دەکرد کە لە بارەی ژیان‌و هەڵسوکەوتی ڕەزاوە دەگەیشتنە بارەگای گشتیی هێزەکانمان لە نزیك پایتەخت. من خۆم ئەو فەرمانەم دەکرد تا رۆژانە ئاگادارم بکەنەوە لە بارەی رەفتارەکانی رەزاوە. دەترسام ئەو ئیتر شەوێك بۆ هەمیشە لە بەرەکانی جەنگداونبیێت. هەمیشە راپۆرتەکان وادەگەیشتن کە رەزا دەمرێ، ئیتر وڵات پیاوێکی مەزن کە لە زمانی رەنگ دەزانێت لەدەستدەدات. من دەمزانی لەوەتی ئەم وڵاتە هەیە خوێن بە کۆڵان‌و بە شەقام‌و کێڵگەو جۆگەکانیدا گوزەردەکات نەك رەنگ‌و هونەر. زۆرکات بەیانیان زوو بە دیار ئەو راپۆرتانەوە کە دەربارەی رۆژەکانی (رەزای رەنگڕێژ) دەگەیشتنە لام دەگریام، جارێك بۆیان نووسیبووم دوژمن لە هێرشێکدا رەزایان بەدیل گرتووە، لەگەڵ سەدان دیلی تردا، کەچی بۆ ئێوارە دوژمن رەزایان ئازاد کردووەو دەیان فڵچەو رەنگیان پێدابوو. ئەو ئەفسەرەی رەزایان بردبووە لای ناسیبوویەوەو پێی وتبوو: من لە رۆژنامەکاندا دەیان چاوپێکەوتنی تۆم خوێندۆتەوە کە رەنگ دەدوێنیت‌و

عاشق بەڕەنگبووی. دەبێ هەموو کەس قەدری تۆ بزانێت، ناکرێ لە ناو دیلو گرتوخانەکاندا ژیان بەسەربەریو بڕزێیت، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ ناو شەقامەکانی وڵاتەکەت بۆلای رەنگەکان، تۆ تاکە کەسی کە ناتوانیت بەبێ رەنگ بژیت. ئەو ئەفسەرە رەزای رەنگڕێژی ئازاد کردبووو پێی وتبوو بڕۆ بەڕەنگەکانت رووی ناشیرینی جەنگ داپۆشە. ئێستا من بۆ هەموو تەمەنی رەزا دەگریم، دەمزانی ئەو دەسەڵاتەی قەدری ڕەنگو گۆرانیو ئەدەبی وڵاتەکەی خۆی نەگرێت ناتوانێت بە نەمری لەناو خەڵکدا بژی. بۆ ئەوەی بتوانم بە شوێن رەزای رەنگڕێژدا بگەڕێمو بیدۆزمەوە، بۆ ئەوەی لە دەست شارە سەخیفەکانو جەنگ رزگارم ببێت، شەوێك چوومە لای ئەو پیاوە سواڵکەرەی زۆرکات رێنومایی منی دەکرد، سەدان پەندو ئامۆژگاریی بۆ من دەگێڕایەوە، تا کاری خراپە بەرامبەر کەس نەکەم، لە ناو خانویەکی بچوكو پەڕپوتدا شەو گەیشتمە لای، داوام لێکرد کە چۆن چۆنی لەم کارەی خۆم دووربکەومەوە و ببمە پیاوێکی ترو بەشوێن ڕەنگەکانی (ڕەزای ڕەنگڕێژ) بگەڕێم. ئەو شەوە ئەو پیاوە سواڵکەرە لەگەڵمدا هاتە دەرەوەی پایتەختو دەستێك بەرگی سواڵکردنی خۆی پێدامو پێی وتم کە خۆم بگەیەنمە گوندە دوورەدەستەکانو ناو چیاکان، تا وەکو گیانلەبەرەکان یانوەکو گورگ بژیم، ئەو پیرە سواڵکەرە

پێی وتم: تف لەو ڕۆژانە بکە، کە بەمەرگی خەڵکی سەرکەوتنەکان تۆماردەکەن، ئەو ڕۆژانە لەبیرخۆت بەرەوە ئیتر وەکو گورگ بژی. منیش ئەوەتا ساڵانێکە وەکو گورگ لەم کێوانەدا لەم گوندو دەووروبەری شارانەدا دەژیمو شوێنێك نەماوە نەگەڕێم بۆ دۆزینەوەی (ڕەزای ڕەنگڕێژ) هەموو ئەم شتانەی من لای خۆت هەڵگرە. لێرە ئیتر گوێبیستی دەیان حیکایەتو گێڕانەوەی تر دەبیتو دوای ئەو گێڕانەوانە دەزانم تۆیش دواجار وەکو رەزا دەبیت بە رەنگو تێکەڵ بە دونیای ئەم گوندە غەمگینانە دەبیت..

پاش چەند ساتێکی کەم ئەو پیاوە بەخێراییی وەکو گورگو بە چوارچنۆڵە لێم ونبوو، لە دوورەوە دەنگێك وەکو دەنگی گورگێکی برسی دەهات ووووو وووو وووو وو ووو.

## گویّ لەم دێڕە شیعرانە بگرە نەزان

بەمجۆرە بەردەوام بۆ ماوەی جل رۆژ، رۆژانە پێنچ سەعات من گوێم لە دێڕە شیعرو گێڕانەوەکانی پیاوێکی دوکاندار دەگرت، پیاوێك وەکو عارفێکی زانا دەدوا، گەرچی ئەو زۆرکات پیاوێکی برسی بوو، بەڵام وەکو پیاوێکی تێرودەوڵەمەند رەفتاری دەکرد، دوای ئەو پێنج کاتژمێرەی کە من بەردەوام گوێگربووم، کاتەکانی تر دەبوایە لەگەڵ ئەو پیاوە پیرەدا لە گەڕاندا بوومایە، ئەو پیاوە پیرە دەیوت: ئێمە بەشێکین لە گێڕانەوەکانی کتێبێکی رەسوڵی بچوك، ئەو لەم کتێبەدا زۆرشتی تێکەڵاو بەیەکتر کردووە، ونبوونی رەزای رەنگڕێژو رەنگەکانی، گیرانی ئەو پیاوەیماڵەکەی پڕبوو لە مەمکدان بەشێکە لە چیرۆکێکی تر، کەچی رەسوڵی بچوك بەدەم بیرکردنەوە لەمەرگەوە شەوێك ئەو بەشانەی لە کتێبێکی تر هەڵگرتو بەدەم ئازارێکی زۆرەوە خستیە ناو ئەو کتێبەی کە ئێمەی تێدا بەندکراوین. مەرگی رەزای رەنگڕێژ بەشێکە لە چیرۆکێکی دووردرێژ، بەڵام رەسوڵی بچوك تەواوی نەکردووە.

دوكانەكەی ئەو پیاوە پیرە پڕبوو لە گیانداری مۆمیاكراو، لە مێشولەیەكەوە تا بەرانە كێوی لەو دوكانەدا دەبیندرا، هەموو ئەو شتانەی ناو ئەو دوكانە پەیوەندییان بە رۆژگارێكی دێرین‌و پڕ لە كارەساتەوە هەبوو، خەڵكی دەیان توانی ساڵانێكی ئازاراوی‌و پڕ لە نەهامەتی لە زمانی ئەم پیاوەوە ببیستن. لە ناوەڕاستی ئەو گیاندارە مۆمیاكراوانەدا، لە سەر لەتە دارێكی قەزوان باڵندەیەكی شین شینت دەبینی، بینینی ئەو باڵندە شینە بۆ من جێگەی ترسبوو، هەستم دەكرد ئەو شینە شاهۆ مۆمیاكراوە هێشتا دەیەوێت بفڕێت. هەستم دەكرد داوام لێدەكات لە دوكانەكە بێمە دەرەوە. كە سەرم كرد بەناو دوكانەكەدا بۆنی تەویلەیەكی پاكنەكراوەی لێوە دەهات، لە بەشێكی ئەو دوكانەدا بە ژمارە سەدو یازدە كتێبت دەبینی. ئەو پیاوە تەنیا خۆی بە خاوەنی ئەو كتێبانە دەزانی نەك شتەكانی تر، ئەو پیاوە كە زانیی دەترسم‌و سەرسامم بەناو دوكانەكەی، لە پشتەوە بانگی كردم: بۆ بینینی هەموو شتێك هەوڵبدە فێری ناسینیان ببی نەك ترس لێیان. خۆی هاتە لامەوە بە ناو گیانلەبەرە مۆمیاكراوەكاندا گەڕاندمی، یەك یەك ناونیشانی ئەو شتانەی پێدەوتم. من نەمزانی بۆچی بەرگێكی كۆنی سەربازیی كردبوو بەری یەكێك لەورچە مۆمیاكراوەكاندا، هەر بەڕاستی لە سەربازێكی دڕندە دەچوو. بۆ چەند ساتێك بە دیار ئەو دیمەنەوە مامەوە. لە ناو جوتێك پۆستاڵی كۆندا كە چەند لایەكی

دڕابوو مارێك سەری هێنابووە دەرەوە، لە ناو کڵاوێکی سەربازیدا سیسارکە کەچەڵەیەك هێلانەی کردبوو، هەموو ئەو دیمەنانە بۆ من ترس‌و نارەحەتی بوو، کەوتبوومە ناو ژیانی مۆمیاکراوەکانەوە، کاتێك ئەوەم بیرکەوتەوە کە ئەو پیاوە لە ساتەکانی گەیشتنمدا پێی وتم: تۆ لە شارێکی مۆمیاکراوەوە هاتوویت، ئەو شارەی تۆ جادووگەرێکی لێزان هەمووتانی مۆمیای کردووە، قەت ژیان بۆ ئەو شارە ناگەڕێتەوە! بە هێواشی وەکو تاوانبارێك بەوپیاوە پیرەموت: ئایا خۆت ئەم شتانەت ئاوا ڕێکخستووە؟ ئەو پیاوە بە نەخێر وەڵامی دامەوە. لەناو گیرفانی پاڵتۆیەکی سەربازیدا کە دوو ئەستێرەی لە مس دروستکراو بە سەرشانەکانییەوە بوو، سەری چەند باڵندەیەك هاتبووە دەرەوە، مارێك لە خوارەوە دەمی بۆ کردبوونەوە. گەڕان بەناو ئەم دوکانەدا بۆ من ئازارێکی گەورەبوو. لەپشت ئەم گیانلەبەرە مۆمیاکراوانەدا ڕێك لەسەر پێستی ورچێکی بۆر ئێسك‌و پروسکی مرۆڤێکت دەبینی، دەفتەرو قەڵەمێکی لاوە دانرابوو، لەو کاتانەدا پیاوە پیرەکە چەند دێڕە شیعرێکی غەمناکی دەوت. من لێم پرسی: دەتوانی ناوی ئەو پیاوە مردووەم پێ بڵێیت؟ پێی وتم بەڵێ دەتوانم: ئەو پیاوە ناوی خۆی نابوو (عومەر) خەڵکی بە (سۆفی عومەر) ناوی دەبەن، هەموو تەمەنی لە دەشتودەرو کێو و چۆڵەوانی‌و ناو گیانلەبەران‌و چیاو چۆڵەکاندا بەسەر بردووە. لە

دوریشەوە لە خەڵکی دەترسا، من نازانم ئەو لەلای کێ فێری نووسینو خوێندنەوە ببوو، لە ناو ئەو دەفتەرەی لەلایەوەیەتی نووسراوێکی تەواونەکراو هەیە، زەمەنێکی تر کەسێك پەیدادەبێت ئەو دەفتەرو قەڵەمە دەباو ئەو نووسینە تەواودەکات، نازانم کەی ئەو پیاوە دێت، ئەو دەفتەرە دەبێ تا زەمەنێکی زۆرتر بەم جۆرە لێرەدا بمێنێتەوە. ئەوەی ئەو نووسینە تەواودەکات دەبێ باش شارەزای زەینی ئەو مرۆڤانەبێت کە تەنیا بە شوێن دەنگی خودادا دەگەڕێن، دێڕەکانی سەرەتای ناو ئەم دەفتەرە لەپیاوێك دەدوێ کە بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ناو چیا سەختەکاندا بەشوێن دەنگێکدا دەگەڕێتو توشی سەدان دەردەسەریو ئازار دەبێت، ئەو دەنگە دەنگێکە سۆفی عومەر بەدەنگی خودا ناوی دەبات لەو دەفتەرەداو لە دێڕێکدا نووسیویەتی (کە بەودەنگە گەیشتم پێی دەڵێم هیچ شتێك قەرەبووی ئەو ماندووبوونەم ناکاتەوە کە بەشوێن دۆزینەوەی تۆدا چەشتم، ئەگەر بەهەشتی پێیبەخشیم رەتی دەکەمەوە، چونکە زۆرکەس بەبێ ماندووبوون دەچنە ئەو بەهەشتەوە).

من نەمتوانی ئیتر پرسیاری ئەوەبکەم بۆچی ئێسكو پروسکی سۆفی عومەریان نەناشتووە؟ بۆچی ئاوا لەسەر ئەو پێستەیە دایان ناوە؟ ئەوە یەکەمجاربوو دیمەنی گیاندارو باڵندەی وشکراو و تەرم بەیەکەوە ببینم . شتە سەیرەکانی ناو ئەم دوکانە ئایندەی منیان دەخستە

مەترسییەوە . دەیان سەری باڵندە بە سوچەکانییەوە هەڵواسرابوون، لەسەر پارچە چەرمێك كە لە چەرمی کەمتیاری دەکرد بە خەتێکی نارێك نووسرابوو (بۆخاتری خودا نهێنیی ناو ئەم دوکانە مەبەرە دەرەوە) ئەو نووسینە لە ئاستی پەنجەرەیەکدا هەڵواسرابوو کە زۆرکات رووناکی دەیدا لە ناوەڕاستی نووسینەکە. لەو سەری دوکانەکەوە دەنگێك بانگی کردم کە بچمە دەرەوە، منیش لەلای راستی دوکانەکەوە بە خێرایی خۆم گەیاندە دەرەوە، پیاوە پیرەکە پێی وتم چیت لەناو دوکانەکەدا بینی؟ من پێم وت: هیچ؟ چونکە نووسراوی سەر چەرمەکەم بیرکەتەوە.

بەرلەوەی بگەمە ئەم گوندە ئەو پیاوە دوکاندارە شەوێك هاتە خەونمو هەر لەوخەونەدا رێگاو ناونیشانی ئەو گوندەی پێ نیشاندام کە ماڵەکەیو دوکانەکەی تێدابوو، بە منیانوتبوو (مەولاناشەمسەددین) زۆرکات دەچێتە خەونی خەڵکیو بۆلای خۆی بانگیان دەکات. ئەوە قسەی پیاوە ئیماندارو نوێژکەرەکانی ناو شارەکەم بوو کە بە هیوابوون جارێك ئەو پیاوە نورانییە بێتە خەونیان. من بەو ناونیشانەدا بەیانییەك ئەو ڕێگایەم گرتەبەر کە لە خەونەکەمدا پێموترابوو، لە تەموخوڕەی ئاو و رێگا بەردەڵانەکان نەدەترسام، لەو پیاوانە، نەدەترسام کە دەهاتنە سەر ڕێگەم، چونکە ئەو پیاوە پیرە لەخەونەکەدا هەموو ئەو ترسانەی لا ڕەواند بوومەوە. رووناکیی

رووی ئەو پیاوە پیرە زیاتر وای لێکردم تا بەرەو ئەو گوندە ساردو دوورە بکەومە ڕێ. لە ناو ئەو گوندەدا شەوان چرایەك تابەیانی دەسووتا، ئەویش چرای سەر گۆڕێك بوو کە هەموو ساڵێك جارێك سەدان کەس لە دوورەوە دەهاتنە سەر ئەو گۆڕەو دەپاڕانەوە بۆ پاکبوونەوەی گوناەو چاکبوونەوەی ئازارەکانیان. ئەو پیاوە پیرە پێی وتم: ئەو گۆڕە، گۆڕی شاعیرێکە عاشقانە ژیاو دڕندانە کوشتیان. نزای کەس وەرناگرێت، لە هەموو مرۆڤەکان توڕەیە، گوێ لەم دێڕە شیعرانەی (جەلالەدینی رۆمی) بگرە کە بۆتی دەخوێنمەوە..

(مەی بە ئێمە مەستە نەك ئێمە بە ئەو
تەن بە ئێمە دروستە نەك ئێمە بە ئەو)
گشت کەسێ بە ئاو تێر دەبێ ماسی نەبێ
رۆژی بێڕۆژی بەسەر چوو، لادەچێ)
(گەر تۆ زەریا رۆکەیە ناو گۆزەیەك
گۆزە چەند دەگرێ؟ بەشی یەك رۆژە.. یەك)

ئەو رۆژانە ئاوا تووشم ببوو بە تووشی دەیان پرسیارەوە نەمدەتوانی خۆم ڕزگاربکەم، کە لە بەیانی زوودا گەیشتمە ناو ئەو گوندەو لە بەردەمی دوکانێکدا پیرە پیاوێك کە بەرگێکی سپیی کەمێك چڵکنی لەبەردابوو گەیشتە لام، وتی: ناوم (مەولانا شەمسەددین)ە، خەڵکی پێم دەڵێن (مەولانای نور) هەندێك کەس من بە بێدین دەزانن و هەندێك کەسی تر بە پیاوێکی نوارانیو

شوێنکەوتوانی نەوەکانی ئیبراهیمم دەزانن. من ئەوکەسانە دەناسمەوە کە دەچمە خەونیان، با پێت بڵێم: (ڕێگایەك بگرە بەر کە دوور دوور ڕووناکیی تێدا شکبەریت، چونکە گەمژەن ئەو کەسانەی کە بەبێ هیچ خواستێك ڕێگاکان دەگرنەبەر، ئەوە رەفتاری کەسانی شێتە نەك کەسانی زاناو ژیر) تا ڕۆژ بووەوە ئەوە قسەکانی ئەو پیاوەبوو.

کە خۆرهەڵهات تیشکەکانی دەچەقینە ناو چاوە بێخەوەکانمەوە، ئازارێکی توندیان دەگەیاندە چاوم، بە ڕووناکبوونەوەی دەوروبەرم دیمەنی ناو گوندەکەم بینی، ترسانێك ترسام تاکو زەمەنێکی زۆر ئەو ترسە لەگیانمدا دەهاتو دەچوو، ئیتر بەیانیان لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا هەمیشە دەترسام، بەپێی ئەم گێڕانەوانە لەم کتێبەدا من تەنیا گوێگرم و ئەو پیاوە پیرە سەرجەموشەو حیکایەتو وێنەکانی ناو ئەم کتێبەو شتەکانی ناویم بۆ دەگێڕێتەوە. ئەو دەیوت ئێمە بەشوێن هەموو ئەو ڕێگایانەدا دەگەڕێین کە ڕۆحی رەسوڵی بچوکی تێداونبوو، ئەو ڕۆحەی دەڵێن لەگەڵ دەیان غەزەلی حەرامکراودا بە فەتوای حاکمێکی زۆر بلێ لە ڕۆژی یەکەمی مانگی رەمەزاندا لە سەرسنوور بەیەکەوە سوتێندرانو خۆڵەمێشەکەیان ڕۆکرایە ناو قوڕو قوڕاوی بارانەوە، جار جارە ئێوە دەتوانن منیش بە بەشێك لە گێڕانەوەکان دابنێن تا فێری ئەوەتان بکەم کە قەت چێژ لەوحەرفانە نابینن کە بۆتان

دەخوێننەوە. حەرفەکان کاتێك چێژ دەبەخشنە ئێمە کە خۆمان بیانخوێنینەوە. ناکرێت هەموو شتەکان بدەینە پەنا پیاوێك کە زیاتر لە سەد ساڵ دەبێت ئەو ژیاوەو هێشتاش دەژی. دەترسم ئەو حەرفەکان بەم تەمەنە زۆرەوە باش بە ئێمە نەگەیەنێت. زمانێك کە سەد ساڵبێت لە گڕوگاڵەوە تا پیربوون حەرفی پێ بووترێت ماندووەو ناتوانێت راستییەکان بە ئێمە بگەیەنێت . ئێوە ئەمە فێرببن تا قەت بە حەرفی خراپ ئاشنانەبن، ئەو کەسانە خراپ فێردەبن کە پێیانوابێت هێشتا مامۆستا پیرەکانیان وەکو تەمەنی لاوێتی حەرفەکانیان پێدەڵێن‌و فێریان دەکەن.

لەسەر یەکێك لە تاشەبەردەکانی سەر کانییەکی پڕ لە ئاوی دەرەوەی ئەو گوندەدا، لە ژێر وێنەی پیاوێکی پیر کە باڵندەیەکی گەورەی مردارەوەبووی بەکۆڵەوەبوو، نووسرابوو:(ئەگەر جارێك بە (مەولانا شەمسەددین) گەیشتی لەم ناوەدا پرسیاری تەمەنی مەکە، ئەو بەدرێژایی دەیان ساڵ لەم ناوەدا خەڵکی لە بەرگی سەدان کەسی تردا بینیوویانەو هێشتا بڕواناکەن ئەوبێت). من ئەوکاتانەی ئەو شتانەم دەبینی ترس دایدەگرتم‌و نەمدەتوانی هەڵبێم، ئێوە چۆن چۆنی لەم گێڕانەوانە تێدەگەن بگەن‌و بزانن ئێمە کەوتووینەتە چ ئازارێکەوە. ئێمە لەم گێڕانەوانەی رەسوڵی بچوکدا توشی تۆفانێکی کوشندەبووین‌و ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ ناو حەزو ئارەزووەکانی خۆمان. بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێ لەو

گێڕانەوانەی ئەو هەڵبێم‌و هەروەکو چۆن ئێستا لە گێڕانەوەکانی هەڵهاتووم، ئیتر ناتوانم بەویستی ئەو بە شوێن شارە شاراوەکانی ئەودا بگەڕێم‌و رۆحی بدۆزمەوە، چونکە مەولانا پێی وتم رۆحی ئەو لەگەڵ سەدان غەزەلی حەرامکراودا سوتێندرا، مەگەر خودا لە زەمەنێکی پاکتردا ئەو رۆحە سوتێندراوە زیندووبکاتەوە. ئێستا ئەم پیاوە کە دەزانم مەولانا شەمسەددینە پێم دەڵێت: ئێوەوێنەکان لەم کتێبەدا بەتێکەڵاوی ببینن کە رەسوڵی بچوك زۆرکات بەغەمگینی کێشاوێتی، بۆنموونە شارێك دەبینی سوتاوەو سەدان کتێبی سوتاوی تێدایە، (شێتێك) کە ساڵانێك لەوەوبەر نووسەرێکی باش بووە، ساڵانێکی زوو بەر لە ئێستا یەکەم نووسینی خۆی بڵاوکردووە، دوای شێتبوونی لە دەست هەزاران کەسی گەمژەی شارەکەی ئیتر شێت دەبێت‌و هەمیشە بۆ کتێب دەگری نەك شتی تر. ئێوە بیبینن کە بەدیار سووتانی هەموو کتێبەکانەوە دەگری، بۆ حەرفەکان دەگری، نەك بۆ سووتانی شارەکەی، لە ناو هەموو حەرفەکانیشدا بۆ چەند حەرفێك دەگری نەك بۆ هەموویان، بەدەنگێکی بەرز وتوویەتی ئەو حەرفانەی من بۆیان دەگریم چوار حەرفەکەی (ژیان)ە. ئەو حەرفە ژەنگاوییە فڕێدراوانەی رژاونەتە ناو رۆحمانەوە، ئەو ژیانەی من لام هیچەو لای ئێوە زێڕێکی درەوشاوەیە. ئاخر زۆرکات شێتەکان باشتر لە میرێك یان لە زانایەك دەدوێن. لەوێنەیەکی تردا

ئێوە دەبینن (عابیدی پیر) لە سۆفییەکی نورانیو عارفێکی گەورە دەدوێت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ، ئەو سەدانەی بە سەدەی سۆفییە یاخیو برسیو راکردووەکان لە خەڵکانی تر ناسراون، گێڕانەوەکانی عابیدی پیر دەربارەی ئەو سۆفییە دەڵێ: دواتر ئەو سۆفییە گەورەیە هەموو نوێژەکانیو جل حەجی خۆی لە کێوی عەرەفەدا دەفرۆشێت بە نانێكو فڕێی دەداتە بەردەم سەگێکەوە، ئێوە ئەم وێنانە چۆن چۆنی دەبینن بیان بینن، من لای خۆم ئەم وێنانە ناگۆڕمەوە بە سەدان شتی بەنرخو گرانبەها، ئاوا گێڕانەوەکان لەم کتێبەدا دەردەکەون، بۆیە دەتوانن ئەم گێڕانەوانە بەتەواوکەری یەکتر دابنێن تا دواتر دەتوانن وێنەیەکی تەواوکراوی لێ دروستبکەن، چونکە هیچ نووسراو و وێنەیەك ناکاتە شتێکی تەواوکراو لای من، چەند تەواوکراوبێت هێشتا لای من زۆری ناتەواوە. هەر ئەمەیشە لای من کە وێنەی مرۆڤ تا ئەوپەڕی ناتەواوی لە ڕووی بیرکردنەوەو جەستەو قسەکردنیانەوە ناتەواوە. کام مرۆڤ دەڵێت: من تا ئەوپەڕی کامڵی کامڵ و بێ کەموکوڕیم ئەوە لای من خراپترین کەسیانە. من دەبینم وێنەو زاتی خودا لەوێنەو زاتی هەموو کەسێك کامڵترە، کەچی کاتێك (شەیتان) لەم رووە رووناکە رووبەڕوو یاخی دەبێتو دژایەتیی کارەکانی خودا دەکات، سەیر دەکەومە گومانەوەو دەڵێم چۆن چۆنی لەبەردەم ئەم زاتە کامڵە بێ کەموکوڕییەدا شەیتان بڕیاری یاخیبوون دەدا،

وێنەی شەیتان لەیاخیبوونیدا دەبێتە وێنەی مرۆڤەكان لەسەر زەوی لای من، بۆیە هەمیشە وێنەی مرۆڤ لای من زۆر نا تەواو و شێواوە، ئەوە بینینی منە بۆ وێنەی هەموو شتەكان لەسەر زەوی.
ڕێگاكانی ئەم گوندە بەتەواونەكراوی بەجێ هێڵرابوون. لەو سەرەوە كە خۆر لە زۆركاتدا لێی ئاوا دەبوو، لە ژێر تیشكی خۆرەكەدا لە بناری كێوێكدا كە كەمتر لە دوو هەزار مەتر لە ناوەڕاستی گوندەكەوە دووربوو، بەردەكانی شینی دەكردەوەو تەڕایی ئاویان پێوە دیاربوو، ئەو بەردانە وەكو پارچە ئاوێنەی وردبوو لە دوورەوە دەبریسكانەوە. لە بناری ئەو كێوەدا تونێلێكی تەواونەكراوم دەبینی، دواتر مەولانا شەمسەددین بۆی گێڕامەوە كە ئەو تونێلە تەواونەكراوە، ئەو تونێلەیە كە مێردەكەی (فاتمەی خۆر) هەموو نەخشەكانی بردو بە ناتەواوی بەجێیهێشت، لەسەر دەستی سۆفییەكی نەزاندا شوێن ڕۆحیونبووی خۆی كەوتووە، كە تاكو ئێستا فاتمەی خۆر بۆ دۆزینەوەی ئەو پیاوە شاران دەگەڕێتو ئازار بۆ دۆزینەوەی دەنۆشێ. ئێوە دەبێ بزانن فاتمەی خۆر لەم گەڕانانەی ئێمە لە هەموو شتەكانی ڕەسوڵی بچوك هەڵدەهاتو بەشوێن دۆزینەوەی مێردەكەی خۆیدا دەگەڕا نەك دۆزینەوەی ڕۆحی ونبووی ڕەسوڵی بچوك.
من هەموو سەفەرەكانی فاتمەی خۆرم ئاوا دەبینی، ئەو نازانێت ئێستا مێردەكەی چۆتە كام شار، زۆركات لەو

ژنانەی کە دێنە لای پێیان دەڵێت ئێوە کە هەواڵی پیاوێکیان پێدان وەکو ئەندازیارێکی سەرگەردان زوو بەمن بڵێن، تا بێمە لای، پیاوێك کە خودا لە دۆزەخەکەی خۆشیدا جێگەی ناکاتەوە.
ئێستا لەم گوندەدا جارجار دەنگێك دەبیستم کە بانگ لەدایکی دەکات، نەمدەزانی دەنگی کێیە، گوندێك کە تاکو ئێستا نە شوێنەوارو نە ناونیشانی رێگاو شتەکانی نازانم، ناوێرم کەس تێبگەیەنم بۆ دۆزینەوەی، ئەموشانە گێڕانەوەی منن بۆ بینینی ئەو گوندە سیحراوییە. گوندێك هەمووماڵەکانیوەکو خۆی مابوون، درەختەکانیان سەوزو گەورە ببوون، ئەو هەموو میوە گەنیوەت دەبینی لەبن درەختەکاندا بۆنیان ئەوناوەی پڕکردبوو. ئەوەی نەتدەبینی مرۆڤ بوو لەم گوندەدا. بە تەنیا ئەم پیاوە پیرە نەبێت، خەڵکەکەی لەناو ژوورەکاندا، لەناو باخو ناوەڕاستی رێگاکاندا مردبوون. تەنیا ئێسكو پروسکت دەبینی. پۆلە باڵندەکان بەرز بەرز بەسەر ئەم گوندەدا دەفڕین، لە دوورەوە لەلای ئەو تونێلە تەواونەکراوەوە جار جار دەنگی گورگـو گیانلەبەرانی کێویت دەبیست.
ئەمە گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبەیەو سەرەتای بەیەکگەیشتنی منو مەولانا شەمسەددینە لەم گوندە ترسناکەدا. نازانم نەخشەی ئەم گوندە لە چ بەشێکی ئەم نیشتمانەدایە . بە تەنیا دەزانم ئەم گوندە لەسەر خاکی ئەو کەسانەیە کە سەدان ساڵە رێگاکان دەبڕنو نازانن بۆچی

بە رووناکی ناگەن، چوارکەس رەنگە لەلایەکی تریشەوە کەسانی تر هەبن لەسەر ئەم خاکە ترسناکە بە شوێن دۆزینەوەی رۆحی شاراوەی رەسوڵی بچوکدا سەرگەردانبن‌و ناتوانن بیدۆزنەوە. ئەمە خاکی ئەو کەسانەیە کە عابیدی پیر بەردەوام دەڵێت ئەم کوردانە لە هەموو تەمەنێکدا پیرن‌و نە زانایەکیان تێدایەو نە پێشەوایەك تابگەن بە دۆزینەوەی خاکە ونبووەکەیان. عابیدی پیر وادەڵێت‌و مەولانا شەمسەددینیش زۆرکات بڕوا بە قسەکانی دەکات، منیش دەڵێم ئەم کوردانە ئەوکاتانەی رووناکی دەبینن گاڵتەی پێدەکەن و قەدری نازانن، کە بەتاریکیش دەگەن بۆ ئەو رووناکییە دەگرین کە بینیوویانە. جاران لەناو ئەم گوندەدا عابیدی پیر لە ماڵێکدا دەژیا تا لەگەڵ مەولانا شەمسەددیندا بەشەڕهاتن‌و ئێرەی بەجێ هێشت. ئەو بەر لە رۆیشتنی بە چاوی گریانەوە وتبووی: ئێستا دەزانم ئەوانەی لەگڵ‌و شەهوەت‌و حەرفی ناو نووسینەکانەوە دروست دەبن هەموویان دەچنەوە سەر ڕێگاکانی درۆکردن‌و خیانەتکردن بە یەکتری. دەڵێن بەسەفەری عابیدی پیر ئێرە ئیتر بەرەو وێرانبوون چوو.

مەولانا شەمسەددین لەسەر سفرەیەك کە لە پێستی مەڕی کێوی دروستکرا بوو، هێشتا بۆنی رۆحی ئەو مەڕە کێوییەی لێوە دەهات کە مەولانا خۆی سەری بڕی بوو. لەسەر ئەو سفرەیە نانی بۆ من‌و خۆی دانا. لەتە نانێکی

بۆری پێچا لە دوو تەڵ پیازەوەو بۆی راگرتم، وتی: سەرەتا ئەمە بخۆ تا لە ترسو ماندووبوون رزگارت ببێت، شتی توون رۆحی مرۆڤ لە ترس رزگاردەکات. ئەو پارووە بۆنی دەستی مردوو شۆرێکی لێوەدەهات، سارد سارد بۆنی ماسیی لێوە دەهات. هێڵنجم دەهات کە قوتم دا، سەر سفرەکە کەمێك گۆشتو برنجی ساردەوەبوو، جامێك ئاوی رەنگگرتووی بەڕەنگی سەوز لە سەردانرا بوو، چوار جۆر میوەی لەسەر بوو، دەبوایە تێرم بخواردایە، چونکە زیاتر لە چل کاتژمێر دەبوو هیچم نەخواردبوو. لەناو ژوورەکەدا بۆنی هەنگوینی تازەش دەهات، چەند چاوم گێڕا هیچم نەبینی. ژوورێك لە دوو لاوە رووناکی دەهاتە ناوەوە، بەسەر هەموو ماڵەکانی گوندەکەدا دەیڕوانی، دیوارەکانی بە بەردی ناڕێك دروستکرابوونو لە دوورەوە بۆنی قەوزەی وشکبوو دەهات، ناو ژوورەکە بە فەرشێکی دەستکردی ئەستوور کە هەموو لاکانی بەگوڵی مۆر رازابووەوە، راخرابوو، پاك وەکو ئەوەی رۆژانە خانمێك ئەم ژوورە پاکبکاتەوە. هێشتا چاوم دەگێڕا بەناو ژوورەکەدا کە مەولانا پێی وتم: (کەسی ژیر ئەو کەسەیە کە بتوانێت نهێنیی ناو ژوورەکان بدۆزێتەوە، نەك شتە دیارەکانی ناوی). نەمزانی ئەم قسەیەی بۆچی کرد، تا بەردەرگای حەوشەکەی بە درێژایی چوار مەتر بە داری لەتکراو داپۆشی بوو. لەناو ئەو لەتە دارانەدا گیای سەوز

روابوون. گەیشتن بە ئێرە منی دەترساندو بیرم لە مردن دەکردەوە. ئەوکاتانەی لە نانخواردن لێبووینەوە ئەو پیاوە پێی وتم کە خۆم بگۆڕم . دەستێك جلی سپی پێنیشاندامو وتی لەبەریانبکە (جەمالەدین) ژیان لەم بەرگانەدا شتێکی ترە. ئیتر زمانت دەبێ حەرفی جوانی لێ دروستببێ، منو تۆو چەند کەسێکی تر دەبێ رۆحی کەسێك بدۆزینەوە کە لێیان شاردۆتەوە، هەرچەندە دەزانم دۆزینەوەی ئەو رۆحە بۆ ئێمە بەشێکە لە گرەوێکی دۆڕاو، ئەوەش دەزانم خودا شارێکی بۆ ئەو رۆحانە دروستکردووە کە لەدوای مەرگ دێنە ناوی، ئایا ئەگەر ئێمە گەیشتین بەو شارە دەتوانین بەجێی بهێڵین؟ ئەو شارە سەیروسەمەرانەی ئێمە بۆی دەگەڕێین سەد ئەوەندەی تر تەمەنمان هەبێت دۆزینەوایان کارێکی گرانە جەمالەدین.
مەولانا بۆخۆی چووە دەرەوەووتی: کە بەرگەکانت لەبەرکرد وەرە بۆ بەردەم دوکانەکە.
لەگەڵ لەبەرکردنی بەرگەکاندا هەستم دەکرد چەند ئەم ناوە بێدەنگە ، دەنگی مرۆڤەکان لێرە بۆ کوێ چوون؟ جار جار لەدوورەوە دەنگی باڵندەو گیانلەبەرانت دەبیست. من کەوتبوومە کوێوە؟ خاکێکی تەڕو سەوزایم دەبینی، با بەردەوام بۆنی دەشتو چیاو درەختو سەوزایی دەهێنا. بیرم لە دۆزینەوەی شارە رووناکەکان دەکردەوە، نەمدەزانی ئەو شارە رووناکانە چیان تێدایە بۆچی دەبێ من خۆم بمرمو رۆحی کەسانی تر

رزگاربکەم؟ ئەوە پرسیارێك بوو هەمیشە لەخۆمم دەکرد. لەبەر دوکانەکەدا مەولانا شەمسەددین دانیشتبوو تا تەماشات بکردایە پیرتر دەهاتە بەرچاوت. بە بەرگە سپییەکانییەوە لە مردووی دەکرد تا لە مرۆڤێکی زیندوو. بەمجۆرە دەستی کرد بە گێڕانەوەی شتەکان بۆم: ئەم مەملەکەتە کە تۆ پێیت ناوەتە سەرخاکەکەی، مەملەکەتێکیوێران‌و داڕزاوە. من تۆم بۆیە بانگکردۆتە ئێرە تا بەشێك لە تاریکیت پێ نیشانبدەم. تۆ هیچ لە عەشقی تاریکی‌و رووناکی نازانیت، تۆ نازانیت چۆن چۆنی باوەش بە یەکدا دەکەن‌و بۆ یەکتری دەدوێن، دەبێ ئەوانەت پێ بناسێنم کە بۆ هەمیشە لەناو تاریکاییدا مردن‌و هیچیان بۆ ئاینده جێ نەهێشت. سەیری ئەم ناوەبکە، ئێرە شارێك بوو خەڵکەکەی بەردەوام خەریکی کوژانەوەی رووناکییەکان بوون، ئەو کەسانەشی ئاوا رەفتاربکەن تاریکیی خۆیان‌و نەوەکانی دوای خۆیشیان دەکوژێ. تۆ لە شارێکەوە هاتوویت کە خەریکە وەکو ئەم شارە دەبێتە گوندێکی بچوك و ئەوسا ئیتر کاول دەبێت. خەڵکەکەی بە براو باوك‌و خزمەکانی تۆوە خەریکی کوژانەوەی رووناکین، ئەو مرۆڤە مۆمیاکراوانەی شارەکەت بەردەوام رووناکی دەکوژێننەوە. من دەبینم تەنیا تۆ کار بۆ گەیشتن بە رووناکی دەکەیت. ناخت دەخوێنمەوە، نامەوێت لەگەڵ ئەو کەسانەدا بمریت کە بەرێگاکانی تاریکدا رۆحیان گوزەردەکات، بەڵام شتێکی

تریش لەناخی تۆدا دەبینم کە بەردەوام دەتخاتە سەر ڕێگاکانی فێڵو خۆحەشاردان. دەبێت من لەگەڵ تۆدا بدوێمو حیکایەتی زەمەنێکی تێکەڵو پێکەڵت بۆ بگێڕمەوە. دەبێ بەشوێن شارە ڕووناکە شاردراوەکاندا بگەڕێین تا ڕۆحی ڕەسوڵی بچوك ڕزگاربکەین، ئەو مرۆڤانەی لە حەرفەکان دروستکران نابێ فێرە گوناهببن، نازانم ئەوە بە ئێمە دەکرێ یان نا، بەڵام نابێ لەگەڕان وازبهێنین. شارەکەت لەسەر دەستی ئەو جەنگاوەرە دێرینانەی کە هەمیشە بەدرۆ بەشوێن ڕووناکیدا دەگەڕان، خەریکە کۆتایی دێت، ئەمە خراپترین وێرانبوونە کە شارەکان لەسەر دەستی جەنگاوەرەکانی خۆیدا وێرانببێت. تۆ ئێرەت نەبینیوە. ئێرە سەرزەمینێکە تەنیا ئەو کەسانە دەیبینن کە خۆیان بۆ گەیشتن بە ڕووناکی ئامادەکەنو هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بگاتە سەر ئەم جۆرە خاکانە، لەتۆیش دوودڵم هێشتا هەستدەکەم باش دەبیت. تۆ من ناناسیت، بەڵام لەو کتێبەی دەتدەمێو ڕەسوڵی بچوك لە کۆتایی نووسینەوەی دوا دێڕەکانیدایە، ئەو کتێبەی عابیدی پیر دەیوویست بۆ هەمیشە بیشارێتەوەوە تا ڕۆحی ڕەسوڵی بچوك بەمردن بگات. لەو کتێبەدا ژیانی هەریەکەمان بە مەرگـو ناخۆشیو خیانەتکردن کۆتایی دێت، ئەوە چارەنووسێکە ئێمە ناتوانین لێی دەربازببین. ئەوانە ڕاستدەکەن ئەو کەسانەیشی کە لە حەرفی ناو کتێبەکان دروستدەبن وەکو ئێمە هەمان خوی نەوەکانی

ئادەم دەگرن لە درۆو دزیو فێڵکردن لە یەکتری بەردەوام دەبن، چارەنووسمان لەم کتێبەدا چارەنووسێکی ترسناکەو دەبێ قبوڵی بکەین، کتێبێکە بۆ خۆم لەسەر رەفەی کتێبەکانی رەسوڵی بچوك چەند جارێك دەستم داوەتێ، ئەو کتێبەی کە تا سەر لەم سەرزەمینەدا دەمێنێتەوەو هیچ لافاو و ئاگرێ ناتوانێت لەناوی بەرێت، کەسیش نازانێت ئایا ئەمە کتێبێکی تەواوکراوە یان نا، ئەو کتێبە بیخەرە ناو قووڵایی زەوییەوە بۆ دەیان ساڵ بەجێی بهێڵە حەرفەکانیوەکو خۆیان دەمێننەوە. ئەو کتێبە لە دوای هەموو کتێبەکانی سەر زەوی دەفەوتێتو حەرفەکانی دەبنە رۆحی ئەو ئینسانانەی کە لە دوای مەرگی هەموومان لەم سەرزەوییەدا دەردەکەونەوە، پێشموابێ دوا کتێبە کە خەڵکی دەیخوێننەوە. من ناتوانم بڵێم چۆن چۆنی ئەو کتێبەم لەسەر رەفەکانی ماڵی رەسوڵی بچوکەوە گەیاندە بەردەستی خۆم. جارێك عابیدی پیر دەیویست دەیان حەرف لەم کتێبە بگۆڕێت، بۆ یەك ساڵ لە گۆڕینی حەرفەکان بەردەوام بوو کە کۆتایی بە گۆڕینی حەرفەکان هێنا. شەوێك هەموو ئەو حەرفانەی عابیدی پیر گۆڕی بوونی رژابوونە بەردەمییەوەو وەکو کرمی سپی بەقاچو دەستیدا هەڵگەڕابوون. لەو شەوەدا عابیدی پیر ترساو وابزانم هەر ئەو ترسەش بۆی بووە مەرگ. ئەو لەو شەوەوە لەبیری چووەوە بۆچی لەگەڵ ئێمەدا شاران دەگەڕێتو بیری لە فەرمانەکانی رەسوڵی

بچوك نەدەكردەوەو زۆركات تاريكيى خۆشدەويستو زۆركاتيش رووناكى. تۆ دەزانيت ئەو مرۆڤانەى لەم سەرزەمينەدا كار بۆ كاولبوونو تاريكستان دەكەن، ئەو كەسانەن كە نەيانتوانى لەناخى خۆياندا رووناكى بدۆزنەوە، ئەوانە كەسانێكن دەبێت تۆ خۆتيان لێ لانەدەيت، دەبێ بياندوێنيت تا رووناكى دەناسن. تا رووناكيى ناخى تۆ بۆخۆيانى دەبەن. لەو كتێبەى دەتدەمێ لە دوا لاپەڕەكانيدا من دەناسيت، ئەگەر كارت بۆ گۆڕينى حەرفەكانى كرد ئەوا تۆيش وەكو عابيدى پير گەڕانەكانى خۆتت لەگەڵ مندا بير دەچێتەوە. دەزانم رۆژگارێك دێت تۆ عابيدى پير تاوانباردەكەيتو ئەويش تۆ، من كاولبوونو وێرانەى زۆر شارو گوندم بينيووە، تێكشكانو غوربەتى زۆر سوڵتانو كەسانى ترم بينيووە. هاوڕێيەتيى زۆر لە شاعيرو سۆفييەكانو موريدو خواناسو جەلادەكانم كردووە. مەترسە من كە ئەم شتانەت بۆ دەگێڕمەوە شەوان لەگەڵ دەيان دزو پياوخراپدا خەوتوومو رێگەم بڕيوە، لەگەڵ دەيان عاشقدا رۆژانە گرياومو شوێن نورى خوداو نورى كچان كەوتووم، من لە دونيادا ئەوەى مەبەستم بووە هاوڕێيەتى هەموو كەسەكانى سەر زەوى تاقيبكەمەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا هەر خودى خۆم بووم نەك كەسێكى تر، تۆ نازانيت شەوێك ژنێك لەوپەڕى جوانيدا رووت رووت لە خانووەكەى خۆيدا جێگەى كردمەوەو دەيويست رەحەتى

بکەم. ئەو شەوە ئەو ژنە رووتە لە بەرچاوم ببوو بە باڵندەیەکی بچوكو بەدەورمدا دەهاتودەچوو، کاتێك بەیانی رووناکی لەو ژنەی دا پێی وتم: دەزانیت ئەمشەو هەستم دەکرد بوومەتە باڵندەیەکی بچوكو تۆیش ببوویتە هێلانەکەم. من ئەوە ئیرادەم بوو کە ئەو ژنە ئەو شەوە وەکو باڵندە ببینم نەك وەکو جەستەیەکی جوان بۆ رابواردن. تێبگە من هەر ئەوکەسە بووم کە خۆم هەبوومو لەبیری رەسوڵی بچوکدا دۆزرامەوەو ئەو منی خستەوە سەر رێگانی گەڕانو سەفەر، ئەو منی لە حەرفەکانی خۆیەوە گەڕاندەوە ناو ئەم سەر زەوییانە. من خۆم هەبوومو حەرفەکان منیان دروست نەکردووە. وەکو ئێوە.. بەڵام نەدەکرا لە فەرمانی سۆفییەکی وەکو رەسوڵی بچوك دەربچمو مردنوەکو ئەو نەگێرمەوە بۆ خەڵکی. رەسوڵی بچوك نەیدەزانی بدوێت، ئەو تەنیا دەیزانی حەرفەکان لە ئێمە باشترو لە هەموو کەسانی سەرزەمین باشتر لە کتێبەکاندا بنووسێتەوە. نە نانی دەستی دزەکانم خواردووە لەو سەفەرانەدا، نە بەقسەو نە بە جوانیی ناو کۆشکەکانی سوڵتانو میرەکان رێگای خۆم گۆڕیوە. بە هیچ کام لەمانە نەگۆڕدراوم. شارێك کە ناتوانم پێی تێبخەم شارەکەی تۆیە. گەر جارێك هاتم پێویستە لەلای گۆڕی ئەو چەند کەسەوە بمێنمەوە کە جاران لەو شارەدا خەڵکیان فێری سۆزو خۆشەویستی دەکرد، ئەوانە شایانی سەردانکردنن، نەك خەڵکە زیندووەکەی شارەکەت، نەك

مۆمیاکراوەکان، ماڵەکانی ئەو شارە پڕە لە درۆو تاریکیو گریانی درۆزنانە. من کەسێکم تەمەنێکی سەیرم لە سەفەری پیاوە جۆراو جۆرەکاندا بردە سەر، کەسێك فێریکردم کە بەرووناکیی ناخی خۆم بگەم، ئەوسا بەشوێن رووناکیی خودادا بگەڕێم. ئەو هێشتا بۆ من هەر مامۆستاکەی جارانە. چەند حیکایەتێکت بۆ دەگێڕمەوە یان چەندوانەیەکت فێردەکەم، تۆ دەتوانی ئەو حیکایەتانە قەت لەیاد نەکەیت، پێت دەڵێم: ئەو کەسانەی شتێکت بۆ دەگێڕنەوە هەوڵبدە بیرت نەچێتەوە.

یەکەم

بەدەستخستنی رووناکی

بە چاوی دڵت ئەو گوندە دوورە ببینە، کەسێك بە چاوی دڵ شتەکان نەبینێت ناتوانێت وێنە راستەقینەکان

تەماشابکات، ئەو گوندەی کە بەهەموومان ناتوانین جارێکی تر بیگەینێ، تا لێی نزیك ببینەوە ئەو گوندە دوورتر دەکەوێتەوە. دەبینیت هەموو تاریکایی دونیا ناتوانێت رووناکیی سەر ئەو گوندە داپۆشێت. من رۆژانێك لەناو باخو خەڵکێکی رووناکیپەرستدا لەو گوندەدا دەژیام، گوندێك بوو ئاو و رووناکی سەرچاوەی جوانیی هەموو شوێنێکی بوون. دەزانیت چی بەسەر ئەوگوندەدا هات، ئەو کاتانەی مرۆڤ بیر لە کوشتنی رووناکی دەکاتەوە، دەبێ ئەم گوندە بهێنێتەوە یادی خۆی، زۆرکات پەلاماردانێکی بچوك دەبێتە سڕینەوەی گەورەترین شت لە دونیادا، خەڵکی گوندەکانی ئەو دەووروبەرە. ساڵێك لەوەرزی پایزدا کۆببوونەوە بەقسەی میرە گەمژەکەیان کردبوو، بڕیاریان دابوو رووناکیی ناو ئەو گوندە بۆ خۆیان بەدەستبخەن. تا ناو ماڵە تاریکەکانی خۆیانی پێ رووناك بکەنەوە. لە شەوێکدا ئەوان بەگەورەو بچوکەوە پەلاماری سەر ئەوگوندە دەدەن، ئەو شەوە پڕبوو لە خوێنو گریانو سوتانی شتە جوانەکانی ناو ئەو گوندە، لە پەلاماری ئەو شەوەدا، لە پەلاماری رووناکی دزاندا کەسیان بە زیندوویی لەوگوندەدا نەهێشت، هەموویان کوشتن، ناو هەموو ماڵەکان گەڕان بۆ رووناکی، نە چرایەکیان لەو ماڵانەدا دۆزیەوە نە مۆمێك بۆ رووناکی، نە ئاگرێك بۆ رووناککردنەوەی شەویان، ئەو پیاوکوژانە گەمژەبوون

نەیاندەزانی روناکی ناو ئەو گوندە رووناکیی رۆحو ناخی خەڵکی ئەو گوندە خۆی بوو، نەك رووناکیی چراو ئاگرو شتی تر، کاتێکیش هەموو خەڵکەکەیان کوشت، ئیتر رووناکی لەو گوندەدا نەما. پیاوکوژەکانیش و روناکی دزەکانیش نەیانتوانی رووناکیی مۆمێك بەرنەوە بۆ گوندەکانی خۆیان وەکو دیاریەك بدەن بە میرە گەمژەکەیان. من ئەو کاتانە لە سەفەری مامۆستاکەمدا بووم کە ئەو رووداوە رویدابوو. منو مامۆستاکەم کە گەڕاینەوە بۆ حەوت رۆژ لە ناو تەرمو درەختەکانی ئەو گوندەدا گریاین، شەوان ئێمە بەیەکەوە تەرمەکانمان لە گۆڕ دەنا، باشتر وایە بڵێم رووناکیی رۆحی ئەوکەسانەمان لە گۆڕدەنا، ویستمان ژیان بۆ ناو ئەو گوندە بگەڕێنینەوە. سەیر هەموو ماڵەکانیان تێکدابووو هەموو درەختەکانیان شکاندبوو. ئێمە لەگەڵ ناشتنی هەر تەرمێکدا دەگریاین، ئیتر بۆ چەند رۆژێك لە ماندووبووندا خەومان لێکەوت. کە هەستاین بەویستی مامۆستاکەم چرایەك بۆ هەمیشە لەو گوندەدا دەسووتا، ئەوکاتانەی رووناکیی ئەو چرایە شەوان دەگەیشتەوە ئەو گوندانەی تر. ئیتر خەڵکی ئەو گوندانە بەبینینی رووناکیی ئەو چرایە وەکو شێتیان لێدێت، تا بەیانی ناخەون لە ترساندا. لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان شێت دەبنو بەردەبنە گیانی یەکتری، لە نۆزدە گونددا یەك کەس بە زیندوویی نامێنێتەوەو هەموویان دەبنە قوربانیی رەفتارە

قێزەونەكانی خۆیان. پیاوكوژەكانی ئەو گوندانە، ئەوانەی مابوونەوە لە شێتبووندا ئەوەندە گریابوون چاویان كوێرببوو، تا بەو كوێرییەوە هەموویان لە هەڵدێرو دەشتەكاندا مردن. ئەم سەر زەمینەی ئێمە سەر زەمینی پیاوكوژانو تاریكپەرستانە. لە هەموو رۆژگارەكاندا خەڵكی لە كوێ رووناكییان شكبردبێت هاتوون بەخوێن كوژاندوویانەتەوەو پەلاماریان داوە. مامۆستاكەم لە رەفتاری ئەو پیاوانە ئێرەی بەجێهێشتو سەری خۆی هەڵگرت. من دەگەڕام تا جارێكی تر لێرە ژیان زیندووبكەمەوە. تا ئەو كاتانەی رەسوڵی بچوك منی گەیاندەوە لای خۆیو رایسپاردم كە رۆحی لە شارە شاراوەكاندا بۆ بدۆزمەوە، تا ئەو كاتانە من ئەو گوندەم پڕكردبوو لە رووناكیو شەوان دەیان چرام بە درەختەكاندا هەڵدەواسیو ئەو رێبوارانەی شوێنیان نەبوو بۆ مانەوە لێرە ماڵە كاولبووەكانم پێ بەخشین، ئێرە پڕبوو لە ماڵی تازە، بەرزاییەك نەما لێرە چرایەكی لێ نەبێت. ئەو شارانەی ئێمە بۆیان دەگەڕاین ئەو شارانە بوو كە پڕبوون لە نهێنی، تۆ نازانیت ئەو شارانە چەند گەورەو چەند دوورو چەند پێدا رۆیشتنیان ناخۆش بوو. ئێمە دەبێ بە شوێن ئەو شارانەدا بگەڕێین، چەندمان پێدەچێت بۆ دۆزینەوەیان ئەوە دەبێ دواتر پێتی بڵێم. یەكەم هەنگاو پێویستیمان بە رەفتاری چاكو قسەی باشە. تا لەو شارانە نزیك ببینەوە.

## دووەم
## کوێربوون بە خوێندنەوەی حەرفەکان

رۆژگاری ئێوە رۆژگاری چەند هەژدیهایەکە، من دەزانم هەموو رۆژێك دەیان کەستان لەلایەن ئەمجۆرە هەژدیهایانەوە رۆحی دەهاڕدرێت، شارەکەتان بۆنی میزو شەهوەتی ئەو پیاوە هەژدیهایانەی لێدێت، ئێوە هێشتا سەیر ئەو هەژدیهایانەتان خۆشدەوێت. سەیر بۆ مەرگـو بریندار بوونو ڕابووردوویان دەگرین، ئەمەیە گرەوی دۆڕاندنی هەموو شتەکانی ئێوە، ئەمەیە دۆڕاندنی رووناکیی ناخی خۆتان. کەس لەلای ئێوە ناتوانێت بەبێ ئەم هەژدیهایانە بژی، ئەمە ئەو حیکایەتە سەیرو سەمەرانەیە کە لە لای ئێوە بوونی هەیە، هەژدیهاکان بەخێودەکەنو خوێنی خۆتانیان دەدەنێ. ژیانێکی سەیر بەسەر دەبەن، چۆن چۆنی ئێوە بەردەوام ئەمجۆرە پیاوانە دەکەنە هەژدیهای رۆحی خۆتان؟ سەیرە

چەند ئەوان ئازارتان بدەن ئێوە تەمەنناى گەورەبوونیان دەكەن، كەس لەم دونیایەدا نییە وەكو ئێوە دڕەندە بەخێوبكاتو گۆشتى خۆى پێبدات. كەس وەكو ئێوە پیاوى دڕندەو شەهوەتبازى خۆشناوێت. سەیر لە جەژنى لەدایكبوونو لە مارەبڕینى ژن بۆ كوڕەكانیانو لە بەشودانى كچەكانى ئەو دڕندانانەدا هەڵدەپەڕن. ئەمەیە شارى ئێوە، ئەمەیە ئەوحیكایەتانەى بۆ كۆڵانو باخو شەقامەكان من دەیبیستم، ئەمەیە مەرگى خەڵكە مۆمیاكراوەكانى لاى ئێوە. ئێوە خۆتان رۆح دەكەن بە بەرى ئەم هەژدیهایانەداو خۆتان بۆ مانەوەیان دەكوژن. شارێك نابینم لە هیچ سەر زەمینێكدا وەكو شارەكەى تۆ پڕبێت لە حیكایەتى ئەو كەسانەى خۆیان هەژدیها پەروەردە بكەنو رۆحى خۆیانیان دەدەنێ. شارێكت هەیە هەموو خەڵكەكەى رابووردووى خۆیان بەخشیوەتە رۆحى ئەو هەژدیهایانە. ئەمەیە حیكایەتى شارەكەى تۆ، بۆیە نامەوێت ئیتر لەوشارەدا بژیت، هەڵبێ لە هەموو گۆرانىو خوڕەوشتو تاوانو بۆنى باخو كۆڵانەكانیا هەڵبێ، لە بۆنى شەهوەتى رۆژانەى هەژدیهاكان دەبێ هەڵبێیت، ئەو هەژدیهایانە ناو مزگەوتو كەنیسەو ماڵەكانتانیان پڕكردووە لە شەهوەتى نێرنەى خۆیان، ئێوەش پاش ساڵانێكى تر دێن رەفتارى ئەمانە دەكەنە حیكایەتى جوان جوانو بۆ نەوەكانتانى دەگێڕنەوە، هەموو شتێكى ئێوە بۆنى شەهوەتى ئەمجۆرە

هەژدیهایانەیان لێدێت، ئێوە شەوان تا بۆنی شەهوەتی ئەمانە بەسەرتاندا نەیەت ناتوانن بخەون، دەزانیت دەتوانیت جارێکی تر لە ساڵانێکی تردا بگەڕێیتەوە بۆ ئەو شارەو لەسەر کورسییەك لە ناوەڕاستی باخی ماڵەکەی خۆتاندا بە تەنیایی بڕیاری سوتانی هەموو یادەوەریی پیاوە هەژدیهاکان بدەیت، لەوە ناخۆشتر نییە کتێبخانەکانی شار یادەوەریی ئەو پیاوانەی تێدابێت، کە حەرفەکانیان بە گریانی ئێوە نووسیوەتەوەو بەشەهوەت ئێوەیان بەخێوکردووەو بەهەشتی خودایشیان بۆخۆیان کڕیوە، چی لەو هەموو کتێبە پڕ لە درۆیانە دەکەیت، تۆ دەتوانیت هەموویان بسوتێنیتو حەرف بە حەرفیان بدەیت بەدەم ئاوی ناو زێرابەکانەوە، پێش هەموو شتێك شوێن بە شوێن، کتێبخانە بە کتێبخانە بگەڕێ یادەوەرییەکانی ئەو پیاوە بسووتێنە کە حەزی بە کونکردنی کچە چواردە ساڵانەکان دەکردو بە گریانەوە دەینناردنەوە بۆ ماڵەوە، بۆنی شەهوەتی ئەو پیاوە شارەکەت کاول دەکات تا تۆ دەڕۆیتەوە، ئەوە پیاوێکە رۆحی هەژدیهای لە گیاندایە، دەبێ یەکەم کاری تۆ سوتانی یادەوەرییە درۆزنەکانی ئەوبێت، هەموو حەرفێکی ئەو یادەوەریانە کرمێکن رۆدەچنە ناوچاوی خوێنەرەوە ئەگەر نەیانسوتێنیت، هەمووتان کوێردەبن ئەگەر واز لە حەرفی ئەو یادەوەریانە نەهێنن، شارەکەی تۆ پڕە لەم جۆرە پیاوانە، هێشتا ئێوە بۆیان دەگرین.

کتێبخانەکانی شار بۆگەنیان کردووە، چۆن چۆنی ئێوە سەریان پێدادەکەن. ڕەنگە باشتر لە تۆ خاوەنی ئەو کتێبانە بناسم، تۆ پیاوکوژت بینیوە یادەوەرییەکانی خۆی‌وەکو فریشتە بنووسێتەوە؟. کەسێکت بینیوە گوڵ بنێت بە رۆحی عاشقێکەوەو دواتر لە یادەوەرییەکانیدا باسی گۆرانیوتن بۆ عاشقان بکات؟ کەسێکت بینیوە جەستەی کچانی برسی پڕبکات لە شەهوەت‌و دواتر لەیادەوەرییەکانیدا بۆ کلۆڵییان بگری؟ من هێڵنجم دێت کە لێرەوە بەخەونیش بە بەردەم ئەو کتێبخانانەدا تێدەپەڕم. حەرفی ئەو کتێبانە حەرفی مردن بۆ ئەوکەسانەی دەیخوێننەوە، حەرفی کوێربوون‌و داڕزانە.
دەبێ وانەکانت بۆ تەوابکەم تا تۆیش نەبیتە هەژدیهایەکی تر، لە ساڵی یەکەمی سەفەرێکمدا لە رێگاکان بۆ هندستان‌و دۆزینەوەی رۆحی رەسوڵی بچوك، دەڵێن لە ناخی هەر شارێکی ئەو وڵاتەدا شارێکی جوانترو رووناکتر هەیە، ئێوارەیەك دەیان کەسم بینی شوێن منداڵێك کەوتبوون، منیش شوێنیان کەوتم، من دەمویست دەرس‌و پەند لە رەفتاری خەڵکی ئەو ناوە وەربگرم. بۆیە زۆرکات دەڵێم ئەگەر شێتێك گریا، تۆیش لەگەڵیدا بگری، ئەگەر منداڵێك بەردی گرتە باڵندەیەك، تۆیش‌وەکو ئەو بەرد بگرە باڵندەیەکی تر، چونکە لە هەرشتێك‌وانەیەك فێردەبیت. شەوێکی تەواو رێگەیان بڕی‌و منیش لە دوایانەوە دەڕۆیشتم. ئەوان بۆ بەیانی گەیشتنە نزیك

کارێزێکی پڕ لە ئاو، منداڵەکە بە پیاوەکانی وت: مارە گەورەکە لەم کارێزەدایە کە ئێوە شەوان باسی دەکەن و هەریەکەتانوا نیشان دەدات ئەگەر بیگەنێ دەیکوژنو خەڵکی لە دەستی رزگاردەکەن. ئێستا دەتوانن هێزو پیاوەتیی خۆتان لێرەدا تاقی بکەنەوە تا بە پیاوی درۆزن دەرنەچن لەلای ئێمەی منداڵەکانتان، وەرن بیکوژن. من بینیم پیاوەکان تەماشای یەکتریان دەکرد. منداڵەکە هەندێك بەردو لەتە داری فڕێدایە ناو کارێزەکەوە، مارەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پیاوەکان هاتە دەرەوە. بینیم هەموو پیاوەکان هەڵهاتنو هاواریان لە خەودا دەکرد. ئەو منداڵە قاقا بە ڕاکردنی پیاوەکان پێدەکەنی، لەناویاندا زیاتر بە راکردنی باوکی خۆی پێدەکەنی، ئەمەیە ئەو شتانەی هەمیشە لە سەفەرەکاندا نابێت لە بیریان بەرینەوە.. ئەم دیمەنانە ئەووێنە تەواونەکراوانەن کە دەبێ لەسەر دەستی کەسانی تردا رۆژگارێك تەواوبکرێن.

ئەوکاتانەی مەولانا شەمسەددین بۆ من دەدوا لە شەرە قۆچی دوو بەرانە کێویی لەو بەرمانەوە کە بەشەر هاتبوون، بێدەنگ بوو، ئەو دوو بەرانە کێوییە، خورییەکانی ژێر سکیان لەزەوییەکەی دەدا، لە قەڵەویدا هیچ کەس دەرەقەتی گرتنیانی نەبوو، ئەوەندە توونند سەریان بەیەکدا دەکێشا من لە تەقەی سەریان دەترسام. دووراو دوور گوژمیان بۆ یەکتری دەخواردەوە، تا چەند ساتێك بەو جۆرە هەردووکمان لە شەڕە قۆچی ئەو دوو

بەرانە کێویەمان دەڕوانی. دواتر مەولانا پێی وتم: زۆربەی ئێواران ئەو دوو بەرانە کێوییە ئا لەویادا بەیەك دەگەن، بەو جۆرە شەڕە قۆچ دەکەن. من لە خەڵکیم بیستووەو لە کتێبێکدا کە حیکایەتە ئەفسانەییەکانی تێدا نووسراوەتەوە خوێندوومەتەوە، ئەو دوو بەرانە کێوییە، دوو سوڵتانی شەڕانیو خوێنڕێژبوون. لەسەر دەستی ئەم دووانەدا سەر زەمینێك کاول دەبێت، تا بە رێکەوت رۆژێك سۆفییەکی گەورە کاری خوێناویی ئەم دوو سوڵتانە دەبینێت، لە خودای خۆی دەپاڕێتەوە بیانکاتە بەرانە کێوی تا بۆ خۆیان لەو کێوانەدا شەرە قۆچ بکەنو ئازاری یەکتری بدەن، نەك ئازاری خەڵکی. دەڵێن ئیتر دوای چل رۆژ ئەو دووانە دەبنە بەرانە کێوی، ئەوە زەمەنێکی زۆرە ئاوا خەریکی شەرە قۆچنو کەسیان کەسیانی بۆ نابەزێت. من لە سەفەرەکانمدا زۆرشت فێردەبوومو کەسم نەدەبینی وەکو من بەشوێن رۆحیونبووی کەسێکی تردا بگەڕێت. ئەمەیش بەشێکە لە رۆژانی ژیانی من، بەشێکە لەو رۆژانەی کە لەسەر دەستی کەسێکی پیردا زیندووکراونەتەوە. زۆر جار رۆژانی تەمەنی خەڵکیوندەبنو دواتر کەسێك ئەو رۆژانەوەکو خۆی دەگەڕێنێتەوە ناو بیری خەڵکانی تر، ئاوا رۆژانی منو گێڕانەوەکانم جارێکی تر پیرە سۆفییەك، پیرە نووسەرێك کە نایەوێت بمرێتو ئەم زەوییە پڕ لە فرمێسکانە بەجێبهێڵێت، ئەو رۆژانی من بۆ

خەڵکی دەگێڕێتەوە، لای من ڕۆژانێکی جوانەو ئەو پیرە جوانتر دەیانگێڕێتەوە.

سێیەم
شەوی چەتەکان

لە رێگاکانی سەفەرمدا تووشی دەیان شتی سەیرو سەمەرە بووم، لە یەکێك لە شەوانی ئەو سەفەرانەمدا، شەوێك رێگەم کەوتە سەر ڕێگای ئەو چەتانەی کە شتیان لە سەر سنوورەکانەوە دەدزیو دەیانبردە شارە

گەورەکانو دەیان فرۆشتنەوە. ئەو شەوە من گەیشتمە سەرسنور، لە ناو بێشەو چەمێکی دوورو درێژدا توشم بوو بە توشی ئەو چەتانەوە، ژمارەیان دەگەیشتە نەوەد کەس، بە قسەکانیاندا لە ناویاندا کەسێکم ناسییەوە کە جاران هەمیشە خاوەنی کتێبو نووسراو بوو، پیاوێك بوو تابلێی قۆزو بالابەرزو چاوگەورە، کەسێك بوو هەمیشە من دەموت ئەم پیاوە دەبێت بە زانایەکی گەورە، لە ناو هەموویاندا ئەو کەسەم ناسییەوە، شەوێکی سەیربوو چەتەکان ئەو شەوە تەنیا منیان دەستکەوتو هیچی تر، کەسێکیان دەستکەوت نەك گیرفانەکانی، نەك کۆلەکەی، بەڵکو ئەو شەوە ناو سکیشی بەشی پارووییەك خواردنی تێدانەبوو، چەتەکان ئەو شەوە کەسێکیان گرت کە برسێتی هێزو توانای لێ بڕیبوو، لەوەتی کاری چەتەییان دەکرد بڕواناکەم کەسێکی لاتو پووتی وەکو منیان دەستگیرکردبێت. نەیاندەزانی چیم لێبکەنو چۆن چۆنی بەم هەموو هەژارییەی خۆمەوە کەوتوومەتە ئەم سەرسنوورەوە. ئەو پیاوەی کە من ناسیمەوە، لامەوە دانیشت، پێم وت : باشتر وایە نەمکوژنو یەکێکتان بمبەنە ناو شارێکەوە بە چەند فلسێك بمفرۆشن، ئەو فلسانە شتێکتان بۆ دەکات، نەك کوشتنی من. ئەوپیاوە هێشتا منی نەناسی بووەوە، زۆر بەم قسەیەم توڕەبوو، پێی وتم: خۆ ئێمە سواڵکەرنین تا دەست بۆ یەك دوو فلس بگرینەوە. کوشتنی تۆ ئەوەی باشە کەس بە جێگەو رێگەی

شەوانمان نازانێت. پێم وت: چەند جار ئەو حیکایەتەت خوێندۆتەوە کە باسی ماری ناوناخی دەروێشەکە دەکات بەزیندوویی؟
ئەو پیاوە سەیر هاواری کرد، سەیر راپەڕیو سەیر چاوی لە دەموچاوم نزیککردەوە، گیانی کەوتە لەرزینو جارێکی تر هاواری کردەوە، بەردەوام ناوی منی دەهێنا، هەموو چەتەکان لێم خڕبوونەوە. ئەو پیاوە هێشتا دەستی دەلەرزیو زمانی گۆی نەدەکرد بۆ قسەکردن لەگەڵ مندا، چەتەکان منیان بردە بەردەم رووناکیی چراکانیان، ئەو پیاوە کە جاران خاوەنی کتێبو نووسراوبوو، ناوی (مەزهەری شین) بوو، ئیتر لەبەر رووناکیی چراکاندا توند باوەشی کرد بە ملمداو دەگریاو دەیوت: لە هەموو سەروەتو سامانی دونیا گرنگتری بۆ من، خودا جارێکی تر رێگای رووناکی پێ نیشاندامەوە. چەتەکانی هاوڕێی هەموویان سەریان سوڕمابوو لە گریانو قسەکانی مەزهەری شین. پێم وت: هێشتا مارەکەی ناخت فەرمانی نابەجێ بەسەر تۆدا دەداتو گیرۆدەی فەرمانەکانی ئەویت. ئەو حیکایەتەی جارانم بۆم دەگێڕایتەوە، تۆیش زیاتر لە شوێنێکدا نووسیووتەتەوەو بۆ خەڵکیت دەگێڕایەوە، ئەو مارەی من بۆم باس دەکردیت مارەکەی ناخی خۆت بوو نەك هی کەسانی تر. من یەکەم جار بەبینی تۆ زانیم ناتوانی لەناو کتێبو نووسراو و قوتابییەکاندا ببیتە کەسێکی باشو دادپەروەر، گەرچی

سەرەتا هەستم بەزیرەکیت دەکرد. من زانیم مارەکەی ناخی تۆ مارێکە دەبێ بۆ رۆژگارێکی زۆر بە سەدان خەڵکەوە بدات‌و ئازاریان پێ بگەیەنێت. کوشتنی ئەو مارەی ناو ناخی تۆ هەروا ئاسان نەبوو، تا کەسانی وەکو ئێمەی مامۆستا بتوانن بە حەرف‌و حیکایەت‌و حیکمەت‌و فێربوون بیکوژن. ئێمەی مامۆستا هەمیشە ئەو مارە بچوکانە لە ناخی قوتابیەکانماندا دەکوژین کە دەسەڵاتمان بەسەریاندا دەشکێت. قوتابیەکان کە دێنە لامان خۆیان هەست بەو تولە مارە نووستوو بچوکانەی ناخی خۆیان ناکەن. ئێمەی مامۆستاوردە وردە بە فێربوون‌و ئاشنابوون بە دونیای رووناکی‌و ناساندنی رێگای فێربوون ئەو تولە مارانە لە ناخی قوتابییەکاماندا دەکوژین. ئەوە تەنیا ئامانجێکە کە ئێمەی مامۆستا ئەنجامی دەدەین. ئەوانەی فێردەبن‌و رێگای رووناکی دەگرنە بەر، ئیتر تولە مارەکانی ناخیان زۆر زوو دەتۆپن. بەڵام من لەیەکەم رۆژی بینینی تۆوە هەستم کرد چەند منداڵیت، کەچی مارێکی گەورە لەناختدا بوونی هەیە، بۆیە نەتدەتوانی حەرفەکان وەکو خۆیان باش فێرببی. هەمیشەوات دەزانی تەنیا لەناخی یەك کەسدا تولەمار هەیەو نەتدەزانی ئەو تولەمارانە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵەکاندا ئەوانیش گەورە دەبن، تەنیا رێگایەك بۆ تۆپاندنیان فێربوونە، بۆیە ئەو کەسانی فێرنابن‌و رووناکی نا ناسن مار حوکمی بیرکردنەوەیان

دەكاتو دەیانخاتە سەر ڕێگای تاوانو خوێنڕشتن. كەس نەیتوانی مارەكەی ناخی تۆ بتۆپێنێت، زۆر ڕێگام گرتە بەر تا لەناختی دەركەم هیچ حەرفێك كاری لە بوونی ئەو مارەی ناخی تۆ نەدەكرد. ئەو مارەی ناخت خەریكە پیردەبێتو تۆیش هێشتا چەتەیی دەكەیت. ئەو پیاوە لەناو هەموو چەتەكاندا دەگریاو شتێكی نەبوو بۆ وتن. ئیتر كەوتە گێڕانەوەی ڕۆژگاری تەمەنی خۆی بۆ چەتەكانو من، تا بەیانی گریاو شتەكانی خۆی دەگێڕایەوە. بۆ بەیانی گەورەی چەتەكان كە خۆی بوو بە منیوت: كەسانێك هەن بە درۆ خەریكی كتێبو فێربوونن. منیشو ئەم چەتانە ئاوابووین. ماری ناخی هەریەكەمان خراپ بە سەدان كەسیانەوە داوە. ئێستا ئیتر تۆی مامۆستامان، دەتوانی مارە پیرەكانی ناو ناخی هەر یەكەمان بتۆپێنیت . لەهەچ كاتێكدا مرۆڤ بتوانێت فێرببێت هێشتا پێویستی بە مامۆستایە . لە ئەمڕۆوە تۆ مامۆستای گەورەو ئێمەش كۆمەڵێك قوتابیی پیرو گەمژەین و دزین لەبەردەستی تۆدا، بەزۆر تا دەتوانی لەناو حەرفی روناكیدا رۆح بكەرەوە بەبەرماندا.

ئیتر بۆ ماوەی ساڵێك لەناو بێشەو گوندێكی سەختو دوورە دەستدا، گوندێك كە هەموو شتێكی بە حەرام دەژمێردرا، لەو گوندەدا نەوەد قوتابیی پیرم فێردەكرد. هەوڵم دەدا ماری ناخی هەریەكەیان زۆر زوو بكوژم. لەو ساڵەدا سەیر خەریكی فێركردنی چەتەكانبووم. ئەو

ناوە ئاوەدانیی تێکەوت. چەتەکان لای من خەریکی فێربوون بوون‌و خەڵکیش بەردەوام خەریکی ئاوەدانی‌و ژیانی خۆیان بوون. ئەو خەڵکە جار جار لەمنیان دەپرسی ئەی چەتەکان رویان کردۆتە کوێ؟ منیش دەموت رویان کردۆتە سەر ڕێگاکانی دۆزینەوەی رووناکی‌و خودا لە کارەکانی پێشوویان ببورێت. پاش ئەو ساڵە کە من بەجێم هێشتن خەڵکی لەو ناوەدا زۆرباش بە رووناکی ئاشنابببوون‌و گوندو باخەکانیان ئاوەدان دەکردەوە. من ئەو کاتانەی بۆ نوێژو پشوودان دەچوومە بن درەختێکی گەورەی داربەڕوو، تەماشای کارو ماندووبوونی ئەو خەڵکەم دەکرد لە کێڵگەکانیاندا، ئەو کەسانەی کە ساڵێك پێشتر لەم ناوەدا بەترسەوە دەڕۆیشتن، لەسەر ئەو رێگایانەی جاران چەتەکان خەڵکیان ڕوت دەکردەوە، دەمبینی منداڵان چاوشارکێ دەکەن‌و بەشوێن باڵندەکاندا راکە راکە دەکەن، ئەو رۆژانەی چەتەکان لای من خەریکی فێربوون‌و پاکبوونەوەی گوناهەکانیان بوون، ئەوان رۆژانە ئەگەر هەرمێیەکیان دەست بکەوتایە دەیانخوارد، ئەگەرنا ئەوا لە لەتە کولێرەیەك زیاتر کە بە پیاڵەیەك شەکراوەوە دەیانخوارد هیچی تریان نەدەخوارد، ئەمەیان بە تۆڵە کردنەوە لە نەفسی خۆیان دەزانی‌و دەیان‌وت هەتا هەین ئاوا دەژین. ئەو رۆژەی‌ویستم بەجێیان بهێڵم (مەزهەری شین)و قوتابیە پیرەکان تا دەیان میل لەسەر سنوور

لەگەڵم هاتن و هەر هەنگاوێك لە رۆیشتنم و دوور کەوتنەوەم لێیان ئەوان وەکو منداڵ دەگریان. دوای ساڵانێك نامەیەکم بە ئیمزای هەموویان بۆ هات کە هەریەکەیان قوتابخانەیەکی هەیەو خەریکی کوشتنی تولەماری ناو ناخی منداڵانی گوندەکانی ئەو ناوەن‌و دەیان قوتابخانەیان بۆ فێربوون کردۆتەوە.

تۆ ئەمە فێرببە کەسانێك ئەگەر ناخیان پڕببێ لە رووناکیی راستەقینە، دەتوانن سەدان کەسی خراپ بۆ سەر رێگای راست رێنوومایی بکەن.

گەیشتن بە دوا نهێنیی

رۆژەکانی رەسوڵی بچوك

ئەگەر خودا بۆ هەموو كێوەكان‌و بەرزاییەكان پێپلیكانەی دروستبكردایە ئەوا مرۆڤ  قەدری ماندووبوونی نەدەزانی...

ئەمە ئەو دێڕانەبوو كە فاتمەی خۆر لە سەر پەڕە كاغەزێك دەینووسی‌و دەیدا بەو كەسانەی كە دەهاتنە لای بۆ چارەسەری نەخۆشی‌و ئازارو هەواڵپرسینی.

ئەو رۆژانە ئێمە لە سەفەری شارە دوورەكاندا بووین، لە شارێكەوە دەچووینە شارێكی تر، بێماناترین سەفەرو ناخۆشترین گەشتمان لەم ماوەیەدا دەكردو ناچاریش بووین هەموو ناخۆشییەكان لە ئێستادا قبووڵبكەین. مامۆستاكەم دەیوت زۆر لەو شارانەی ئێمەی بۆ دەچین ناتوانین خەڵكەكەی ببینین، ئێمە دەتوانین شارەكان وەكو خۆمان ببینین نەك وەكو كەسانی ئاسایی، بەشێك لەو شارانە كە ئێمەی بۆی دەچین ئێستا تەنیا ناو و وێنەكانیان لە كتێبەكاندا بوونی هەیە. بۆ ئێمە گران نییە كە بتوانین سەفەری ناو ئەو شارانە بكەین كە تەنیا لە كتێبەكاندا ناویان ماوە، ئەمە خۆشترین سەفەرەكانی ئێمەیە كە دەیكەین. ئەگەر هەموو كەس بیان توانیایە گەشتی ناو ئەوشارانە بكەن كە تەنیا بە حەرفو دێڕەكان كەسانی تر هەست بەبوونیان دەكەن، ئەوا ئەو شارانەش كاول دەبوون‌و زۆر زوو حەرفەكانی ناو ئەو كتێبانەش هەڵدەوەرین‌و لە كتێبەكانیشدا بوونیان نەدەما، كەسانی ئێستا دەردێكن، بچنە هەر شوێنێك وێرانی دەكەن. ئێمە

زۆرکات گەشتی ئەو شارانە دەکەین کە لەبیری کەسدا نییە کە رۆژێك لە رۆژان بتوانن سەفەری بۆ بکەن. ئەو شارانەی کە هەموو لایەکیان بە دێڕە خوارو خێچەکانو بە حەرفە ماندووەکان گیراوە، ئەو شارانەی کە خەڵکی تر تەنیا لە کتێبەکاندا وێنەو ناویان دەبینن، ئەو شارانە زۆرکات رۆحی مرۆڤە پاکەکانی تێدا جێدەکرێتەوە. من هەستم دەکرد رۆحی رەسوڵی بچوکیش لە یەکێك لەو شارانەی کە ناویان لە کتێبەکانی بەردەمی خۆیدا هاتووە شاردرابێتەوە. ئەگەر هەموو کەس وەکو من رۆحی ناو ئەو شارانەی دەبینی شێت دەبوون، هەموو وێنەی ئەو شارانەیان بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەو رۆحانە دەسووتاند، خەڵکی ئێستا تەنیا شارە زیندوو و زەبەلاح و بۆگەنو پڕ لەخراپەکارییەکان دەبینن، نەك شاری ناو وێنەو کتێبەکان، نەك شاری راستە قینەی رۆحەکان.
ئەو رۆژانە ئێمە لە شارێك دەگەڕاینەوە، کە میری ئەوشارە بۆ ماوەی نۆ رۆژ لە زیندانێکی تاریكو تنۆکدا زیندانیی کرد. ئەو شارە پێیان دەوت شاری (هەنگی ڕەش)، شارێك بوو هەموو خەڵکەکەی لەیەك دەچوون. پیاوەکانیان بچوكو ژنەکانیان باڵابەرز. ئاووهەوای ئەو شارە بۆنی کاڵەکی پاککراوی لێوەدەهات. من هەستم دەکرد هەموویان دەتوانن بفڕن، لە بەرچاوی من هەموویان باڵیان هەبوو. ئەوە ناخۆشترین شاربوو کە ئێمە لە ماوەی ئەو سەفەرانەماندا بگەین پێی. شەوانی

ئەو شارە تاریكو رۆژیشی تابلۆیی تەماویو لێڵ بوو، رووبارو كانیاوەكانی سەیربوون، دەبوایە بۆ زۆریان بە دەیان پێپلیكانەدا بڕۆیشتیتایەتە خوارەوە، كەس لە ئێمە ئاوی ئاوا رونیان نەبینیبوو لە ژیانیاندا. بەدەیان پۆل باڵندەت دەبینی، باڵندەی سپیو رەشو ڕەنگاو ڕەنگ لە قەراغی ئەو ئاوانەدا مەلەیان دەكردو باڵەكانیان رادەوەشاند. كەس لە ئێمە حەزی نەدەكرد چاو لە بینینیان هەڵبگرێت. لە بری قسەكردن هەموو خەڵكەكەی بەدەستو ئیشارەت یەكتریان تێدەگەیاند، ئێمە ویستمان بۆ نزیك ماڵێك بچین كە مەولانا پێی وتبووین ئەو ماڵە ماڵی دۆستێكی دێرینی خۆمە. من پێم وت: خۆ هەموو كاتێك دۆست تاسەر وەكو خۆی نامێنێتەوە) بە گەیشتنمان ئێمە لەلایەن چەند كەسێكی ناشیرینو كورتەباڵاوە دەورەدراین. تەنیا یەكێكیان كە لەوە دەچوو خەڵكی ئەو شارە نەبێت، بە قسە هات و پێی وتین: چۆن چۆنی رێگای ئەم ماڵەتان دۆزییەوە؟ مەولانا پێی وت:(ماڵی برادەرێكمە كە جاران پێكەوە دەمانخوێندو بەشوێن زانستو دۆزینەوەی ئەو رێگایانەدا دەگەڕاین كە خزمەت بەخەڵكیان پێبكەین). لە دوای ئەو قسانەی مەولانا یەكێكیان رۆیشت بۆ ناو ماڵەكەو ئەوەندەی نەبرد بە توڕەییەوە گەڕایەوەو ئێمەیان بردو فڕێیان داینە ناو زیندانێكی گەورە و تاریكەوە كە زۆر نزیك ئێمە گوێمان لە دەنگی خوڕەی ئاودەبوو. لە رۆژی نۆیەمدا كەسێك

که هەموو گیانی بە پارچە زیو و زێڕ رازابووە ئێمەیان بردە بەردەمی. مەولانا تورەو بێ ئارام سەری خۆی لە سەرسنگی هەڵنەدەبڕی. ئەو پیاوەی کە خۆی وەکو میری ئەو شارە نیشان دەدا، دەستی کرد بە قسەکردن بەزمانێك کە ئێمە هیچمان لێی تێنەدەگەیشتین، ئەو شارە هەموویان لاڵبوون تەنیا میرەکەیان نەبێت، من دواتر زانیم مەولانا باش لە قسەکانی دەگەیشتو باشیش دەیناسی . ئەو پیاوە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو کە قاچەکانی بە گوڵی گوڵەباغی سوور داپۆشرابوو. بەرگەکانی بەری لە ئاورێشمو لۆکە دروستکرابوون. من ئەوەندە تێگەیشتم کە مەولانا لە بردنەوەماندا بۆ زیندان باسی ئەوەی بۆ کردین کە ئەو میرە لەکاتی خۆیدا کوڕی بازرگانێك بووەو بۆ ماوەی ساڵو نیوێك پێکەوە لە ژوورێکدا وانە یانخوێندووە، پێکیشەوە نووستون، بەردەوام هاوکاریی مەولانای کردووە لە هەژاریدا. لە ئێستایشدا ئەو میرە بە ئێمەی وتبوو بەتایبەت بە مەولانای وتبوو: (دونیا گەمەیەکە دەبێ بەردەوام کار بۆ بردنەوەی ئەو گەمەیە بکەیت تا نەدۆڕێیت. ئێوە هاتوونەتە شارەکەمەوە بۆ ئەوەی نەخشەو وردەکارییەکانی بدزنو بچن لە دروستکردنی شارەکەی خۆتاندا بەکاری بهێنن. هاتوون زانستو هونەرو چیرۆکەکانی بدزنو بیبەنەوە فێری نەوەکانی خۆتانی بکەن. ئێوە نازانن کە بردنی شتەکانی ئەم شارە سزای مەرگی لە دوایە) ئاوای بە ئێمە

وتبوو، تا مەولانا پێی وت: (جاران من بە تۆم دەوت (باڵندەی رووناکی) کەچی ئێستا دەبینم میرێکی لەخۆباییو تووڕە بەبێ رێزگرتنی یادی جاران بەندت کردوین، فەرموو ئەوەندە بدوێ تا حەرفێك لە حەرفە خراپەکان لە قسەکردنتا نامێنێت) مەولانا ئەو قسانەی بە سەرداخستنەوە دەکرد، دەیوت: (شارەکەت بە هەموو شتەکانییەوە بۆ خۆت، تەنیا یەك شت بۆ ئێمە ئەویش زیندانەکەتە کە باشترین شوێنی ئەم شارەیە) من بینیم ئەو میرە لە دوای قسەکانی مەولانا بێدەنگ بوو، وەکو رەنگی رەش رەنگی رەش بوو. لەوە دەچوو تاکو ئەو کاتانە مەولانای نەناسیبێتەوەو دواتر بەقسەکانیدا مەولانای ناسییەوە. هەموو لایەك بێدەنگی دایگرتبوو. هەموو جارێك مەولانا بە ئێمەی دەوت: باشترین شوێنی میرە خراپەکارەکان ناو ماڵو شوێنە رازاوەکانیان نییە، بەڵکو تەنیا ناو زیندانەکانیانە. لەوە دەچوو کاتی خۆیشی هەمان قسەی ئاوای بەم میرەی ئێستا وتبێت، بەو قسەیەدا ئەو پیاوە مەولانای ناسییەوە. لە نیوەشەودا ئەو میرە بەدەیان چراوە کە لای ئێمەی کردە رۆژی رووناك، هاتە بەردەم ژووری زیندانەکەمان، بە زمانی مەولانا کەوتە قسەکردنو ئێمەش باش لێی تێدەگەیشتین. بە مەولانا شەمسەددینی دەوت (دەزانم تۆ لە میرو شاو و پیاوە گەورەکان نابوریت لەپای هەڵەکانیان. من هەرچییەك بڵێم تازە تۆ قسەی خۆت کردو منیش قسەکانی خۆمم کرد

لە روتاندا. تەنیا دەڵێم ئەگەر لێم نەبوریت ئەوا ئەمشەو هەموو پاسەوانو ئەو کەسانەی تۆیان بە هەڵە بە من ناساند، بۆ هاتن بۆ ماڵەکەم، ئەوا لەسێدارەیان دەدەم لەبەردەم ئەم ژووری زیندانەی ئێوەدا. ئەو پاسەوانانە وتیان ساحیرو ئەسێرەناسەکان بۆ ماڵەکەی تۆ دەگەڕێن. نەیانوت مەولاناو هاورێکانی دێن. ئێستا من لەبەردەمی تۆدام، دەزانم حەرفی لێبووردنو پاڕانەوە هیچ ناکات لەلای تۆ.. لەبەرامبەر ئەم کارانەی مندا)

لە دوای قسەکانی ئەو میرە ئێمەیان بردە ناو باخێکی رازاوەو تا سەر جوانو بۆنخۆشەوە. دە کەسی لاڵ خزمەتیان دەکردین، ئەو میرە هەموو رۆژێك بۆ ماوەی حەوت رۆژ دەهاتە بەردەم باخچەکەو لە مەولانا دەپاڕایەوە تا نانێکی بخوات تا حەرفێکی لەگەڵدا بڵێ، هیچ، مەولانا شەمسەددین ئەو سەرەی لەسەر سنگی دابنابوو هەڵی نەدەبڕیو بەردەوام لە زکرو وتنی درووودەکانی خۆیدابوو. من نەمبینی تا ئەو حەڤدە رۆژە لەتە نانێك لە ماڵی ئەو میرەدا بخوات، تەنیا ئەو دەنکە بادەمانەی کە لە گیرفانیدابوون شەوان یەك دوانێکی لێدەخواردو هیچی تر، ئەو میرە هەموو توانای خۆی بەکارهێنا تا مەولانا لێی ببورێت، میر لە رۆژی حەڤدەیەمدا تا دوورترین رێگاکانی شار لەگەڵماندا هاتو لە مەولانا دەپاڕایەوە. ئەو کاتانەی ئێمە گەیشتینە

دەرەوەی شارەکە هەمووومان لە ماندووبووندا خەومان لێکەوت.
ئێمە زۆرکات نەماندەزانی چۆن چۆنی دەگەینە سەر رێگاکانی ئەو شارانەو چۆن چۆنیش لێی دەردەچین، تەنیا مەولانا نەبێ کە ناو و ناونیشانو شوێنی ئەو شارانەی دەزانی، کەس نەبوو بتوانێت وەکو مەولانا نەخشەی شارە شاراوەکان بزانێت. لە دوای ئەو شارە تەنیا یەك رۆژ بوو ئێمە دەڕۆیشتین، نزیك شارێك ببووینەوە کە بەرز بەرز کەوتبووە سەر بەرزایی چیایەك کە تەنیا لە دوورەوە لەوێنەیەکی تەڵخ و شێواوی دەکرد، بەتەم هەموو لایەکی داپۆشرابوو، جار جار ئەو تەمە دەڕەوییەوەو دواتر وەکو خۆی هەموو لایەکی شارەکەی دادەگرتەوە. ئەوە سەختترین شاربوو کە ئێمە بۆی سەرکەوین. من هەستم دەکرد بەناو دەمە چەقۆو شتی تیژدا دەڕۆین، بەرزاییەکانی سەر رێگامان ئەو بەرزاییانەبوون کە من تاکو ئێستا نەمدیبوون. فاتمەی خۆرو عابیدی پیر دەیانوت لەم شارەدا بە زیندوویی ناگەڕێینەوە. ئەمە شاری جنۆکەو ساحیرو فاڵچییەکانە، یان دەیانوت ئەمە شاری چەتەو دزە بەناو بانگەکانە، گەیشتن بە ئەم شارە مردنێك بوو بۆخۆی. شارێك بوو تا بۆی سەربکەوتیتایە بەرزتر دەبووەوەو زیاتر لێت دووردەکەوتەوە. من نەمدەزانی بۆچی ئەم شارەیان بە سەر ئەم بەرزاییە نەحلەتییەوە دروستکردووە. زۆرکات

وام هەست دەکرد کە کەس جگە لە ئێمە بۆ دەیان‌و سەدان ساڵ دەچێ رێگەی نەکەوتووەتە سەر رێگای ئەم شارە شاراوانە، رێگاکان جگە لە شوێن پێی ئێمە، شوێن پێی کەسی ترت بەسەرەوە نەدەبینی، ئەمە بوو منی لەم رێگایەدا دەبردەوە سەر رێگاکانی مردن. لە ماندووبووندا توشی لەرزوتاو رشانەوەو هێڵنجدان ببووین. دەیان باڵندەمان دەبینی لە نزیك رێگاکان مرداربووبوونەوەو زۆریان تەنیا پەڕەکانیان دەبیندراو گۆشتەکەیان چەقەڵ‌و گیانلەبەرانی گۆشتخۆری تر خواردبوویان. ئەو رێگایانەی ئێمەی دەگەیاندە ناو شارەکە ئەوەندە بەرزونزمیی تێدەکەوت سەری لێ تێکدابووین، کەسمان بیرمان لەوە نەدەکردەوە بۆچی تەنیا ئێمە بەم رێگایانەدا دەڕۆین‌و کەسانی تر نابینین؟ ئەو رێگایانەی درەختەکان هەموو لایەکیان داپۆشی‌و لە زۆر شوێن رەگی ئەو درەختە گەورانە سەر رێگاکانیان دەگرت، رەگی ئەستور ئەستور کە مێژووی ئەم ناوەیان بۆ کۆنی دەگێڕایەوە. ئێمە هیچ کاتێك درەختی ئاوا گەورەو رەگی هێندە درێژو ئەستورمان نەبینی بوو، بەڕۆیشتنمان بەناو ئەم درەختانەدا هەناسەمان توند دەبوو، رەگی ئەستوری ئەو درەختانە لەماری تۆپیویان دەکرد لەسەر ئەو رێگایانە. رێگاکان هەموو لایەکیان بە درەخت‌و گیای تەڕ داپۆشرابوو. ئەم شارانە تەنیا ئێمە درکمان بە دۆزینەوەیان دەکردو دەمانتوانی بچینە

ناویانەوە. ئەمە شتێك بوو كە من باش دەمزانی كەسی تر ناتوانێت بگاتە ناو ئەم شارانەوە. ئەوە كێ بوو كە نەخشەو رێگاكانی ئەم شارانەی دەخستە بەردەمی ئێمەو دەیگەیاندینە سەرزەمینی بەدبەختیو ناخۆشیو پێكەوە بەستنەوەی سەردەمە جیاجیاكان بەیەكەوە؟ ئەوە كێ بوو برینو ناخۆشییەكانی ئێمەی تێكەڵ بە برینو ئازارەكانی ئەم شارانە دەكرد؟ ئەم شارانە بۆچی تاكو ئێستا ناویان لە هیچ هەگبەی گەڕیدەو جوگرافیاناسێكدا نەهاتبوو؟ بۆچی ئێمە بەردەوام دەگەڕاینو حەرفەكانی ناو ئەو شارانەمان كۆدەكردەوەو دەمانگەیاندەوە ناو كتێبی سەردەمی رەسوڵی بچوك؟ ئێمە تەنیا بەشوێن رۆحی شاراوەی رەسوڵی بچوكدا نەدەگەڕاین ، نەخشەی شارە وێرانو ونبووەكانمان یان زەمەنە ونبووەكانمان دەدۆزییەوەو بە زۆری زۆرداری سەرەڕای هەموو شتە جیا جیاكانی ئەو نەخشەو زەمەنانە كارمان بۆ بەیەكەوە بەستنیان دەكردەوە. خوێنی زەمەنێكی تاریكو شەڕانیمان بە ئاو و رووناكیی زەمەنێكی خۆشو جوان دەشۆردەوە. ئەمە یەكێك بوو لەو كارانەی كە ئێمە بەناو زۆر زەمەنی ونبوودا گوزەرمان دەكرد. هەموو ئەو زەمەنانەمان بەیەكتری دەناساندو تاریكیمان بە رووناكی ئاشتدەكردەوە. حەرفی گۆرانیو غەزەلو شیعرو حیكایەتەكانمان دەبرد بۆ ناو گۆرانیو غەزەلو شیعرو حیكایەتی زەمەنێكی دوور دوور. ئێمە ئاوا دەگەڕاین،

ئەم شارەی بۆی سەردەکەوتین یەکێك بوو لەو شارانەی لە زەمەنێکی دووردا جێگەی سەدان هێلانە هەڵۆو شەهێنو باڵندە بووەو تا خودا مرۆڤێکی لە حەرف دروستکراوی ناردۆتە ناو ئەم جەنگەڵە بەرزەوەو ئیتر مرۆڤ لێرەدا بۆ یەکەم جار دەرکەوتو شاری دروستکرد. دەڵێن ئەوەی یەکەمجار گەیشتە ناو ئەم جەنگەڵو دارستانە (ئادەم) بوو. هەندێکی تر دەڵێن سۆفییەکی پیربووە، گۆڕی ئەو پیاوە ئێستا لە دەوازەی ئەم شارەدا بە مووررووی شینو رەنگی سەوز رازاوەتەوە. ئەوەی مووررووییەك لەو مووررووانە ببات دەبێ چوار مووررووی شین لەشوێنی دابنێت. مەولانا لە دوای بڕینی رێگا ناخۆشو سەختەکانی ئەم شارە، کە ئێمە بە دوو رۆژو شەوێك بڕیمان، وەکو کەسێکی شارەزاو لێهاتوو ئێمەی بردە سەر گۆڕی ئەو پیاوە. بێدەنگ لای سەری گۆڕەکەوە دانیشتو فاتمەی خۆری خستە لای خۆیەوەو بەئێمەی وت: کە دابنیشین. مەولانا شەمسەددین بە سوکی دەستیکرد بەقسەکردن: من ئێستا قسەی خۆم دەکەمو قسەی کەسی تر ناڵێم، ئەوەی رۆژانێك هەواڵێکی تۆی بۆ بهێنامایە چی باشبوایە لەلام پێم دەبەخشی. مەتحی خراپەی کەسم نەکردووە، تا بتوانم مەتحی باشەی تۆ بکەم. ئەوەش دەزانم ئەگەر خودا بۆ هەموو کێوەکانو بەرزاییەکان پێپلیکانەی دروستبکردایە، ئەوا مرۆڤ قەدری ماندووبوونی نەدەزانی، تۆ هەمیشە

دەتویست مرۆڤ لە گوناهەوە هەنگاو بنێت بۆ باشەو کرداری چاکە. ئەوە لە تۆوە فێربووم کە ئێستا لە نێوانماندا دوو سێ زەمەنی خراپ‌و ناخۆشی بەسەرچوو هەیە، ئەو زەمەنانەی گوناه دایڕزاندوون‌و تەنیا بەکەمی مرۆڤی چاکەکاری تێدا ماوە. بەڵام کەسانێك هەیە کە ناتوانن هیچ لە زەمەنە ونبووەکان تێبگەن‌و نایشیانەوێت بەشوێنیدا بگەڕێن.ئەم زەمەنەی ئێستا پڕبووە لە کەسانی خراپەکار چۆن خراپەکارێك کەدەبێ هەمیشە دروودبخوێنم تا خودا لە رفتارەکانیان لامانبدات.. ئەوەی بتوانێت ئەو زەمەنە ونبووانە بخوێنێتەوە سەدان مرۆڤی نەمری وەکو تۆ بە زیندوویی دەدۆزێتەوە. تەنیا کەسانی نەمری وەکو تۆ دەتوانن لە هەموو زەمەنە ونبووەکاندا بە زیندوویی بمێننەوە. ئەمانە قسەی خۆمن هی کەسی تر نین.

مەولانا لە دوای قسەکانی بۆ خۆی یەکی مووروویەکی شینی لەسەر گۆڕەکە هەڵگرت‌و بەخشیی بە ئێمە. لە کۆڵەکەی فاتمەی خۆردا مشتێك مووررووی شینی دەرهێناو حەرفێکی لەسەر گڵی سەر گۆڕەکە نووسی (ئە) موورووەکان تەنیا بەشی نووسینی ئەو حەرفەیان کرد. من بینیم مووررویەکی شینی کونکراوی هەڵگرت و کردیە پەنچە تووتەی خۆی. بۆ چوونە ناو شارەکەوە ئێمە بە دوای هەنگاوەکانی مەولانا شەمسەددیندا هەنگاومان دەنا. شارێك پڕبوو لە پەڕی باڵندەو و پێستەی گیانداران‌و

دوکانی بچوك بچوك، كه زۆربەیان گۆشتی باڵندەیان بە پاككراوەی دەفرۆشت. ئەوە سەرەتای چوونە ناو ئەم شارەبوو، بە ئاسمانی ئەم شارەوە سەدان هەڵوو باڵندە دەنگیان دەهات. كەس نەبوو بە تەماشاكردنی خوارەوە لە هەڵدێرو ڕێگا خوار وخێچەكانی نەترسێت. فاتمەی خۆر راستی دەكرد ئێمە بەزیندوویی لەم شارەدا دەرناچین. شارێك بوو عابیدی پیر دەیوت: بەخەون من زۆر شار گەڕاوم، بەڵام هێشتا ڕێگەم نەكەوتووەتە شارێكی ئاوا دوورو ترسناكەوە، شارێك كە مرۆڤ تێیدا دەبێت بە پارچەیەك ئاسنی ساردو هیچی تر. دەیوت ژیان لێرە جگە لە خەون هیچی تر نییەو هەموو شتەكانی ناوی درۆن، ئەم شارە لە هیچ كاتو ساتێكدا بوونی نەبووە، ئەمەی ئێمەش بۆی دەچین شارێكە تەنیا گەمژەیەك لە گەمژەیی خۆیەوە وێنەی كێشاوەو هیچی تر. درۆیە ئێمە بۆ دۆزینەوەی رۆحی رەسوڵی بچوك نەهاتووین، بۆ ئەوە هاتووین تا مەرگی خۆمان ببینینو هیچی تر، لێرەوە رۆحمان دەگات بە دوا شوێنی خۆیو دابەش دەبێت بەسەر گوناەو چاكەماندا، یان بەدەنگی بەرز دەیوت: ئێرە ئەو شارەیە كە هەموو رۆحەكان لە دوای مردن لێرەدا فڕێدەدرێن تا رۆژی حەشر، بڕوام پێبكەن ئێرە شوێنی فڕێدانی رۆحی هەموو ئینسانەكانە، ئێمە لەم شارە زەبەلاحەدا چۆن چۆنی رۆحی شاراوەی رەسوڵی بچوكمان بۆ دەدۆزرێتەوە؟ خۆمان ئەوەندە سەرگەردانین

هیچمان فریای رۆیشتن لەم شارە ناکەون، ئیتر چۆن چۆنی رۆحی ئەو بە ئێمە دەدۆزرێتەوە؟ ئەمە درۆیەکە ئێمە خۆمانی پێ فریودەدەین. رۆحێك رۆحی رەسوڵی بچوك كە تەنیا یەك كەسمان رۆحی ئەو دەناسێتەوە، ئەو رۆحەی کە من دڵنیام لەناو جەستەی یەکێکماندا دانراوەو گەیشتە ئێرە، ئەو کەسانەشی لێرە بوونیان هەیە بۆ جیاکردنەوەی رۆحە پاكو گوناهکارەکان لێرەنو کار بۆ ئەوە دەکەن، رێگای باش نیشانی رۆحە پاکەکان دەدەنو رێگای دۆزەخیش نیشانی رۆحە خراپەکارەکان دەدەن. ئەمانەی لێرەن ئەو کەسانەن کە رۆحی هەریەکەمان بەچاکەو خراپەیانەوە دەناسنەوە. ئیتر عابیدی پیر وەکو بۆ ژیانو رۆحی خۆی بگری دوور لە ئێمە دەوەستاو ترس هەموو گیانی داگرتبوو.

ئەم شارە شارێك بوو کەس نەیدەتوانی لە کۆڵانو شەقامو زۆری ماڵەکانی نەترسێت. کۆڵانەکانی زۆرکات بە تەم دادەپۆشراو چاو چاوی نەدەبینی. ئەو کۆڵانانەی بۆنی گەڵاو پێی رێبوارە ترسنۆکەکانی لێوەدەهات. ماڵەکانی ناو ئەم کۆڵانانە لە بێدەنگیدا لە گۆڕدەچوون تا ماڵێکی ئاوەدان. ئەو کەسانەی بۆ بازرگانی هاتبوونە ئەم شارەوە لەوە دەترسان نەتوانن رێگاکانی رۆیشتنەوە بدۆزنەوە، ئەم شارە پڕبوو لە ئینسانی جۆراو جۆر، ژنەکانیان بە قژە درێژەکانیاندا لە ژنانی دەرەوەی ئەم شارە جیادەکرانەوەو تا سەرسنگیان روت و زۆریان چاویان

گەورەو برۆیان پان بوو، لەجیاتی ئەوەی تەماشات بکەن کەچی زۆر نزیك لێتەوە تەماشای ئاسمانیان دەکرد. من لە هەموو کۆڵانەکاندا بە ترسەوە لەو ژنانەم دەڕوانی، لەو سەر زەوییانەی کە ئێمە تێیدا دەگەڕاین قەت ژنانی ئاوام نەبینی بوو. لە زۆربەی ئەو شارانەی ئێمە بۆی دەچووین، بە شوێنماڵی پیرەکاندا، پیرە نورانییەکان ئەو پیرانەی خەڵکی بە نورانی ناویان دەهێنان دەگەڕاین، بەتایبەت ماڵی ئەو پیرانەی کە بە میوانی هاتبوونە ئەو شارانەوە. ئێستایش لەم شارە بە تەم داپۆشراوەدا ئێمە بە شوێن ناونیشانی پیرێکدا دەگەڕاین کە مەولانا شەمسەددین بەر لەوەی بگەینە ناو شارەکەوە لە کاروانچییەکی فارسی وەرگرتبوو. ئەو پیاوە فارسە بە مەولانای وتبوو: تەنیا پیرێك کە بۆ ماوەی چەند هەفتەیەکە هاتۆتە ناو ئەم شارەوە، هەموو خەڵکی ناویان بیستووەو دەڵێن هەموو شتێك کە ئەو دەیڵێت خەڵکی دەگرێنێت. ئەو پیرە لە ماڵێکدایە کە کەوتۆتە سەروی مزگەوتێکی کۆنی داڕوخاوەوە. ئێمە بۆ ئەو ماڵە دەگەڕاین، کە گەیشتینە بەردەرگای ئەو ماڵە نە دەرگای هەبوو نە دیواری حەوشە، یەك دوو باڵندە بەسەر درەختی بەردەم ماڵەکەیەوە بەبینینی ئێمە هەڵفڕین، ماڵێك بوو لەبەر کۆنی مرۆڤ هێڵنجی دەهات. مەولانا بەر لە ئێمە بەناو حەوشە تەڕاوییەکەدا هەنگاوی دەناو بانگی لە کەسێك دەکرد کە ئەوە یەکەم جاربوو ناوی بیستم.

دەنگێك لە ناوەوە دەهاتو فەرمووی لە ئێمە دەکرد، ژوورێك کە چرایەکی بچووکی تێدا دەسووتا، رووناکیی ئەو چرایە ئێمەی لەوە بەئاگا هێنا کە ئێوارەیەکی تاریکە. ئێمە لە بەیانییەوە دەگەڕاین تا ئەم ماڵەمان دۆزییەوە. ژوورەکە جێگەی ئێمەو چەند کەسێکی تریشی تێدا دەبووەوە. ئەو پیرە پیاوەی بە پێوە لەلای دەرگاکەوە راوەستابوو تەماشای ئێمەی دەکرد، تا ئەو کاتانە لە کەسمان نزیك نەبووە تەنیا تەماشای گیانە تەڕو شەکەتەکەی ئێمەی دەکرد، وەکو ئەوەی پێی سەیربێت چۆن چۆنی گەیشتووینەتە ئەم شارەو ناوماڵەکەی ئەم. تا بەزەردەخەنەوە لە مەولانا نزیك بووەو لەلایەوە دانیشت. مەولانا بەسوکی کەوتە دواندنیو ئێمە هیچمان لە قسەکانی تێنەدەگەیشتین. تا ماوەیەك ئەو دووانە ئاوا بەسوکی یەکتریان دەدوانو جار جارە هەردووکیانماتو بێدەنگ دەبوونو ترس بەڕویانەوە دەردەکەوت. بۆ هەر شتێك مەولانا دەستی بۆ سەرسنگی خۆی رادەکێشاو توڕەیی دەکەوتە سەر رووی. چراکە بەکزی لە سەررووی ئێمەوە دەسوتاو رووناکییەکەی دەیدا لە رووی پیرە پیاوەکەو لایەکی رووی مەولانایشی دەگرتەوە، تا ئەو کاتانە رووی مەولانا لە مانگێکی نیوەگیراوی دەکرد.وێنەیەکی هەبوو من بەوێنەی فریشتەیەکم دەهاتە بەرچاو. ئەوان دەدوانو ئێمە ماتو

ماندوو تەماشای رووی هەردووکیانمان دەکرد، تا ئەو پیرە پیاوە رووی کردە ئێمەو پێی وتین:
( چەند گەورەن ئەو رێبوارانەی کە دێنە ئەم شارەوە، لەبری سەردانی ماڵی میرو گەورەکان دێنە ماڵی هەژارانیوەکو منەوە. ئێوە بۆنی زۆر لە رۆژگارە تۆزگرتوو و سەختو ناخۆشەکانتان لێدێت، ئێوە یادەوەریی زۆرکاتو شوێنی ترتان بۆ لای من گەڕاندۆتەوە. بەناو چەند رۆژگاری درۆزنو خۆشو کامەرانیدا تێپەڕیوون، ئێوە سەرگەردانی ناو شارو گوندەکانو حەرفەکانی کەسێکن کە ئێمە دەمێکە ناویمان بیستووە. ئێوە هەموو هەناسەیەکتان رۆژگارێك لە نائومێدی سەرزەمینە جیاجیاکان دەگێڕێتەوە، بیری هەریەکەتان پڕ لەخواستی ئەو رۆژگارانەی کە ئێوە پێیدا گوزەرتان کردووەو ناتانەوێت وا بە ئاسانی بۆ خەڵکی تری بگێڕنەوە، چونکە کەس بڕوا بەوە ناکات کە ئێوە توانیبێتتان مرۆڤی ناو ئەو هەموو رۆژگارە تاڵو خۆشانەبن، کەسانی ئێستا هیچ لە موعجیزەو خاوەن کەرامەت نازانن. مرۆڤی ئێستا تەنیا بۆ تەمەنێکی کەم دەژین نەك بۆ هەموو رۆژگارەکان، خەڵکانی ئێستا بڕوا بە گێڕانەوەکانی ئێوە ناکەن، بڕوا بەو شارانە ناکەن کە ئێوە پێیدا گوزەرتان کردووە، ئێوە بەخەڵکی دەڵێن رۆحی رەسوڵی بچوك لە شارێکدا حەشاردراوەو هاوکاریمان بکەن بۆ دۆزینەوەی تا ئەو بۆ رۆژگارێکی زۆرتر

نەمرێ. دەزانم گێڕانەوەكانی ئێوە بۆ هەموو شتێكی ڕەسوڵی بچوك ڕاستە، ئەو دەیتوانی ئێوارە لای من بێتو بۆ بەیانی بگاتە سەرزەمینی دوورترین شارەكانی تر. دەزانم حەرفی كتێبەكانی ئەو لە قووڵایی دەریاو لە ناو قووڵایی خاكو دەریایەك خوێندا هیچیان لێنایەت. ئەو خۆی مامۆستای هەموو ڕۆژگارە ونبووەكانە، تەنها ئەو دەیتوانی لەم شتانە بدوێو سەفەری ئەو ڕۆژگارە ونبووانە بكات، هەرخۆی دەتوانێت لە ڕۆژگارێكی تردا هەموو حەرفی كتێبەكانی خۆی لەناوبەرێت. منو چەند سەد كەسێك لەم ڕۆژگارەدا بڕوا بە گەورەیی ڕەسوڵی بچوك دەهێنینو ئەو كەسێك بوو هەمووگیانی پڕبوو لە جوانیو وتەی باشو كرداری مەزن، ڕەسوڵی بچوك ئەو مامۆستایە بوو دەیتوانی لەجەستەكاندا ڕۆحی پیسو ڕۆحی جوان لەیەك جودابكاتەوە. ڕۆحەكان ئەو دەیناسینەوە لە جەستەی مرۆڤەكاندا. ئەو یەكەم كەس بوو پرسی ڕۆحی مرۆڤەكانی خستە بەردەم لێكۆڵینەوەوەو بەخەڵكی وت كەسێك ڕۆحی خۆی نەناسێت هەمیشە ڕێگای خراپەو ناڕاست دەگرێتە بەر. دەبێ بڵێم دەبێ پێكەوە بگرین، دەبێ بە ئێوە بڵێم ئێوە ناتوانن ڕۆحی ئەو بدۆزنەوە، چونكە درەنگ بە ئێرە گەیشتن، ئەمەش بۆ ئێوە غەمێكی گەورەیە. ئیوە نازانن كە ئەو ئێوەی درەنگ خستە سەر ڕیگای دۆزینەوەی ڕۆحی خۆی، چونكە ئەوكاتانەی ئەو دەیویست كتێبەكەی تەواوبكات، بۆ

ماوەیەك ئازاری چاوەكانی نەیهێشت حەرفەكان ببینێت، ئەمەش‌وایكرد گرەویی رۆحی خۆی بە ئیزرائیل بدۆرێنێت. ئێوە لە دوا دوای دێرەكانی كتێبەكەی ئەودا ئەوە دەزانن كە بۆچی رەسوڵی بچوك مرد. من دەزانم لەگەڵ خۆتاندا سەربووردەی ژیانی پیاوێكتان هێناوە كە پێوستی بەوەیە تا هەموو خەڵكی لە هەموو رۆژگارەكاندا لە خەون‌و خواستەكانی بگەن. ئەو پیاوە مەبەستی نییە نەمرێ، بەڵكو مەبەستی ئەوەیە لە هەموو رۆژگارەكاندا ناوی بمێنێتەوەو ببێتە ئەو كەسەی كە مردنی لە جەستەی خۆی بۆ چەند رۆژێك دوورخستەوە، گەرچی رۆژی مردنیشی هاتبوو، دەبوایە لەو رۆژەدا بمردایە، بەڵام ئیرادەیەك هەبوو كە ویستی ئەوی بۆ مردن تا ماوەیەك راگرت، ئەو ئیرادەیە هێزی حەرفەكانی ناخی خۆیبوون. ئەوە تەنیا شتێكە كە ئەو توانیی مردنی خۆی پێ دوابخات، تا هەموو كەس لە هەموو زەمەنەكاندا وەكو كەسێكی نەمر بیناسن، نەك وەكو نووسەرو حیكایەتخوانێك. ئەو پیاوەی كە ئێوەی گەیاندووەتە سەر خاكی ئێرە، لەو كتێبانەی كە بازرگانەكان هێناویانەتە ناو ئەم شارەوە لەو كتێبانەدا ئێمەی پیرو گەنج ناوی ئەومان بیستووە. ئەو چەند لە رۆژگاری ئێمە دووربووە، بەڵام هێشتا یەكەم كەسە كە توانیی مەرگی خۆی دوابخات لە كاتی دیاری كراوی خۆیدا. دەڵێن ئەو پیاوە رەسوڵی بچوك هێشتا وەكو سۆفییەكی پیر جار جار دێتەوە ناو

خەڵکی، هەر جارەی بە بەرگێکەوە دێت. کتێبەکانو نووسراوەکانی ئەو زۆریان لای ئێمە دەستدەکەون. پێتان دەڵێم کەسانێك هەن ئێستا لە بەرگی ئەودا، بەناوی ئەوەوە، لە شێوەی ئەودا دەرکەوتوونو وەکو ئەویش دەنووسنو دەخۆنو دەخەونو قسەدەکەن. زۆرن ئەو کەسانەی کە ئێستا بە ناوی زاناو سۆفیو موریدەکانی زووەوە خۆیان نیشانی خەڵکی دەدەنو لاسایی ژیانی ئەوان دەکەنەوە، بەڵام ناتوانن بگەن بە تاکە رۆژێکی ژیانی ئەوان. ئەم رۆژگارە پڕبووە لەو کەسانی درۆزنو نەخۆشو مەلعوون. رۆژگاری ئێستا ئەم نەزانانە بەڕێوەی دەبەن نەك حیکمەتی زاناو سۆفییەکان. ئێوەش ئیتر ئەمشەو لێرە پشووبدەن تا بەیانی شارێك دەبینن کە پڕە لەو بازرگانانەی کە تەمە سپییەکانی ئێرە بەخوێن دەکڕنو لەبری پارە خوێن بۆ ئێرە دێنن. ئەم شارەی خەریکە لەسەر دەستی بازرگانە چەتەکاندا وێران دەبێو رۆحی سپیی تێدا نامێنێت، ماڵێکی تێدا نامێنێت بۆ درود خوێندن، رۆحێکی تێدا نامێنێت بۆ پاکێتی، شارێکیش کە ئەم ماڵانەی تێدا نەما دەبێتە وێرانە. ئێوە چی لەو خانووە زەبەلاحانە دەکەن کە هیچ هەستو سۆزێکیان تێدانییە جگە لە نەخشی ناشیرینو درۆ نەبێ؟ دونیای شارەکانی ئێستا پڕن لە ماڵی مردوو، پڕن لە رۆحی مردوو، ئەم شارەیش یەك دوو ماڵی رۆحانیی تێداماوە، هەروەك چۆن شارەکەی رەسوڵی بچوکیش تەنیا ماڵە

ڕۆحانییەکەی خۆی تێدا مابوو، ئەوا ئەو ماڵەش نغرۆبوو، بەمردنی ئەو، ئێوە تەنیا یەکێکتان دەگەڕێنەوە ناو پرسەی ئەو پیاوەی کە ماڵە پڕ لەنوورەکەی نغرۆدەبێت، ئیتر شارێك دەمێنێتەوە کە تەنیا پڕدەبێ لە جەستەی مردوو و بۆگەن، پڕدەبێت لەماڵی مردووان. من دەزانم ئێوە ڕۆحی ڕەسولی بچوکن، کە بۆتە چەند جەستەیەکی ماندوو، بۆتە چەند ڕۆحێکی بەئازار، ئێوە لە بەرگی ئەودا، ناوی ئەوتان گەیاندە دوا شار، ئەو شارەی کە لە دوای خۆیەوە شارێکی تری شاراوە نییە. ئێوە لە شارێکی بۆگەنو مردووەوە هەڵهاتوونو ڕۆحی کەسێکتان تێدا ڕزگارکرد کە خەریکبوو لە بۆگەنی جەستەی مرۆڤە نەزانەکانیدا دەخنکا. ئێوە ڕۆحی ئەوتان گەیاندە دوا ماڵی خۆی کە لای منە، ئەم ماڵەش دەبێتە ماڵی ئێوە. ماڵی ڕۆحە ڕووناكو پاکەکان. بەخێربێن بۆ ماڵی من، سبەی ڕۆحی هەریەکەتان جیا دەکرێتەوەو هەقو حسابی خۆی لەگەڵدا دەکرێت. ئێوە چەند ماندوون کە بەبێ ئەوەی بەخۆتان بزانن لەگەڵ خۆتاندا ڕۆحی ڕەسوڵی بچوکتان بەبێ ئازاردان گەیاندە ئێرە ڕۆحی ئەوتان گەیاندە دوا مەنزڵی خۆی، ئێرە ئیتر ماڵی هەمووتانە)

***

لە دوا دێڕەکانی مەولانا شەمسەددیندا کە دەگەیشتە سەر تەوابوونی ئەم بەشەی ژیانی ڕەسوڵی بچوك، من هەستم

دەکرد ماندوومو لە هەڵدێرێکەوە فڕێ دەدرێمە خوارەوە. تاکو ئێستاش بەشوێن ئەو پیاوەدا دەگەڕێم، کە پێی دەوتم: (گەورەی عارفان (جەمالەدین) تۆ قوتابیی زۆر لە گەورە مامۆستایانو گەورە سۆفییانو گەورەی دروستکەری وشە جوانەکانی ژیانی (مەولانا شەمسەددین) بوویت، خەڵکی بەدرێژایی تەمەنت رێزێکی زۆریان لێ دەنای، دەتوانم بەم تەمەنە زۆرەوە ژیانت بگێڕمەوە بۆ سەرەتاکانی منداڵیو بتخەمەوە بەردەم وێنەکانی لاوێتیت. من کە مەولانا شەمسەددین ئەم قسانەت بۆ دەکەم لێتوندەبمو ئیتر بۆ هەمیشە نامدۆزیتەوە. بۆ یەکەمجار کەسێکت ناسی ناوی خۆی ناوبوو (عابیدی پیر) ئەو پیاوەی کە دەیووست ئەو کتێبانە تەواوبکات کە مامۆستاکانی بۆیان تەواو نەکرابوو، دەیوست ئایەتەکان تێکەڵ بەو کتێبانە بکاتو خۆی وەك سۆفییەکی زانا دەربخات. ئێوە لەسەفەری شارێکدا یەکتریتان ناسی کە نەتاندەزانی دەرگانی چوونە ژوورەوەی بدۆزنەوە. تۆ سەرەڕای هەموو ئەو وانانەی لای ئەو گەورە پیاوانە خوێندبووتن، نەتتوانی لە نهێنیی چوونە ژوورەوەی ئەو شارانە هیچ فێرببیت کە سەفەرت بۆیان دەکرد. گەیشتن بە بەرزاییەکانو نهێنیی ناخی شارەکان فێربوونی دەوێت نەك تێپەڕبوون بەناویاندا. دەزانم لەم گوندە دوورەدا دەتەوێت بەو بەرزاییانە بگەیت کە خواستەکانتی تێدا شاردراوەتەوە. تۆ دەزانیت ئەگەر عابیدی پیرت ون

نەكردایەو لە ڕێگای شارە شاراوەكاندا لە خشتەت نەبردایە، دەتتوانی لەگەڵ ئەو پیاوەدا بگەیتە ئەو بەرزاییانەی كە خۆت ئارەزووت دەكرد. كەسانێك هەن كە لەگەڵ ڕێبوارێكدا پێكەوە سەفەردەكەن هەر زوو هەموو ویستیان دەچێتە سەر ئەوەی كە چۆن چۆنی ڕێگاكان لەو ڕێبوارەی هاوسەفەریان ونبكەن. تۆ ئەو كەسەیت كە هەمیشە ئەوە پیشەت بووە).
مەولانا شەمسەددین ئاوا دەدواو شار بە شار گەڕانەكانی بیر دەخستمەوە، ئێستا دەبینم لێم دووردەكەوتەوەو بەمنی دەوت: ئەمە گەشتی دووەمی ژیانی من بوو لەم سەر زەوییانەدا، دەبێ لە گەشتی دووەمی ژیانی من تێبگەیت.
دواتر زانیم كە بۆچی منی بۆ ئێرە بانگهێشت كردووە. بۆ ئەوەی تا هەموو هەڵەو فێڵو كارە ناپاكییەكانم بەڕوودا بداتەوە. ئەو دەیزانی كە دەگەیشتینە نزیك ئەو شارانەی كە هەستمان دەكرد لە چوونە ناوەوەیان نزیك كەوتووینەتەوە، من هەوڵم دەدا گرفتیان بۆ دروستبكەمو ڕێگاكانیان لێونبكەم، ئەو شارانەی دەمانوویست بیان دۆزینەوە، دەگەڕاین تا كاتی نزیك كەوتنەوەی دوا ڕۆژەكانی مەرگی ڕەسوڵی بچوك، ئێمە لەگەڕانو دۆزینەوەی ئەو شارەی ڕۆحی ئەوی تێدا حەشاردرابوو بەردەوام دەبووین لە ڕۆیشتنو هەوڵەكانمان.
جارێك لە شارێك نزیك كەوتبووینەوە، پڕبوو لە جەستەی مرۆڤی گەورە گەورە، تاكە تاكە خەڵكیت دەبینی

زیندووبن. (فاتمەی خۆر) لە یەکەم هەنگاویدا بۆ ناو ئەو شارە کە بەشاری بابل ناسرابوو گریا، ئەو شارەی دەبوایە رووە راستەقینەکەی بدۆزینەوە. ئاخر ئێمە وافێرکرابوون کە هەموو شارێك دوو رووی هەیە، ئەو رووەی کە خەڵکی دەیبینن رووە درۆزنەکەی شارەکانە، کەسانی تر کە بۆ فێربوون و دۆزینەوەی شتە شاراوەکان دەگەڕێن دەبێ بەشوێن رووە راستەقینەکەی ئەو شارانەدا بگەڕێین. فاتمەی خۆر بە ئێمەی وت: لە قووڵایی ناخی ئەم شارەدا، شارە راستەقینەکە دەدۆزینەوە. مێردەکەم ئەوەتا لەو شارەداو دەبێ هەمووومان دەرگای چوونە ناو ئەو شارە بدۆزینەوە. من بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ رووی راستەقینەی ئەم شارە چۆنبێت؟ ئەی کەسەکانی ناوی کێن؟ ئەو کەسانە کێن لەو شارەی تردا کە رووی دووەمی ئەم شارەیە؟ دەترسام، هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بڕوابکەم کە شارەکان دوو روویان هەیە. فاتمەی خۆر دەگریاو لە باوکی دەپاڕایەوە تا زووبکات دەرگاکانی بدۆزینەوە. من لە ترسی لاشەی مردووەکان هەموو شتەکانی خۆمم بیرچووبووەوە، ئەو لاشانەی هەستت دەکرد ئێستا رۆحیان دەرچووە. مەولانا پێی وتین ئەو جەستانەی لەم شارەدان رووناکییان بەربکەوێت نامێنن. پێم وت ئەی کەی رووناکی لەم شارە هەڵدێت؟ پێی وتم هەرگیز ئەم شارە رووناکیی تێدا هەڵنایەت. ئەو

ڕووناكییانەشی ئێوە دەیبینن جگە لە ڕووناكییەكی درۆزنانە هیچی ترنین.
ئەوكاتانەی ئێمە بەشوێن دەرگای ڕووی دووەمی شارەكەدا دەگەڕاین، من بە مەولانام وت: دەكرێ پێم بڵێیت ئیتر دەتوانین ڕۆحی ڕەسوڵی بچوك لەو شارەدا بدۆزینەوە؟ مەولانا پێی وتم: ئەوە حەفتاو سێ شار گەڕاوین هیچ شتێكمان بۆ ڕۆحی ئەو سۆفییە گەورەیە نەدۆزیوەتەوە. ئەم شارە پڕە لە نهێنیو شتی شاراوە. تۆ دەزانیت لە ناو شارێكدا شارێكی تر بوونی هەیە، لەوە دەچێ بۆ هەتا هەتایە كەس بەو شارانەی تر نەگات كە دەكەونە ناو قووڵایی شارەكانەوە. لەم شارەدا ڕۆحی ڕەسوڵی بچوك بدۆزینەوە دەتوانین تاسەر وەكو ئەو زیندووبین. ڕۆحی ئەو لە شێوەی مرۆڤێكی پیری نورانیدا لای ئێمە دەردەكەوێت، تۆ بەوەدا بیناسەرەوە كە سەر شانی ڕاستی ڕووتەو خۆر سوتاندوویەتی. بەڵام پیرێك كە لە هەموومان بەهێزترو زاناترە، لە هەموومان زیاتر درك بەوەدەكات كە ئێمە پێویستیمان بەوە نییە ئاوا شارەكان بگەڕێین. ئەو دەزانێت كە ئێمە لەم ڕێگای شارانەدا سەرگەردان دەبینو لەیەك دادەبڕێین. ئەو دەزانێت كاممان نەخشەی شارە شاراوەكان لەوانی تر ون دەكەین! ئەو كاتانە فاتمەی خۆر لە ناوەڕاستی شارەكەوە بانگی هەموومانی كردو عابیدی پیر یەكەم كەس گەیشتە لای، دەیان كلیلی بەبەردبوومان بەرچاو

دەکەوت، ئەو کلیلانەی لەسەر بەردەکان وەکو وێنەی کۆنیان لێهاتبوو. فاتمەی خۆر دەیوت: ئەو کلیلە بەبەردبووانە کلیلی دەرگاکانی شارە ونبووەکەی ئێرەیە. فاتمە بە دیار ئەو کلیلە بەبەردبووانەوە دەگریاو دەیوت: خودا دەبێ بەردەوام ئێمە توشی سەرگەردانی بکات. ئەگەر جارێك بە خودا دەگەم پێی دەڵێم: ئێمە چ خراپەیەکمان بۆ عەرش‌و مەملەکەتەی تۆ هەبووەوا ئێمەت تووشی سەرگەردانی کردووە؟! با پێی بگەم ئەوسا ئێوە دەزانن چۆن چۆنی لەگەڵیدا دەدوێم. فاتمەی خۆر بە هەموو لایەکدا دەگەڕاو فرمێسکی دەڕشت. مەولانا شەمسەددین دەستە تۆزاوییەکانی گرتبوو، دەیویست هەمووومان لەم شارە ناخۆش و بە تەرم داپۆشراوەدا زوو دەربچین. من لە ناو دەستی کراوەی یەکێك لە تەرمە زەبەلاحەکاندا کلیلێکم بینی، ئەوە تەنیا ئەو کلیلە بوو کە نەببوو بە بەردو خستمە ناو گیرفانمەوە، کلیلێك کە پازدە سانتیم دەبوو، بە شاردنەوەی ئەو کلیلە رەنگە ئەوە یەکەم فێڵی من بووبێت لە مامۆستاکەم‌و هاوڕێکانم. کلیلێك بوو کونێکی چوارگۆشەی تێدابوو، دەچوو بە پەنجە تووتەمدا. دواتر کە ویستمان شارەکە بەجێ بهێڵین، مەولانا شەمسەددین پێی وتم: (گرنگ نییە کێ کلیلەکەی دۆزیوەتەوە، گرنگ دۆزینەوەی دەرگاکەیە، هەزاران کلیل ناکاتە دۆزینەوەی دەرگایەکی بچووکی شارە ونبووەکان). ئێمە ئەو رۆژە تا درەنگ لە

ناو ئەو شارەدا دەگەڕاین، ئەو کەسانەشی کە بەزیندوویی بۆ شارەکە دەگەڕانەوە، وەکو شێت دەهاتن‌و دەچوون‌و وەڵامی کەسیان نەدەدایەوە. لەوە دەچوو بەر لە هاتنی ئێمە لەشکرێکی گەورە پەلاماری ئەم شارەیان دابێت‌و بەم دەردەیان بردبێت. ئەوە یەکەمجار نەبوو کە ئێمە توشی ئەم جۆرە شارانە ببین. من نەمدەزانی بۆچی زۆرکات کە دەکەوتینە سەر رێگاکانی شارە ونبووەکان، هەمیشە ئەو کاتانە دەکەوتینە ناو جەنگ‌و وێرانبوونی رووە درۆزنەکانی شارەکانەوە. ئەم شارە پڕبوو لە بەردی نەخشێنراو و پەیکەری زەبەلاح‌و درەختی گەورە گەورە. شارێك بوو فاتمەی خۆر دەیوت: شارێکی مەزنتر لەپشتی ئەم شارەوە هەیەو دەبێ نەڕۆین‌و بیدۆزینەوە. منیش وام هەستدەکرد ئەو شارەی ئێمە بۆ دۆزینەوەی رۆحی رەسوڵی بچوك تێیدا دەگەڕێین کەوتۆتە پشت ئەم شارە وێرانەیەوە. بۆ چەند جارێك ویستم ئەو کلیلە دۆزراوەیە پیشانی مەولانا بدەم، کەچی هەر زوو لە پیشاندانی دەترسام. شارەکە بۆ ئێمە شارێك بوو کە لە زۆر لاوە نائومێدیی پێدەبەخشین. بە ناو کۆلانە تەسك و تاریکەکانیدا وەکو دز تێدەپەڕین. ناو ماڵەکان پڕببوو لە شتی سوتاو، بۆنی ماڵە گڕگرتووەکان‌و داری سوتاو و بۆگەنی ئەو لاشانەی بەبێ کەس بەجێمابوون ئێمەیان بێزاردەکرد.

لە رێگاکانی دەرچوونماندا (عابیدی پیر) کەوتە خوێندنەوەی ئەو غەزەلانەی کە هەر لە منداڵییەوە لە بەری کردبوونو وەکو گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش هەموو غەزەلەکانی دەوت، ئەو کەسانەی کە گوێیان لە حەرفەکانی ئەو غەزەلانە دەبوو نەیاندەتوانی نەگرین:

(نووزەیی ئەم نایە هی زاری ئەوە
های و هووی گیان لە ئازاری ئەوە)
(رازگری ئەم رازە هەر بێهۆشە بەس
زار لە گوێ زیاتر نییە کڕیاری..کەس )

ئەو زۆرکات بۆ غەمگینیی ئێمە لە رێگاکاندا ئاوا غەزەلی دەخوێند. ئەو غەزەلانە فاتمەی خۆری دەپەشۆکان و برینەکانی دەکولاندەوە. سەیر لە عابیدی پیر نزیك دەبووەوەو شان بەشانی دەڕۆیشتو پێی دەوت: دەنگت زۆر هەڵمەبڕە با لە حەرفی غەزەلەکان باشتر تێبگەم. خۆزگە من دەبوومە غەزەلێكو تۆ بەردەوام تامردن دەتووتمەوە لەم رێگاونبووانەدا. زۆربەمان خودا وەکو غەزەلێکی تەواونەکراو لەم سەر زەوییە بۆگەنەدا بەجێی هێشتووین، دەزانم منیش غەزەلێکم، بەڵام تەواونەکراو ، تا مێردە فریودەرەکەم نەدۆزمەوە نابمە غەزەلێکی تەوکراو و هیچ مانایەك نابەخشم. دەزانم هەموو ژنانی ئەم سەر زەوییە غەزەلێکی تەواونەکراون، کەی پڕدەبن لە ماناو حەرفەکانی خۆیان تەواودەکەن، نازانم، ئێمە چین؟ ئێمەی ژنان غەزەلێکین هەمیشە پیاوان

بۆ رابواردنی خۆیان بەکارمان دەهێنن. من ئەگەر غەزەلێکی تەواونەکراو نەبوومایە مێردەکەم رۆحی خۆی لەلام وننەدەکردو منی ئاوا سەرگەردان نەدەکرد ، نەدەبوومە ژنێکی درۆزن لەلای رەسوڵی بچوك. ئێمە درۆدەکەین کە بە شوێن رزگاربوونی رۆحی ئەو داماوەدا دەگەڕێین، درۆدەکەین درۆ، ئێمە بەشوێن ژیانو هەڵهاتنو خۆشگوزەرانیی خۆماندا دەگەڕێین. نەمانتوانی جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر دێڕەکانی ژیانی رەسوڵی بچوك. ئەو ئێمەی لە رۆحی حەرفەکانی خۆیەوە گەڕاندەوە ناو ژیان، ویستی وەکو چەند پاڵەوانێك تاقیمان بکاتەوە. دەیزانی درۆزنینو ناتوانین رۆحی ئەو لە شارە ونبووەکاندا بدۆزینەوە. ئەگەر رەسوڵی بچوك نەبوایە ئێمە لە بیری خەڵکی چووبووینەوەو لە ژێر تەپوتۆزی رۆژگارە رەشەکاندا شەیتان میزی پێدا دەکردینو ببووینە پاشماوەی ئەو رۆژگارە سەخیفانە. ئەو ئێمەی حەرف بە حەرف دروستکردەوە، خۆشبەختیی گەڕاندەوە بۆ ناو رۆحی ئێمە، بەڵام ئێمە بەدبەختیمان دا بە دواڕۆژەکانی ژیانی ئەو. ئێمە ئیتر تاسەر دەبێ ئاوا ترسنۆكو فێڵاویو درۆزنبین لە ئاست هەموو شتێکی ئەودا. ئەو هێشتا بەتەمایە ئێمە بگەڕێینەوە ناو ماڵەکەیو رۆحێکی ماندوو و جوانی بخەینەوە بەردەست. ئێستا ئێمە دەنووسێتەوەو خەریکە دەگاتە دوا دێڕەکانی کتێبەکەی تا گرەوەکە لە (ئیزرائیل) بباتەوە. تۆ عابیدی پیر تکادەکەم لە غەزەلوتن

بەردەوام بە تا من لەم سەرە رێگا خۆڵاویانەدا دەبم بە تۆزو بۆ هەمیشە لە ژێر پێی رێبواراندا دەناڵێنم لەپای ناپاکیم لەگەڵ رەسوڵی بچوکدا. تۆ پێم بڵێ ئەم غەزەلانە لەکێوە فێربوویت ماڵوێران؟ ماڵوێران غەزەلوتن مرۆڤ فێردەکات هەمیشە بە دونیایەك خۆزگە رۆحی پڕببێت نەك مردن.. دە پێم بڵێ لە کێوە ئەم غەزەلانە فێربوویت ماڵوێران؟.

(فاتمەی خۆر) خەریك بوو خۆی بیردەچووەوەو بە خۆشیی وتنی غەزەلەکانەوە ببوەوە عاشقی عابیدی پیر، کە فاتمی خۆر بێدەنگ بوو با دەنگی (عابیدی پیر)ی دەبرد بۆ سەر رێگا دوورەکانو لەدوای سەدان هەنگاو دوورکەوتنەوە ئەو هێشتا هەر بە دەنگە خۆشەکەی غەزەلی تازەی دەوت. ئەو رێگایەی کە ئێمەی لە شارەکە دووردەخستەوە هەموو لایەکی بە درەختی پرتەقاڵو دارخورما داپۆشرابوو. رێگایەك بوو لەوە دەچوو بۆ پیاسەی ئێوارانی میری ئەم شارە دروستکرابێ. نازانم چۆن چۆنی ئەم رێگایە بە پەیکەرەکانییەوە ئاوا مابووەوەو بەر وێرانبوون نەکەوتبوون. لە نێوان هەر چەند هەنگاوێکدا پەیکەری بچووك بچووکمان دەبینی، کە ڕەنگی خۆڵیان گرتبوو، ئەو پەیکەرانە پەیکەری باڵندەو کچو مەیموون بوون، نازانم بۆچی مەولانا تەماشای ئەو پەیکەرانەی نەدەکرد، تا فاتمەی کچی پێی وت (مەولانا بۆچی چاوت لەئاست بینینی ئەو

پەیکەرانەدا دادەخەیت، لە کاتێکدا ئەو پەیکەرانە بۆ ئێمە گرنگن، بۆچی پەیکەری مەیمون‌و کچ بەیەکەوە نزیك لەیەك دانراون‌و پەیکەری باڵندەکان دوور لە ئەمان دانراون؟ تۆ دەتوانیت بە حیکمەتی خۆت لە دانانی پەیکەرەکان تێمان بگەیەنیت؟) مەولانا بەبێ ئەوەی تەماشای ئەو پەیکەرانە بکات، پێی وت: (هەندێك کەس لە بینی خۆیان تێناگەن‌و هەموو بینینەکانیان بە فێڕۆدەدەن لەم ژیانەدا. ئەگەر وەکو ئێوە خۆم بەم بینینانەوە خەریك بکەم، هیچ لە حیکمەتەکان فێرنابم. هەموو تەماشاکردنێك جوانییەکی تێدا نییە بۆ چاوی ئێمە، هەرچەندە ئەو شتانەیشی کە زۆر جوانبن لەبەر چاوماندا هێشتا بینینیان بەشێکە لە کاتبەفیڕدانی ژیانمان. زۆر بینین کارێکە دەبێ چاوی خۆمانی پێوە ئازارنەدەین. ئێوە بە تەماشاکردنی ئەو پەیکەرانە سەرسام بوون‌و زۆر زوو ئازارو لاشەی ئەو کەسانەتان بیرچووە کە لەم شارە وێرانەیەدا بینیتان، ئەمەیە قەدری بینین کە ئێوە تاکو ئێستا فێری نەبوون. نامەوێت بەبینینی ئەم پەیکەرانە وێرانە شارەکەم بیربچێتەوە، هەندێك سوڵتان کە دەچنە شارە گەورەو جوانەکان مەستدەبن لە بینینی جوانیی شتەکانیاندا. بەبێ ئەوەی مەستببن بە بیری ئەوانەی کە نەخشەو جوانیی ئەم شارانەیان داڕشتووە تا ئەو ئاستە بەرزانەی شارستانییەت. فێربوون ئەوە نییە تەنیا جوانیی شتەکان ببینین. جوانی وەهمێکە ئێمە خۆمانی پێ دەخەڵەتێنین.

ئەوە گرنگە کە خەڵکی بتوانین بە بیرکردنەوە شتە خراپەکانی خۆیان بگۆڕن بە جوانی، ئەوانەی هێرشیان هێناوەتە سەر ئەم شارە، چاویان نەبووە بۆ بینین، تەنیا کوێرانە پەلاماری هەموو شتێکیانداوەو ئەم شارەیان نغرۆکردووە. ئەوانە لە بیری خۆیاندا هەموو شتێکی ئەم شارەیان خراپ نەخشاندووە تا کە گەیشتن ئاوا هەموو شتێکیانوێرانکرد لێرەدا. ئەوانە ئەگەر بە بیرکردنەوەی خۆیان شتەکانیان لە دەوروبەریاندا ببینیایە، ئەوا نەیاندەتوانی هەموو شتێکی ئەم شارە وێرانبکەن. بینین ناکاتە ئەو کاتانەی ئێمە تەنیا بەچاو شتەکان ببینین، کێ لە ئێوە خودای بینیوە بەچاو؟ کەس، ئەی چۆن چۆنی دەزانن خودا جوانو لێزانو بەخشندەیە؟ ئەمە وێنەی ئەو خودایەیە کە ئێمە بۆ خۆمان لە بەرچاوی خۆمان بەجوانی وێنەمان کێشاوە. ئەی ئەگەر جارێك خوداتان لە خەوندا بینی بەو وێنەیە نەچوو کە هەمیشە بۆتان کێشاوە، ئایا پەشیمان دەبنەوە لەو بینینانەی ناخی خۆتان بۆ وێنەی خودا؟ ئێوە ناو و جوانیی ئەو کچەتان نەبیستووە کە بەردەوام سۆفییەکی پیری لە شاری (هەمەدان)دا بە جوانیی خۆی، ئەو پیرەی خستبووە سەروتنی غەزەلو شیعروتنو عەشق. ئەو کچەی لە کاتی هەموو بانگێکدا سەیر خۆی دەگۆڕیو بۆنی خۆشی لە خۆی دەداو دەهاتە سەر ڕێگای ئەو پیرە سۆفییە. زۆرکات پیرە نوێژەکانی لە دەست دەچوو، بۆ بینینی ئەو کچە دەمایەوە لە سەرە

ڕێگاكاندا. جارێك بەو پیرە سۆفییەیان وتبوو: تۆ كە لە لاویدا عاشق نەبووی، ئیتر بەم پیریەتییەوە عەشق چی بە تۆ دەبەخشێت؟ سەیر بەو خەڵكەی وتبوو لە لاویدا هەموو لایەكم بە حەرام دەورە درابوو، وام دەزانی خودا چاوی بۆ بینینی ناخی خۆمان پێ بەخشیووین‌و لەوە زیاتر هەموو بینینێك حەرامە لامان. وام دەزانی دەبێ ژن لە توخمی حەرام دروستكرابێت‌و بەشێكبێت لە حەرام، بۆیە هەموو بینینەكانم بە كوێری سپارد لە ئاست تەماشاكردنی ژناندا. لە دوای ئەو هەموو تەمەنە، بەبینینی ئەو كچە تێدەگەم كە حەرام شتێكە بینین دروستی ناكات، بەڵكو حەرام ئەو شتەیە بینینەكانمان كوێردەكات. مامۆستاكانمان خراپ حەرامبوونیان بە ئێمە گەیاندووە، بۆیە دەڵێم تەماشاكردنی رووی جوان لای من حەرام نییە. ئێستا ئەوەندە عاشقی ئەو كچە بووم، نوێژو ڕۆژوو هەڵدەگرم بۆ دوای ئەو عەشقە. ئەگەر خودا سەد جار بینینی ئەو كچەی بە حەرام دانابێت، بۆیە حەزدەكەم لە بری پێنج جار بانگدان لە ڕۆژێكدا، هەزار جار بانگدان خودا فەرزی بكردایە لەسەرمان، بۆ ئەوەی بانگ بدرایەو هەر نوێژێكیش سەد ركات بوایە تا هەموو ئەو نوێژانەم لەبەر خاتری عەشقی ئەو كچە بفەوتاندایە.
ئیتر خەڵكی سەیر لەم سۆفییەوە فێری عەشق بوون‌و زۆریان نوێژو ڕۆژوویان بیرچووەوە، دەیان قوتابخانەیان بۆ فێربوونی عەشق كردەوە. دەڵێن كاتێكیش

ئەو سۆفییە پیرە ئەو کچە مارەدەکات تا تەمەنی نەوەدو هەشت ساڵی ژیا لە شاری هەمەداناو لەو کچە جوان‌و شۆخە هەشت منداڵی خستەوە، کە ئێستا دەڵێن ئێمە لە نەوەی منداڵەکانی ئەوین. بۆیە هەموو بینینێك لای خۆتان بەدەیان شێوە وەربگێڕن تا چاوتان دەگات بە بینینە ڕاستەقینەکان. نازانن تەماشاکردنی ئەم پەیکەرانە چەند ئازارم دەدات، کەچی لای ئێوە خۆشی بەخشەو ئارامیتان پێ دەبەخشێت. ئێوە قەت هیچ نابینن لە پشت ئەم پەیکەرانەوە، ئەمەیە کێشەی بینی ئێوە بۆ شتەکان. لە ئازارو دەردەسەریی ئەو پەیکەرسازانە تێناگەن کە بەویستی میری ئەم شارە بە زۆر لە شارەکانی ترەوە هێنراونەتە ئێرەو بە دیاریانەوە دەیان پاسەوان دانراوە تا بەویستی میر لەم ڕێگایانەدا ئەم پەیکەرانە دروستبکەن، نەك بەویستی خۆیان. ئێوە نازانن شتێك کە بەزۆر بە خەڵکی دروستکرا، چەند جوانیش بێ هیچ جوانییەکی نابێ لەلای ئەو کەسانەی بەڕاستی شتەکان دەبینن. ئێوە بە درێژایی ئەو ڕێگایە بەبینینی جوانی ئەو پەیکەرانە سەرمەست بوون، نەتانتوانی بە بینینی ڕاستەقینەی خۆتان بگەن، بۆیە تاکو ئێستا هیچ لە سەفەری شارەکاندا فێرنەبوون. کەسانێك نەتوانن بە ڕاستی شتەکان ببینن، هەمیشە بە نەزانی دەمێننەوە).

ئەو کاتانەی بۆ پشوو لاماندابووە لای سەوزاییو کانیو ئاوێکی ڕونەوە، بەدەم گوێلێگرتنی حەرفی غەزەلەکانی

عابیدی پیرەوە لەسەر بەردێکی گەورە خەریك بوو خەوم لێدەکەوت‌و لە هەموو بینینەکانی رابووردووی خۆم دەکەوتمە گومانەوە.

## تونێلە تەواونەکراوەکە

(خودا هەموومانی بە ناتەواوی لەم سەرزەمینانەدا بەجێ هێشتووە)

نازانم بۆچی مەولانا ئەم قسەیەی کرد، کە فاتمەی خۆری بینی دەهات بۆ لامان. من هێشتا لە بینینی ملوانکەو شتەکانی ناو دوکانە گەورەکە دەترسام، دەمویست لەم

گوندەدا شتێك بۆ ژیان بدۆزمەوە، بیرم لە دار سێوێك یان دار قەزوانێك دەكردەوە تا بۆنی گەڵاو بەرەكانیان بكەم، حەزم دەكرد بەر لە ئاوابوونی خۆر، لەبن درەختێكدا بنووم یان بمرم. كەچی ئەوە ویستی من نەبوو، چونكە هێشتا بەدەم گێڕانەوەكانی مەولانا شەمسەددینەوە دەترسامو رۆژگارەكانی بیر دەخستمەوە. ئەوكاتانەم بیردەكەوتەوە كە عابیدی پیر لە نزیك گوندێكی پڕ لە گۆڕستاندا بەدەم خوێندنەوەی سەدان غەزەلەوە لە ئێمە ونبوو. مەولانا ئەو كاتانە پێی وتم:(ئەو رۆیشت تا لە رۆژگارێكی تردا غەزەلەكان لەكتێبێكدا بنووسێتەوە). من بڕوام نەدەكرد ئێمە هیچمان بەسەربێت، چونكە رۆژگاری مردنو بیرچوونەوەمان تێپەڕاندبوو، سەفەری ئەو شارانەمان دەكرد كە لە سەرزەوی بوونیان نەبوو، یان تەنیاوەكو وێنەیەكی كۆن لە ناو كتێبەكاندا مابوونەوە. بەناو دێڕی كتێبەكانی رەسوڵی بچوكدا دەگەڕاین، بە ناو ئەو شارانەی كە رەسوڵی بچوك لەبیری خۆیدا نەخشەی دەكێشانو هەر خۆیشی زۆركات بە ئێمەوە ئەو نەخشانەی لە تووڕەییدا دەسڕیەوە. ئێمە لەو شارانەدا دەگەڕاین نەك لە سەر خاكو خۆڵی شارە زیندووەكاندا. ئەو كەسانەی لە ناو دێڕەكانی ئەودا بژینو بگەڕێن نامرن. ئەی بۆچی ئێستا لەناو دێڕەكانی ئەودا (عابیدی پیر) ونبوو؟ لەوە دەچێ وێرانبوونو پەتای دزیو قاتوقڕی شارەكانی رەسوڵی بچوكیشی گرتبێتەوە.

من لەنێوانی دوودێڕدا کە خەریکی کۆکردنەوەی دەنکە قەزوانە رژاوەکان بووم، کە دەنگی فاتمەی خۆر بەئاگای هێنامو بانگی عابیدی پیری دەکرد، بەدەم گریانەوە هاواری لێدەکرد کە زوو لێمانوون نەبێت. بینیم عابیدی پیر کەوتبووە سەر سەرەتای دێڕێك کە بە مردن دەستی پێدەکرد.وەکو تەمێکی سپی تا گەیشتە کۆتایی دێڕەی دووەم، کە هەموو حەرفەکانی درێژکراوەی ماڵاوایی بوو لە ئێمە، ئیتر ئەو ونبوو. لەو رۆژەوە تێگەیشتم کە مردنو نەهامەتیو بەدبەختیو کۆتایی ژیان گەیشتۆتە سەر رێگای ئێمەیشو دەبێ وەکو ئەو ئینسانانەی تر کە لە شەهوەتو خۆڵ دروستکراون بمرین.
فاتمەی خۆر تادەهات لە ئێمە نزیك دەبووەوە باوەشێك قەزوانی تەڕی پێ بوو، بەڵام نەمدەزانی لە کوێ هێناویەتی، چونکە وەرزی قەزوان بەسەرچووبوو. بەگەیشتنی هیچ حەرفێکی لەگەڵ مندا نەوتو بەتووڕەیی تەماشای دەکردم. بە مەولانای وت: ئەم قەزوانە تەڕانە لەگەڵ خۆتدا بەرە، لە کوێ نەتتوانی بخەویت، ماندووبووی، لەلای سەری خۆتەوە دایبنێووردە وردە بۆنەکەی هەڵمژە تا خەو دەتباتەوە. ئەمە باشترین شتە بۆ ئەو کەسانەی کە شەو ناتوانن لە تاو غەم بنوون. ئێمە ئێستا لەسەر دوا دێڕەکانی مردنینو کەس ناتوانێت رزگارمان بکات، تەنیا تۆ دەتوانی بە راستیو بێ کەموکوڕی دوا حەرفی کتێبەکەی رەسوڵی بچووك بۆ

خەڵكی بگێڕیتەوە. تەنیا تۆ دەتوانی بگەڕێیتەوە لای ڕەسوڵی بچوكو مەرگی ئەو ببینیت. هەموو ئەو كەسانەی تر كە حەرفی كتێبەكانی ئەو دواتر دەیگێڕنەوە ناتوانن وەكو تۆ بەڕاستیو بەتەواوی لە مەرگو نووسینەكانی بگەن. تۆ دەتوانی لە ماڵەكەی ڕەسوڵی بچوكدا تەنیا كەس بی كە دوای مەرگی ئەو لەناو سەدان حیكایەتو حەرفی ڕژاودا بنوویت.

دەمبینی مەولانا شەمسەددین گریان گەروی گرتبوو. كاتێك فاتمەی خۆر دەستی بۆ لای تونێلە تەواونەكراوەكە ڕاكێشا، هەستم بە ترسێكی زۆركرد، چونكە فاتمەی خۆر بەمنی وت: تۆ درۆزنترین پیاوی ناو دێڕەكانیت، دەبێ ئەو پیاوەی كە بەشوێن دۆزینەوەی (ڕەزای ڕەنگڕێژ)دا دەگەڕێت، تۆ لە سێدارە بدات، چونكە لە هەموو شارێكدا فێڵو خیانەتیت لێكردینو دەرگای هەموو شارەكانت لێونكردین.

دوای ئەو قسانە دەبوایە ئێمە لە دوای فاتمەی خۆرەوە بۆ نزیك تونێلە تەواونەكراوەكە بڕۆین. هەروەكو مەولاناوتی فاتمەی خۆر هەواڵی زانیوە كە مێردەكەی شێت بووەو دەیگەڕێننەوە نزیك تونێلە تەواونەكراوەكەو زۆركات لەوێدا لەناو پێخەفێكی گەڵای تەڕدا دەنوێت. هەواڵەكە ئەو ژنانە بۆیان هێناوە كە هەمیشە ئەم تیماری برینو ئازارەكانی دەكردن. بۆ گەیشتن بە بەردەم تونێلەكە بەناو چۆڵەوانیو درەختو بەردی گەورە

گەورەدا تێدەپەڕینن، ئەو باڵندانەمان دەبینی بەرز بەرز بەسەر چیا زەبەلاحەکەدا دەفڕین. تونێلەکە لە ناوەوە تاریك دیاربوو وەکو خاڵێکی رەش بەدامێنی چیا زەبەلاحەکەوە دەبیندرا. بایەکی سارد لە ناوییەوە دەهاتو بۆنی قەوزەو درەختی قلیشاوی دەهێنا. ئێمە ئێستا لە فاتمەی خۆرمان دەڕوانی کە بە تەنیا لە ناوەڕاستی دەرگای تونێلەکەدا بەپێوە راوەستابوو، بچوك بچوك دەهاتە بەرچاومان. لە باڵندەی (کلاوکوڕە)ی دەکرد لە بچوکیدا. هەستم دەکرد دڵۆپێك ئاوی رژاوەو ئێستا رۆدەچێتە ناو زیخو لمی بەردەم تونێلەکەوە، لە پشتییەوە تاریکی دەبیندراو لە بەردەمیشیدا رووناکی. لە تابلۆی ژنێکی سەرگەردانی دەکرد. مەولانا بێدەنگ تەماشای چیا زەبەلاحەکەی دەکردو چاوی بە دارو بەردو ئەو تەڕاییانەدا دەگێڕا کە چیاکەیان دادەپۆشی.
دەنگێك کە لە دەنگی پیاوێکی برسیی دەکرد بەرگوێی ئێمە دەکەوت. تادەهات ئەو دەنگە لە دەرگای تونێلەکە نزیك دەبووەوە. جارێك بە هەموو توانای خۆی بانگی لە چەند ناوێك دەکرد کە ئێمە نەماندەناسین. کە دەرکەوت ئەوە یەکەمجاربوو مێردەکەی فاتمەی خۆر ئاوا بەرگ دڕاو و قژهاتوو و لاوازببینم، ئەو ئێستا لەو کەسەی دەکرد لە پەڕۆکۆنو چڵك و پیسی دروستکرابێت. لە مرۆڤێکی سووتاوی دەکرد. دارێکی ئەستوری بەدەستەوە بوو کە زوو زوو بەملاولادا بای دەدا. بینیم کە فاتمەی

خۆر لێی نزیك دەبووەوەو ترس جارێکی تر گەڕایەوە ناو رۆحم، ئیتر جەنگی نێوان فاتمەی خۆرو مێردەکەی لەوێدا گەیشتە ترسناکترین کاتی خۆی. فاتمەی خۆر بانگی دەکردو بەدەم گریانەوە پێی دەوت:(رۆحی تۆ لە ناو مندایە نەزانن، بۆچی ئەوە ساڵانێکە ئاوا عەشق‌و ژیانت لێ تێکدام؟ بۆچی بە قسەی نەزانێك هەموو ژیانی خۆتت بەوێرانبوون سپارد؟ بۆچی نەتهێڵا وەکو ژنێك لەم دونیایەدا بژیم؟ چەند گەمژەو سەرلێشێواو بوویت کە شوێن رۆحی ونبووی خۆت کەوتیت، نەتدەزانی ئەو پیاوانەی کە ژن دێنن ئیتر رۆحیان دەچێتە ناو جەستەی ژنەکانیانەوە، چیت دەکرد ئەو رۆژانەی کە لە من‌ونبوویت)؟
دەمبینی فاتمەی خۆر سەیر پەلاماری ئەو پیاوە سەرگەردانەی دابوو، دەیوویست بە هەموو هێزی خۆیەوە دایبنیشێنێتە سەر زەوییەکە. بینیم هەردووکیان وەکو دوو پشیلەی کێوی بەرببوونە گیانی یەکتری، ئەوە شەڕی نێوان دوو رۆحی یاخی بوو، کە من دەمبینین. مێردەکەی وەکو پشیلە بەچنگ هەموو پێستی دەموچاوی فاتمەی دەهێنایە خوارەوە، خێرا خێرا دەیکێشا بە دەموچاویدا، دوو رۆحی ماندوو دەیانوویست یەکتری لەناوبەرن. خوێن لە جەستەی هەردووکیانەوە وەکو دڵۆپە باران دەڕژایە بەردەمی تونێلە تەواو نەکراوەکە. لە ترساندا خۆم دابووە پەنا درەختێکی قەد ئەستوور، بۆ

ماوەیەکی زۆر بینیم ئەو دوانە بێ پشوودان لەیەکتریان دەدا، بەبەرد، بە دار، بە چنگ، بە دەم هاتوهاوارەوە لەیەکتریان دەدا. فاتمە هەرچیی دەکرد نەیدەتوانی مێردەکەی بە خۆی بناسێنێتەوەو ئارامی بکاتەوە، مێردەکەی وەکو دڕندە پەلاماری دەدا، دەنگی ئەو دووانە دەگەیشتە لای هەموو کەسێك. نەمبینی مەولانا بچێت کچەکەی لەم جەنگە دووربخاتەوە، فاتمەی خۆرو مێردە شێتەکەی هەردووکیان بەرگیان بە بەری یەکترییەوە نەهێڵابوو. مەولانا کە لە من دوور کەوتبووەوە هیچی بۆ ژیانو دوا رۆژەکانی فاتمەی خۆرو مێردەکەی نەوت. بینیم فاتمەی خۆر لە دەرگای تونێلە تەواونەکراوەکەدا خوێن لە سەرو ملیەوە دەڕژێتە بەرپێو بەرگەی ئەو لێدانانەی نەدەگرت کە مێردەکەی خێرا خێرا لە سەرو ملی دەداو خستبوویە ناو خوێنو بەردەکانەوە. بینیم مێردەکەی بەرەو قووڵایی تونێلەکە بەڕوتیو گیانی خوێناوییەوە هەنگاوی دەنا. ئەوە ئەو وێنانە بوو کە من بینیم بۆ مەرگی فاتمەی خۆر، کاتێك لێی نزیکبوومەوە، فاتمەی خۆر لەناو خوێنو ئازارەکانی تەمەنیدا گیانی دەرچووبوو. ئەو دێڕانەم دەبیست بەر لەونبوونی مەولانا شەمسەددین کە بۆ مەرگی کچەکەی دوور لە من درکاندیو بە چیا زەبەلاحەکەدا سەردەکەوت. بەمنی وت: مەرگی تۆیش لە دوای ونبوونی منەوەیە. ئیتر لەناوەڕاستی چیاکەدا مەولاناوەکو تیشکی رووناکی لە

من ونبوو. نەمدەزانی تەرمی فاتمەی خۆر چی لێبکەمو بۆ کوێی بەرم. ئەی مێردەکەی لە قوولاّیی تونێلەکەدا چیی لێهات؟. سەدان باڵندەی گۆشتخۆر بە ئاسمانی چیاکەوە دەرکەوتنو دەنگیان دەهات.

## دوا دێڕەکانی
## کتێبەکەی رەسوڵی بچوك

ئەو رۆژەی فریشتەی مەرگ بۆ دووەم جار گەیشتەوە ناو ماڵەکەم، با بۆنی تووتنی شێداری دەهێناو خەریکبوو دایدەکردە باران، هەرچەندە وەرزی بارانبارینیش نەبوو.

ئەم دێڕانە بەدەستوخەتی (ڕەسوڵی بچوك) لە كۆتایی كتێبێكدا نووسرا، بەڵام هەموویان حەرفی خواروخێچو ناتەواوبوون. پڕبوون لەو حەرفانەی كە مانای هیچو پووچی بە دونیا دەبەخشن. كەس ناتوانێت لەو حەرفانە تێبگات كە من ناوم ناون حەرفە سیحراوییەكان. ئەو حەرفانە بە دە حەرفیان مانایەك نابەخشن، كەچی زۆركەس بە پڕماناترین دێڕەكانی ڕەسوڵی بچوكی دەزانن. دوا حەرفەكان كە خوێندنەوەیان لای من گرانترین شتەو دەبێ ببرێنە لای شارەزاترین كەسانێك كە لە زمانی ڕەسوڵی بچوكو حەرفەكانی ئەو دەزانن. دەبێ ئاوا بە دوا دێڕەكانی ناو كتێبەكەی ڕەسوڵی بچوك بگەین، كە خۆی نووسیوویەتییەوەو زۆركات خەڵكی دەڵێن چەند دێڕێكی كۆتایی ئەو كتێبە دەستوخەتی مەولانا شەمسەددینە كە بۆ مەرگی مامۆستا گەورەكەی خۆی نووسیوویەتی، ئەو دێڕانەش ئەمانەن:

ڕەسوڵی بچوك بەر لەوەی لە بەرەبەیانی ڕۆژی (جەژنی كتێب)دا لەناو كەلاوەیەكی كۆندا كە زەمەنێكی پڕ لە گریانو بەدبەختی بە دیوارو خشتەكانییەوە دیاربوو، خۆی بۆ مردن ئامادە دەكات، ئەوە لە باوكییەوە فێربوو كە بەر لە مردن دوا دێڕەكانی خۆی بنووسێتو بچێتە ناو كەلاوەیەكەوە بۆ پێشوازیی مردن. دەڵێن ئەوە ساڵانێكی زۆرە ڕەسوڵی بچوك لەو خانووە بەكەلاوەبووەدا دەژیو هەموو نووسراوەكانی خۆشی

هەر لەوێدا دەنووسی. دەڵێن ئەو دەیتوانی لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆی ناوی دەنان لە ناو نووسراوەکانیدا دەکەوتە گفتوگۆوو بە تەوابوونی هەر کتێبێکیش ئەو کەسانە دەبوونە میوانی بۆ چەند رۆژێك. هەر خۆیشی دەیتوانی رێگای سەفەرەی ئەو شارانە بگرێتە بەر کە لە کتێبەکاندا ناویان هاتبوو، یان وێنەیان کێشرابوو. بەو شارانەیشەوە کە کاولببوون‌و شوێنەواریشیان نەمابوو. یان ئەو شارانەی کەس نەیدەزانی چۆن چۆنی لەناوچوون‌و شوێنەواریان سڕدرابووەوە.
رەسوڵی بچوك ئەمڕۆ دەیزانی دوا رۆژی هاتنەوەی (ئیزاریل)ە بۆ بردنی رۆحی بۆ هەتا هەتایە، ئەوەشی دەزانی کە بە تەواوبوونی کتێبەکەی کە هەموو هەوڵێکی دا تا لە کاتی خۆیدا تەواوی بکات، بەڵکو بتوانێت بە تەواوبوونی ئەو کتێبە مردنی خۆی بخاتە دوای مردنی هەموو کەسێکی ترەوە لەسەر زەوی. دەیزانی ئەمڕۆ هەر دەبێ بمرێ، ئەو چوار کەسەی کە ویستی رۆحی خۆی پێیان رزگاربکات، تەنیا یەکێکیان گەیشتەوە لای، کە (مەولانا شەمسەددین)ی قوتابیی خۆی بوو ساڵانێك لەمەوبەر، ئەویش بەدەم گریانەوە لەلایەوە تا کاتی گیانکێشانی دانیشت بوو، لە پێناوی رزگاربوونی رۆحی مامۆستاکەیدا دەیان شارو گوند گەڕا تا مردن لە جەستەی دووربخاتەوە. هەموو نووسراو و کتێبەکان لەو کەلاوەیەدا رەنگی مردنیان گرتبوو. مەولانا تاقەتی

تەماشاكردنیشیانی نەبوو، تەنیا ئەو كتێبەی گرتبووە باوەش كە رەسوڵی بچوك بەدیاری پێی بەخشی بوو. ئێستا رەسوڵی بچوك پیر پیر ببوو، دەستی بە دوا حەرفەكانی مردنەوە گرتبوو، نەیدەتوانی ئەمڕۆ بەشداری لەو جەژنەدا بكات كە پێیان دەوت (جەژنی كتێب). با بۆنی تووتنی شێداری دەهێناو خەریك بوو دایدەكردە باران، كە هەرچەندە وەرزی بارانبارینیش نەبوو.

رەسوڵی بچوك ئاوا گوێی لە (ئیزرایل) فریشتەی مەرگ گرتبوو:

- من لە كاتی خۆمدا بۆ بردنی رۆحت هاتمەوە، بەڵام تۆ نەتتوانی ببیتە ئەو كەسەی كە دوا كەسبێ لەم سەرزەوییەدا بمرێ ئەی رەسوڵی بچوك، گەرچی تۆ نەتتوانی گرەوەكە لە من بەریتەوە، دواجار رۆحی خۆتو گرەوەكەیشت دۆڕاند. لە دونیادا زۆرشت فێربوویتو سەدان كەست فێری زانستو نووسینو گێڕانەوەی حیكایەتە سەیرو سەمەرەكان كرد، سەدان كەست فێری غەزەلوتنو حیكمەت كرد. تەنیا ئەوە فێر نەبوویت كە بۆچی بیرت لەوە نەكردۆتەوە جەستەیەك كە رۆحی تێدا نەبوو هەر كارێك بكات هەموو كارەكانی بەتاڵ دەبێتەوەو مایەپووچ دەبێ، بۆ ئەمە فێرنەبوویت بۆ؟ تۆیش دەبوایە یەكەم جار رۆحی خۆتت بە

من نەدایە تا بمبردایتایە ناو شارە ونبووەکانەوە، دەبوایە شتێکی ترت بدایە پێم لەبری ڕۆحت. تۆ نەتدەزانی کەس ناتوانێت بەبێ ڕۆح بنووسێت، کەس ناتوانێت بەبێ ڕۆح حەرفی جوان و باش بنووسێت، دەبینم زۆربەی زۆری ئەم کتێبەت پڕ لەحەرفی خوارو خێچو بێ مانایە. ئەوەندە بە پەلە دەتویست دوا دێڕی کتێبەکەت تەواوبکەیت تا نەمریتو بگەیت بەدوا خەونی خۆت. بۆ ڕزگاربوونی ڕۆحی خۆت کتێبێکی بەتاڵت نووسیو هەموو پاڵەوانەکانی ئەو کتێبەت لە ناو دێڕو حەرفەکاندا بە مردن سپارد. زۆر شتت لەترسی مردن بیرچۆتەوە. ئەوەت لە بیرچووە کە ئەو کەسانەی لەناو کتێبەکانی تۆدا کە بەمردنت دەسپاردن نەیاندەتوانی لەگەڵتدا بکەونە گفتوگۆو بێنەوە ناو ماڵەکەت. لەم کتێبەدا ئەوەندە بە شپرزەیی دەتنووسی ئەو ڕاستییەت ونکرد کە تەنیا کەسە زیندووەکانی ناو کتێبەکانت دەتوانن بێنەوە ناوماڵی تۆ نەك مردووەکان، تەنیا پیرە قوتابییەکی خۆت گەڕایەوە لات کە ئەویش دڵگرانە لە دۆڕاندنی گرەوەکەت. لەم کتێبەدا تەنیا یەکێکیان بە ماندووبوونەوە بەدەستی بەتاڵ لە سەفەری شارە شاراوەکانەوە گەڕایەوە لات. تۆ ئەوەت لەبیرکرد کە فاتمەی خۆرو عابیدی پیرو جەمالەدینت لە سەدەکانی ڕابووردووە

هەڵگرتو گەڕاندتنەوە ناو کتێبەکەتو لێرەیشدا جارێکی تر ئەوانت بەبێ بیرکردنەوە بە مەرگ سپاردەوە. ئەمە هەڵەکانی ئەو کەسانەن کە بەبێ رۆح دەنووسن، ئەو جەستانەی ئەمە پیشەیانبێتو بەبێ رۆح درێژە بەژیان بدەن، هیچ شتێکی جوان بەرهەم ناهێنن. سەر ئەم خاکەی ئێوە ئێستا پڕبووە لە جەستەی بێ رۆح، بۆیە بەردەوام خەڵکی لێرە گوناەو رقو تورەییو ناشیرینی بەم سەر زەویدا بڵاودەکەنەوە. ئێستا زۆرن ئەو کەسانەی کە لەم سەر زەویەدا رۆحی خۆیان ونکردووەو وەکو گیاندارێکی دڕەندە دەژین. رەسوڵی بچوك تۆیش نەتتوانی گرەوەکە لە من بەریتەوە. ئێستا فێربوویت کە کارکردن بەبێ رۆح مرۆڤ تووشی چەند هەڵە گەورە گەورە دەکات؟

- تێدەگەم ئیزرایلی مەزن کە من چ هەڵەیەکم کردووە، ئێستا تێدەگەم بۆ سەر زەوی پڕبووە لە گوناەووێرانکاری. لە کۆتایی دێڕەکانی ئەم کتێبەدا جار جار ئەو حەرفانەی دەمنووسین لێم ون دەبوونو بۆم نەدەدۆزرانەوە، بەمەیش وێنەیەکی ناتەواوم بە بەشەکانی کتێبەکەم دەبەخشی، بەمەدا تێگەیشتم کە من هەڵەیەکم کردووەو نەمدەزانی چییە، ئێستا دەزانم لەو رۆژەوەی کە رۆحی خۆمم بە تۆدا من بە مردووی دەمنووسی، گرنگ نییە گرەوەکەم

دۆڕاندووه، گرنگ ئەوەیە کە من بوومە یەکەم کەس کە بتوانم بۆ یەك دوو رۆژ مردن لە خۆم دووربخەمەوەو کتێبێك بە ناتەواوی بەجێی بهێڵمو تەواوی نەکەم، بەخەڵکی بڵێم، هەموو کارێك بەبێ رۆحێکی پاك، جەنگو ناخۆشی بڵاودەکاتەوە. دەبێ قوتابییە پیرەکەم ئەم دێڕانەم لە هەموو شارەکاندا بۆ بڵاوبکاتەوە. کەواتە شتێك لە نەمریم بە خۆم بەخشی. فەرموو رۆحی من بۆ تۆو جەستەیشم با قوتابییە پیرەکەم لەم کەلاوەیەدا لە گۆڕی بنێت، بە خۆڵەمێشی کتێبەکانم دامبپۆشن.

کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر:

1. دەستنووسی فەقێکان، ڕۆمان/ 2007
2. مردن بەپێی گێڕانەوەکانی سۆفییەك، ڕۆمان/2009
3. سفرەی کاغەز یان گەمەی پیاوێك، ڕۆمان/ چاپی دووەم2010
4. گوندە خۆڵەمێشییەکان ڕۆمان 2016
5. جاڵجاڵۆکەی رەش ڕۆمان 2017
6. گۆرانییەکانی ماسیفرۆشێك، چیرۆك/ چاپی یەکەم 2006 / چاپی دووەم 2007
7. ئێوارەی مەیموونەکان، چیرۆك/ 2007
8. ئەفسانەی کوێربوون، چیرۆك / 2011
9. مردن لە مەیخانەیەکی کۆندا ، چیرۆك 2019
10. هەمیشە دڵرەق و بێدەنگین، خوێندنەوەی کتێب / 2006
11. شکستی نووسین، نووسین و خوێندنەوەی کتێب/ 2008
12. گورگی زەنگۆلەدار، نووسین و لێکۆڵینەوە/ 2014